MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای
موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

سالم عەبود ئالوسی
ئەمینداری گشتیی لقی هەرێمی عەرەبی بۆ بەڵگەنامەکان

# زانستی لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکان

وەرگێڕانی: توانا ڕەشید کەریم

هەولێر - 2009

**ناوی کتێب: زانستی لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکان**

- نووسینی: سالم عەبود ئالوسی
- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: توانا ڕەشید کەریم
- بابەت: دپلۆماتیك
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- ژمارەی سپاردن: (508)
- تیراژ: (1000) دانە
- چاپی یەکەم 2009
- نرخ: (1500) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (46)

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**
**www.mukiryani.com**
**asokareem@ maktoob.com**
**Tel: 2260311**

# پێڕست


پێشەکی وەرگێڕ ..... 5
پێشەکی نووسەر ..... 9
یەکەم: پێشدەستی ..... 13
دووەم: لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکان ..... 15
1- رەخنەی دەرەکی بەڵگەنامە: ..... 15
2- رەخنەی ناوەکی بەڵگەنامە: ..... 16
1- زانستە یاریدەدەرەکان (Auxiliary Scieces) ..... 16
أ- زانستی کۆنە نووسین زانی (لێکۆڵینەوە لە نووسین و نووسراوە کۆنەکان) (Palaeography) ..... 16
ب- زانستی لێکۆڵینەوەی مۆر و نیشانەکان (Badge) و دامغە (Sigillography) ..... 18
ج- شوێنەوارناسی Archaeology ..... 19
د- دراوزانی Numismatics: ..... 19
هـ- زمانناسی: ..... 20
و- زانستەکانی تر: ..... 20
2- نموونە لەسەر شێوازەکانی ساختەکاری: ..... 20
أ- قەڵبەزەی دراو و ساختەکردنی پولەکان: ..... 20
ب- ساختەکردنی نەخشەکان: ..... 21
سێیەم: دیپلۆما Diploma ..... 23
أ- گوزارشتە زمانەوانی و زاراوەییەکانی: ..... 23
ب- لە ماناکانی دیپلۆما و وەرگیراوەکانی: ..... 24
ج- دیپلۆما لە بواری سیاسەتدا: ..... 27
د- دیپلۆما و لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکان: ..... 28
چوارەم: رێبازی گومان ..... 30
مێژووی دیپلۆماتیک ..... 33
پۆلێنکردنی بەڵگەنامەکان ..... 41
ئەرشیفی ئینگلیزی English Chancery: ..... 43





ئەرشیفی پاپایەتی Papal Chancery: ..... 44
★ چاخی یەکەم (0000 – 1049ز): ..... 45
★ چاخی دووەم (1049- 1216ز): ..... 48
★ چاخی سێیەم (1198-1417ز): ..... 51
★ چاخی چوارەم (1413- تا سەردەمی ئێستا): ..... 52
★ خەزێنەی میروفنجییەکان Merovengian Chancery: ..... 64
★ ئەرشیفی کارۆلنجییەکان Carolingian Chancery: ..... 65
★ ئەرشیفی بەڵگەنامەکانی ئەڵمانی German Chancery: ..... 68
★ ئەرشیفی پاشایەتی بەریتانی Royal English Chancery: ..... 68
پێنجەم: ئایا عەرەب و موسڵمانەکان زانستی دیپلۆماتیکیان ناسیووە؟ ..... 76
- نووسینەوەی قورئانی پیرۆز: ..... 77
- نووسینەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ): ..... 78
- وەزارەت: ..... 81
1- وەزارەتی دەسەڵات پێدان (ڕێپێدان): ..... 81
2- وەزارەتی جێبەجێکردن: ..... 81
- دیوانەکان: ..... 82
★ دیوانی نامەکان: ..... 82
★ دیوانی واژووکاری: ..... 82
★ دیوانی مۆرکاری (خاتەم): ..... 83
ژێدەرەکان ..... 87

# پێشەکی وەرگێڕ

ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوەی جیهان پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوەبینیوە و هەنگاوی مەزنی لە مەعریفە و هەموو بوار و زانستە جیاوازەکاندا بڕیوە، تێیدا بە هۆیەوە شۆڕشێکی لە بواری راگەیاندن و تەکنەلۆژیا هێناوەتە ئاراو و بەرپاکردووە، دنیای کردۆتە گوندێکی بچووك. کەچی مرۆڤ تا ئێستاش نەیتوانیوە و ناشتوانێت خۆی لە رابردوو و مێژووی خۆی قوتار بکات و بەردەوام بە دوای ناسنامەی خۆی و شوێنەوار و بەڵگە کۆنەکانە، چ نووسراو بێ وەك بەڵگەنامەکان و کتێب و دەستنووسە کۆنەکان...تاد، یان مادی وەك دراو و قەڵا...تاد، بۆ چەسپاندن و سەلماندنی شوناسی نەتەوەیی یان ئایینی خۆی...تاد. گەڕاوە لێرەوە ئەو شوێنەوارە بەجێماوانە (مادی و بەڵگەنامەیی)ە، کاریگەری لەسەر ئێستا و رابردوو و مێژوو و ژیاری گەلەکان دادەنێت، ئەمەش لەبەر هێزە یاسایی و ژیارییەکانی و شوێنی لە بوژاندنەوەی ژیاری گەلانی جیهاندا.

بەپێی ئەو بایەخ و گرنگیەی بەڵگەنامە و زانستی لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکان لە توێژینەوە ئەکادیمییەکانی ئەمڕۆدا هەیەتی، گرنگی دانی بە زانستی لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکان خولقاندووە. ئەوەتا لە سەدەی بیستەمدا چەندین ناوەند و مەڵبەندی ئەکادیمی دامەزراوە و گەلێك گۆڤار و رۆژنامە لەم بوارەدا دەرکراون و پەخشکراون. دوای دەرکەوتنی ئینتەرنێت و تۆڕی ئەلکترۆنی جیهانیش لە نێو ئینتەرنێتدا چەندین ماڵپەڕ بەدی دەکرێت، کە بایەخ بە بەڵگەنامەکان و میتۆدی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان دەدەن. جا بەم شێوەیە دەبینین ئەم بایەخدانە سنووری هەرێمی و نەتەوەیی بڕیووە و چووەتە بواری گرنگی پێدانی جیهانییەوە، ئەوەتا یونسکۆ UNISCO وەك رێکخراوێکی جیهانی بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1984 لە یەك لە کۆبوونەوەکانی پسپۆڕانی بواری ئەرشیفی بەڵگەنامەکاندا، کە بە سەرپەرشتی ئەو سازدرابوو، بانگەشەی دروست



کردنی (ئەنجوومەنی نێودەوڵەتی ئەرشیفی) کرد. ئەوەبوو لە ئاکامدا، ئەو ئەنجوومەنە دامەزراو و لە هەمان ساڵیشدا یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگی و بایەخی بەڵگەنامەکان، هاوکات سەبارەت بە زانستی لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکاندەروازەیەکی بایەخدارە.

ئەم کتێبە لە پاڵ ئەوەی زۆر لە مێژە نووسراوە، بەڵام پەنجەی خستۆتە سەر زۆر لایەنی گرنگ لە زانستی لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکان هەر لە میتۆدی رەخنەوە بگرە تا چۆنیەتی تۆمارکردن و رێکخستن و نووسین و ئەرشیفکردنی. هەروەها خستنەڕووی وێنەی لایەنێکی مێژوویی و ناساندنی بەڵگەنامە و ئەرشیفی پاپاکانی و ئینگلتەرا و فەرەنسا (کە لەم بوارەدا پێشەنگە). سەرباری ئەوە گرنگی بەڵگەنامەکان لە بواری زانستی مێژوودا پێشان دەدات دەخاتەڕوو. وێڕای بەکارهێنانی چەندین سەرچاوە و ژێدەر بە زمانی لاتینی و ئینگلیزی و عەرەبی و هاوردنی چەندین وێنە بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەم زانستە و بەهێزکردنی توێژینەوەکەی، بە تایبەتی ئێستا ئێمەی کورد لە هەموو کەس زێتر پێویستیمان بەم زانستە هەیە بۆ بنکۆڵکردن و سۆراخکردنی چەندان بەڵگەنامەی ون لە بارەی مێژووی گەلەکەمان لە نێو ئەرشیفەکانی جیهاندا تا زانیاری و تێروتەسەلی زیاتر و لایەنە نادیارەکانی مێژووی و بەشداریە شارستانییەکانی خۆمان لە ناوچەکە بدۆزینەوە و سۆراخ بکەین. ئەمەش بە گرنگیدان بەم بوارە و کارکردن لەسەر دروستکردن و دامەزراندنی ناوەند و پەیمانگا و دەزگای توێژینەوەی تایبەت بەم بوارە، خستنەنێو بەرنامەی ناوەندەکانی خوێندن و برەودان پێی لەڕێگای خول و دەرکردنی کتێب و گرتنەبەری چەندان ریگای دی.

جێی خۆیەتی لێرەدا شتێکی پێویست ئاماژە پێ بکەم ئەویش ئەوەیە، کە ئەم کتێبە ناوی (علم تحقيق الوثائق معروف بعلم الدبلوماتيك)ە، بەڵام چونکە وشەی دپلۆماتیك لە نێو ناوەندە زانستییەکان و ئەدەبیاتی نووسین و نووسەرانی ئێمە بە زانستی لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکان نەناسراوە و مانای دی دەبەخشێت و تاڕادەیەك بەو گوزارشت و مانایە بە ئێمە نامۆیە، بۆیە بە پێویستم زانی تەنها

دەستەواژەی (زانستی لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکان) بکەم بەناونیشانی کتێبەکە تا رۆشنترو روونتر بێ.

لە کۆتاییدا، هیواخوازم توانیبێتم بەم هەوڵە کەم و خاکییەم بەشدارییەك لە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بکەم، و ببێتە جێی بایەخ ولایەنێکی گرنگی ئەو بوارەشی پڕکردبێتەوە. هەروەها سەرەتایەك بێ بۆ ئەوەی پسپۆڕانی ئەم زانستە بەهەوڵی جوانتر و رێکوپێکتر و بەهێزتر کار لەم بوارە فەرامۆشکراوەدا بکەن، جا بە وەرگێڕان بێ، یان نووسین بۆ ئەوەی لەم بوارەدا لەگەڵ کاروانی پێشکەوتن و کەژاوەی وڵاتانی پێشکەوتوو تەی بکەین و هەنگاوی ئەوان هەڵبگرین.

**وەرگێڕی کوردی**

**توانا رەشید کەریم**

**هەولێر-** 2007

## پێشەکی نووسەر

زانستی لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکان (دپلۆماتیك) زانستێکی ناسراوە لە گشت ناوەندە زانستییەکانی وڵاتانی ئەوروپاداو، لە نێو زانکۆ و کۆلێژ و پەیمانگا تایبەتییەکان بەسەرپەرشتی زانا و پسپۆڕان دەخوێندرێت. سەدان دانراو(مؤلفات) و بڵاوکراوە و ژێدەر و لێکۆڵینەوە باسیان لەمەڕ بنەماکانی (اصول) ئەم زانستە کردووە وداناوە. هەروەها لە چەندین فەرهەنگ و ئینسایکلۆپیدیادا بەزمانی جۆراوجۆر پێشکەشکراوە و خراوەتە روو، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا دەتوانین بڵێین باس یان توێژینەوەیەك نییە کە پێناسەیەکی دپلۆماتیکی گرتبێتەخۆ و لێی توێژیبێتەوە، یان لێکۆڵینەوەکردنی ئەو بناغانەی کە لەسەری بەندە بە شێوەیەکی تێروتەسەل کردبێ، لەبەرئەمە و بۆ ئەوەی خوێنەری عەرەبیش بەرچاو رۆشن بێت لە بارەییەوە، بەم ئەرکە هەڵساین و، باسێکمان ئامادەکرد و بەشێوەی موحازەرە لە بارەگای یەکێتی دانەران و نووسەرانی عێراقی لەهاوینی 1974 لە چوارچێوەی وەرزێکی رۆشنبیری پێشکەشم کرد، کە یەکێتی ناوبراوساڵانە کردوویەتیە نەرێت سازی بدات، دواتر گۆڤارەکەیان (الکتب) لەیەك لە ژمارەکانی بڵاوی کردەوە[1].

ئیتر بەمەبەستی بەپیرەوەچوونی داوای زۆرێك لە خوێنەران و دۆستان، چاپکردنی توێژینەوەکەم لە شێوەی نامیلکەیەك گرتە ئەستۆی خۆم و کەلە هەمان ساڵدا بەناونیشانی (دپلۆماتیك یان زانستی لێکۆڵینەوە بەڵگەنامەکان و رەخنەگرتن لێی) دەرچوو، لە کاتی خۆشیدا بەسەر زانکۆکان و پەرتووکخانەکان و دامەزراوە رۆشنبیرییەکان دابەشمان کرد. لەوەدەمەشەوە هەستمان بە هاندان و پاڵپشتی کردن لەسەر ئەم بابەتەی کە دەتوانین بلێین نۆبەرەو بێ هاوتا بووەکرد، دووبارە چاومان پێدا خشاندەوە و چەند بەشێکی دی نوێمان خستەسەری تاوەکو پتر سوودمەندتربێ. بەرێنمویی و روایژکردن بە راوبۆچوونی زانایان و باسناسان هاوکات پشت بەستن بەکارامەیی و ئەزموونی خۆمان کە لە ماوەی پراکتیزەکردنی لە ناوەندی نیشتمانی (وەتەنی) بۆ بەڵگەنامەکان لەماوەی ساڵی

---

[1] گۆڤاری (الکتب)، ژمارە 10ی، ساڵی 1974، ص74-83.



رابردوو بەدەستمان هێنابوو، سەرباری لێکۆڵینەوەکردنمان لەسەر ژمارەیەکی چاك لە ژێدەر و سەرچاوەی عەرەبی و بیانی، ئیدی ئەم کۆششە خاکەڕاییە ئەم نامیلکەیەیی لێ هاتەبەرهەم و دروست بوو، کە چارەسەری بایەتێکی نوێ و نایاب دەکات. وا گومانیش دەبەم بە زمانی عەرەبی لەلایەن هیچ کەسەوە توێژینەوەی لەسەر نەکرابێت. ناشلێم من گەیشتووم دواین ئامانجی خواستراو، بەڵکو بە رێخوشکردنێك بۆ لێکۆڵینەوەیەکی بەپێزتر و بەتینتر، یان دەروازەیەك بۆ زانستێکی گشتگیرتر و بەرفراوانتری دەزانم.

من هەست ئەکەم ئەم لێکۆڵینەوەیە بەواژەو زاراوەی بیانی گران و قورس لەسەرووی هەمووشیانەوە لاتینی هاتووەتە بەرهەم. رەنگە ئەوەش ببێتە جێی سکاڵا و رەخنە، لەمەشدا پاساومان ئەوەیە کە بنەماکانی (زانستی دپلۆماتیك) و لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بەوەوە، بەزمانی لاتینی نووسراون و بەدەستمان گەیشتووە، هەر لەسەرەتاشەوە نەمانتوانی زۆرێك لەواژە و زاراوەکان بە شێوە ئەسڵیەکەی بهێڵینەوە بەهۆی ئەو گرانی و دژوارییەیی رووبەرووبمان بووە لە دۆزینەوە واژەی عەرەبی بەرامبەر ئەو زاراوانەی گوزارشت لەمانا و وشەکانی دەکات. لەپێشەوەی ئەو ئاستەنگانەش دۆزینەوەی وشەیەك لەبەرامبەر وشەی (دپلۆماتیك)، کە پاش تێڕامان و وردبینییەکی زۆر دەستەواژەی (زانستی لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکان)مان، هەڵبژارد. لەبەر ئەوەی وامان بینی گشتگیرییەك و وردییەکی تێدایە. هیواخوازین ئەم هەڵبژاردنەمان راستی پێکابێت.

لەم دواییانەدا، لە یەك لە گۆڤارە زانستییەکان، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەی بەنرخ و بەهادارم خوێندەوە، کە یەك لەئوستادە بەڕێزەکان نووسیویەتی، تێدا ئاماژەی بەزانستی (دپلۆماتیك)کردووە، سەرنجی خستۆتەسەر ئەو هەوڵ و کۆشش و لێکۆڵینەوانەی کە ژمارەیەك لە زانایانی رۆژئاوا پێی هەڵساون، ئەو زانایانەی بەرگری لە لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە دەکەن، کە ئەو زانایانە وادەبینن ئەم زانستە لەلای موسڵمانان و عەرەبەکان بەمەرجناسی(علم الشروط) ناسراوە[*].

---

[*] لە لاپەڕەکانی دواتر لەسەری دەدوێن.

دواجار ئاواتەخوازین ئەم توێژینەوەیە لە تەرخانکردنی کۆشش و هەوڵی پتر بۆ ناساندنی ئەم زانستە هاندەربێ. هەروەها فەرمانگە زانستی و رۆشنبیرییەکان لە سەرووی هەمووشیانەوە کۆڕە زمانەوانییەکان لە جیهانی عەرەبیدا بەرپرسیاریەتی بگرێتە ئەستۆی خۆی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بۆ پەیبردن و سۆراخکردنی زاراوەی بەڵگەنامەیی ئەنجام بدات، تابێتە رێبەرێکی باش بۆ بەڵگەنامەناسان و مێژوونووسان، بە مەبەستی خزمەتکردنی مێژوومان. لەبەرئەمە لە گۆڤاری بەڵگەنامەی عەرەبی هەر هەموویمان بڵاوکردووە تا ژمارەیەکی زێتر لە خوێنەران بیخوێننەوە و بەرچاویان بکەوێت.

لە دیماهیدا، دوای ئەوەی دەستمان لە چاپکردنی نامیلکەکە ئاوەڵابوو. جگە لە گەیاندنی سوپاس و پێزانینی جوان بۆ ئەو برایانەی هاوکاری بەنرخیان پێشکەشکردووین هیچمان لە دەست نایەت، کە شوێنەواری مەزنی لە ساناکردنی چاپکردنی ئەم توێژینەوە و دەرکردنی داناو، لەپێشەوەی هەموویان سەرۆکی باڵای پەیمانگای راهێنانی بەڵگەنامەناسانی عەرەب ئوستادی زۆر بەڕێز تەها یاسین حوسێن بریکاری وەزارەتی رۆشنبیریی و هونەر، هەر لێرەوە لەمنەوە هەستی رێز و نەوازش بۆ ئەو بەڕێزە پێشکەشە.

هەروەها هەوڵ و تەقەڵلای راستگۆیانە و ئەو یارمەتیەیی دکتۆر بەتروس حەداد لە کەنیسەی مار یوسف لە بەغداد پێشکەشی کردین لە وەرگێڕانی دەقەکان و بەعەرەبیکردنی ئەو واژوو و وشانەی لەم توێژینەوەیە هاتوون لە زمانی لاتینییەوە بۆ زمانی عەرەبی، بەراستی شایستە سوپاسکردن و باسکردن و پێزانین و فەخر و شانازییە.

هەروەها جێی خۆیەتی سوپاسی هەموو بەرپرسانی خانەی (الحریة) بۆ چاپ (چاپخانەی ژمارە- 2- واتە: چاپخانەی پێشووی حکوومەت) بکەین بە بەڕێوەر و کرێکارەوە لەسەر هاوکاریکردنی راستگۆیانە و گیانی لەخۆبردوویان لە بەرامبەرماندا.

## یەکەم: پێشدەستی

دپلۆماتیك لە زمانە ئەوروپییەکاندا بەو زانستە دەوترێت، کە لە لێکۆڵینەوەی رەخنەیی سەرچاوە ئەدەبی و فەرمییەکانی مێژوو دەتوێژێتەوە. بەتایبەتی ئەو سەرچاوانەی گومان هەڵدەگرن و راستییان مشتومڕ و گازەندە دەوروژێنێت وەك دەستوورو، پاکانەو، رێو رەسمەکان (المراسیم) یان پەیماننامەو، رێککەوتنامەو، بەڵگەنامە یاسایی، تۆمارە نووسراوە لولودارەکان Rolls، یاخود ئەو بەڵگەنامانەی دی کە لەدێر و کەنیسە و کۆشکی گوندەکاندا هەن. ئەو بڕونامە و قەواڵە و دەفتەر و تێنووسی کەسایەتیانەی کە بنەماڵە وخانەوادەکان وەك نەریتێك لەلای خۆیان هەڵیانگرتووە. بە وشەیەکی تر ئەو کردەوانەی کە هەموو ئەو جۆر و فەرمان و بڕیار و ئەحکامەکانەی کە نابێ هاوتا و بەرامبەری سەرچاوە نافەرمییەکان informals یا ئەدەبییەکانی وەك ساڵنامە بکرێت، دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

لەمبارەیەوە کاتیگۆرێکی بە نرخ هەیە، کە (پوزنەر)[1] بەڵگەنامەناسی بەناوبانگ وتویەتی، دەڵێ: ((بزاڤی گەڕان بە دوای بەڵگەنامەکان لە ئەوروپادا و بایەخدان پێی پەیوەندییەکی تۆکمەی بە گەشەی هەستی نەتەوایەتییەوە هەیە)).

جا لێرەوە بەمەبەستی ئاشنابوون بە شێوەیەکی سانا و ئاسان بە چەمکی(زانستی دپلۆماتیك) و نزیکردنەوەی لە تێگەیشتن بە باشی دەزانین پێشەکییەك یان سەرنجێکی مێژوویی پوخت و کورت لەمەڕ بەڵگەنامەکان بخەینەڕوو - سەبارەت بە زانستی مێژوو و مێژوونووسان- لێرەدا گووتەزایەك یان رێسایەکی جێگیر هەیە دەڵێت: ((مێژوو بەبێ بەڵگەنامە نابێت))، ئیدی گەر

---

[1] ئەرنست پوزنەر E.Posner: بگەڕێوە بۆ توێژینەوە بەنرخەکەی کە بڵاوکراوەتەوە لە گۆڤاری American Archivist, Vol.3,p159-172, 1940. بەناونیشانی
Some aspects of archival development, since the French revolution.



پێناسی زانست بەوە بکەین زانیاری و مەعریفەیەکی رێکخراوە یان کۆمەڵە راستیەکە، کە بتوانی لەڕێگەی گەڕان و پشکنین و رەخنە و لێتوێژینەوەوە پێی بگەیت، ئەوا مێژوو لەسەر ئەم بنچینەیە بەزانستێك لە زانستەکان لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام نەك لە پۆلی ئەو زانستانەی پشت بە تێبینی و تێڕوانین و سەرنجکاری دەبەستێت وەك گەردووناسی، یاخود لەسەر ئەزموونکاری وەکو زانستەکانی فیزیا و کیمیا، چونکە ئەزموون لە مێژوودا ئەستەم و مەحاڵە. مێژووش لەسەر ئەم بناغەیە زانستی سۆراخ و گەڕان و رەخنە و بینین و روانینە، هەروەك ئیبن خەلدون لەبارەیەوە دەڵێ: ((ئەو زانستە - مەبەستی مێژووە لێرەدا- لە زمیناسی (جیولۆجی) نزیکترە)).

گومانی تێدا نییە جیاوازی لە نێوان رووداوە سروشتییەکان و رووداوە مێژووییەکاندا هەیە، فاکتەری ئەم جیاوازییەش ئەوەیە کە رووداوە سروشتییەکان وەك بوومەلەرزە و لافاو و هەورە تریشقە و کارەسات و نەهامەتییەکانی دی لە کردار و نەخشی مرۆڤ نین وەك رووداوە مێژووییەکان، کە رەگەزی ئادەمیزاد بنچینە و سەرەکی دەبێ تێدا. رووداوە مێژووییەکان، رووداوێکی هەقیقین و هەقیقەت و راستیش یەکە و بەش بەش نابێت[1].

---

[1] طه باقر: مقدمة في تاريخ الحضارات (القسم الاول) بغداد، 1954، ص3-7 و لەمەودوا بە (المقدمة) ئاماژە بەم سەرچاوەیە دەکەین.

## دووەم: لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکان

بەڵگەنامەکان لەو بنەما (الاصول) مێژوویانە دادەنرێت، کە مێژوو پشتی پێی دەبەستێ. بەڵگەنامەکان مل بۆ میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی کەچ دەکەن، بەهەمان شێوە بەڵگەنامەکانیش بەهەمان ئەو قۆناغانەدا گوزەر دەکەن، وەکو:

1- کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان یان سەرچاوە رەسەنەکان.

2- رەخنەگرتن لێی (ئەرێیانە یان نەرێیانە).

3- قۆناغی نووسین و بەیەکەوەبەستان و خستنەڕووی راستییەکان.

مێژوونووس وا راهاتووە لە نووسینی مێژوودا جەخت لەسەر ئەم قۆناغانە بکاتەوە و پشتی پێ ببەستێ، لە لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکانیشدا دەست بەرداری نابێ و وازی لێ ناهێنێت. لەسەر ئەم بنچینەیەش لێکۆڵینەوە لە بەڵگەنامەکان پشت بە لقێك لە لقەکانی زانست دەبەستێت، کە بە زانستی گەیەنەر یان یاریدەدەرەکان Auxiliary Sciences دەناسرێت، ئەو زانستەش بریتیە لە کۆمەڵە ئامراز و رێگای زانستی تەکنیکی (Technique)ی، کە باسناسی مێژوویی لە تێگەیشتن لە سەرچاوەکانی و نرخاندنی بایەخ و بەهاکەی وەك رێخۆشکردنێك بۆ خستنە ژێر میتۆدەکانی رەخنە بەهەر دوو جۆرەکەیەوە پەنای بۆ دەبات:

1- **رەخنەی دەرەکی**.

2- **رەخنەی ناوەکی**.

1- **رەخنەی دەرەکی بەڵگەنامە:** باس لە لێکۆڵینەوەی ئەو مادە و کەرەستانەی، کە بەڵگەنامەکەی لەسەر نووسراوە وەك کاغەز، یان کاغەزی زەل (البردی)، یان کاغەزی سپی (الرق)، یان قوماش، یان چەرم و کەرەستەی تر دەکات. هەروەها لێکۆڵینەوەی نیشانەکانی سەلماندن و چەسپاندن، جا مۆر یان واژوو بێت بۆ دڵنیابوون لە راستی و دروستی بەڵگەنامەکە، بەو پێیەی بەڵگەنامەکە لەلایەن کەسێکەوە دەرکراوە کە بەڵگەنامەکەی دەدرێت



پاڵ دەکات. پاشان کۆڵینەوە لە شێوازی خەتی بەڵگەنامەکە بۆ زانینی ئەو سەردەمەی کە بۆیی دەگەڕێتەوە دەکات.

2- **رەخنەی ناوەکی بەڵگەنامە:** باس لە زمانی بەکارهاتوو و فۆرمی هاتوو لە بەڵگەنامە وەك دەستەواژەکانی پێشەکی (دیباجە)و، ئەو بابەتەی بەڵگەنامەکەش (دەقەکانی بەڵگەنامە) لێی دەدوێ و، دەستەواژەکانی کۆتایی پێهێنان و مێژوو و بەروارەکەی[1] دەکات.

### 1- **زانستە یاریدەدەرەکان** (Auxiliary Scieces)

بەم بۆنەیەوە پێویستە بەکورتی دیارترین زانستەکانی یاریدەدەر یاخود گەیەنەرە بخەینەڕوو، گرنگترینیشیان ئەمانەن:

أ- کۆنە نووسین زانی (Paleography)، ب- زمانزانی، ج- زانستی لێکۆڵینەوەی مۆر و نیشانەکان و دامغە (Sigillography)، د- دراوزانی (Numismatics)، و- شوێنەوارناسی (Archaeology)، هـ- چەند زانستێکی تریش، کە لەمیانەی توێژینەوەکەدا لێیان دەدوێن:

#### أ- زانستی کۆنە نووسین زانی (لێکۆڵینەوە لە نووسین و نووسراوە کۆنەکان) (Palaeography):

زانستێکی تایبەتە بەکۆڵینەوە لە نووسین و نووسراوە کۆنەکان. بایەخ و گرنگی خوێندنەوەی خەتیش لە زۆر و زەبەندی سەرچاوە مێژووییە بەکارهاتووەکان لە نووسینی بەڵگەنامەکان رەنگدەداتەوە. ئینجا بەهەر جۆرە پێنووس یا خەتێك (فۆنت)، کە دەیخاتەڕوو جا کۆن یاخود نوێ بێت

خەتی دەستی، رێگای بەکارهێنراوبوو لە نووسینی بەڵگەنامە و دەستنووسەکاندا، ئەوەش بەر لە داهێنانی پیتەکانی چاپەمەنی نوێ بوو.

[1] بگەڕێوەسەر گۆڤاری (الدارة) کە لە ریازی سعودی دەردەچێت، ژمارە 4، ساڵی 1975، ص152.

سەرەڕای بەربڵاوی چاپخانەکان بەهەموو جۆرەکانییەوە، کەچی خەتی دەستی بایەخ و ڕەسەنایەتی خۆی لە دەست نەدا. لەم بارەشدا دەبێت باسناسی مێژووی ئاگادارییەکی بەرفراوان و مەعریفەیەکی باشی بە خوێندنەوەی ئەو خەتانە و شێوازەکانی نووسینی هەبێت. بەم شێوەیە زانستی پالیۆگرافی گرنگی و بایەخی تایبەتی هەیە و زانیاری خەتەکان و شیتەڵکردن و زانینی هێماکانی ئەوەی پێی دەوترێت ئیپیگرافیا (Epigraphy)ی، ڕەتدا و چووە پێویستی چوارچێوەی دەردەستخستنی زانیاری لەمەڕ جۆری کەرەستە بەکارهاتووەکان لە نووسیندا وەك کاغەز یاخود کاغەزی سپی(ورقە الرق) و کاغەزی زەل (ورقە البردی) و کەرەستەی تری وەك دار و پێستە و قوماش و شووشە و کانزاو هی دیکە.

هەروەها زانستێکی دی هەیە ناسراوە بە ((زانستی خوێندنەوەی کاغەزی زەل Papyrology))، کە دانەرانی زانستەکان بیروڕای جیاوازیان سەبارەت بەم زانستە هەیە، هەندێکیان بە لقێك لە لقەکانی پالیۆگرافی دادەنێن بەتایبەتی، گەر لێرەدا تەنها لە دۆزینەوە و سۆراخکردن و پەیبردن بە واتای وشەکان کۆبووە، هەندێکی تر لە زانایان بەلقێك لە لقەکانی مێژووی دەژمێرن لە باری هەبوونی لێکدانەوە و راڤەکردندا. (بگەڕێوە بۆ گۆڤاری ((خلیج العربی)) زانکۆی بەسرە دەریدەکات، ژمارە 7، ساڵی 1977، ص37).

بەڕوانین لێی و بەگوێرەی ئەو بایەخ و گرنگیەی پالیۆگرافیا، دامەزراوە زانکۆییەکان بایەخیان بە وتنەوە و خوێندنی ئەم بابەت دا و کورسی خوێندنیان بۆ تەرخانکردوو و تێیدا بڕوانامەیان بەپسپۆڕییە جیاوازەکان دەبەخشی. لەوانە: جیاکاری خەتەکان (فۆنت) ئەوەش پسپۆڕیکە لە رووهەڵماڵین و ئاشکراکردنی شێوازەکانی ساختەکاری و لاسایکردنەوەی، جا لە دۆکێمەنت و بەڵگەنامەکان بێ، یان لە دراوی کاغەزی، یاخود سەند (صکوك) هەتاوەکو لە تابلۆ هونەرییەکانیش بێت بەکاردێت. زانستی جیاکاری خەت (فۆنت) لەسەر ئەم ڕێسایانەی خوارەوە بەندە:

1- تێبینی جۆری خەت لەڕووی سەرەتای پیتەکان و کۆتاییەکانیان و تایبەتمەندییە ناباوەکانی و هی دیکەش.



2- لێتۆژینەوە لە جۆری حیبر و کاغەز و پێنووسی بەکارهێنراو لە نووسیندا.

هەروەها پشکنینی واژووەکان و ئیمزا و پولە لکێنراوەکانی سەر بەڵگەنامەکە. زۆرێك لەو بەڵگەنامانەی ساختەکراوە و پەردەش لەسەر ساختەیەکەی هەڵماڵراوە لەبەرئەوەیە ئەو پولەی تێدا بەکارهاتووە پێچەوانەی دەرکەوتنێتی (سەردەمی دەرکردنی) واتە: ئەو ماوەیەیی بەڵگەنامەکەی تێدا نووسراوە. شێوازەکانی دۆزینەوەی ساختەکردن بە داهێنانی دەزگا و کەلوپەل و کەرەستەی هونەری جۆراوجۆر وجودا بەمەبەستی سەلماندنی دروستی و راستی دۆکێمەنت یان بەڵگەنامەکان، پەرەیسەند و گەشەی کرد. لەو شێوازانە: تیشکی سەرووی وەنەوشەیی. هەروەها گەلێك کەرەستەی کیمیایی دی هەیە هەڵدەستی بە روماڵکردنی حیبر لەسەر رووی کاغەزەکە لەگەڵ مانەوە لەسەر مۆر یاخود ئیمزاکە، کاغەزە رووماڵکراوەکە، کە بەم ڕێگایە چارەسەرکراوە بۆ شتێکی پێچەوانە و دژ بەکاردێت، کە ئەمەش ناتوانرێ بەڕێگای تیشکی سەرووی وەنەوشەیی بدۆزرێتەوە و پێی سۆراخ بکرێت (Violet Ray).

**ب- زانستی لێکۆڵینەوەی مۆر و نیشانەکان (Badge) و دامغە (Sigillography):**

هەروەها زانستی Sphragistics یشی پێ دەوترێت، زانستێکە بایەخ دەدات بەکنەکردنی مۆر و دامغە و تەمغە و چۆنیەتی چاپکردنی و واژوو و ئیمزاکان و زانینی کەرەستەکانی. هەروەها ئەو سیمبول و نیشانە و نەخش و نووسراو و وێنانەی (الرسوم)، کە لەسەری هەڵکۆڵراوە. ئەوەش زانیاری بەنرخی لەمەڕ ئەو سەردەمەی بەڵگەنامەکەی تێدا نووسراوە، یان ئەو ماوە مێژووییەیی بەڵگەنامەکەی بۆ دەگەڕێتەوە بە مێژوونووس دەبەخشێ.

### ج- شوێنەوارناسی Archaeology:

زانستی شوێنەوارە کۆنەکان یاخود شوێنەوارناسی کۆن (Archaeology) ناسراوە بەوەی زانستێکی پراگماتی[1] رووتەو، هیچ بوارێکی بۆ گێڕانەوە و راپۆرتکاری تێدا نییە، لەبەر ئەوەی لە ئەزمووندا پشت بەشیکار و بەڵگەکاری دەبەستێت بە پێچەوانەی مێژووەوە.

### د- دراوزانی Numismatics:

زانستێکی تایبەتە بەتوێژینەوەی پارە و دراوی کۆن. ئەو زانستەیە، کە ئەرکی دەستنیشانکردنی دراو و پارەی ئاڵوێرکراوە لەسەردەم و ماوە زەمەنییە جیاوازەکاندا، کە دەتوانرێ لەڕێگای بنکۆڵکردنییەوە زۆرێك راستی بەدەستخرێت وەك رەوشی سیاسی و ئابووری، زانینی نرخ و رێگاکانی مامەڵەکردن و، ناوی ئەو فەرمانڕەوا و سەڵتەنەت و میرەی دراوەکەیان لێداوە. هەروەها زانینی ئەو شارەی دراوەکەی تێدا لێدراوە. ئەوەش یاریدەی مێژوونووس دەدات لە لابردن و دۆزینەوەی زۆرێك لەو نارۆشنی و لێڵییە مێژووییەیی، کە لەباریدایە تەواوکەربێت بۆ کاری ئەو[2].

---

[1] لێرەدا پراگماتیزم Pragmatism یان فەلسەفەیەکی کردەیی هەیە، کە بانگەشەی ئەوە دەکات و دەڵێت: ڕاستی و هەقیقەتی ڕەها نییە. ئەو پراگماتیزمەش بە کۆمەڵە بیروباوەڕ و ڕەوتێکی جیاواز و هاوپەیمان (لەسەر ئەوە) لە هزری نوێدا دەوترێت. ئەم ڕەوتانە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئەمەریکادا سەریان هەڵدا و دروستبوون. یەکەم کەسیش وشەی پراگماتیزمی بەکارهێنا نووسەر (پیرس C.S.Pierce) بوو لە ساڵی (1878ز)دا. دیارترین کێشە و تەنگژەیەکیش پراگماتیزم چارەسەری بکات، کێشەی (ڕاستی و چەوتییە Error & Truth). لەڕاستیدا ئەم دوو وشەیەش تەنها لە پرسی بیروباوەڕ، کە لە دروستی و ڕاستیان دەپرسین بەوەلاوە نەبێ لە هیچی تردا بەکارنایەت. (بگەڕێوە بۆ: 1- مدخل الي الفلسفة الحديثة، بەپێنووسی دکتۆر جود C.E.M.joad، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: استاذ کریم متي، ص81-102. 2- گۆڤاری (اللسان العربي) دەردەچێت لەلایەن نووسینگەی هەماهەنگی بەعەرەبکردنی سەر بە کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی لە ربات، بەرگی3، ساڵی 1968.

[2] گۆڤاری (الثورة) البغدادیة- دوو ژمارە: ژمارە (1338) ی، ڕێکەوتی: 1972/2/31 و ژمارە (1343)ی، ڕێکەوتی: 1973/1/7.



### هـ- زماناسی:

ئەو زانستەیە، کە لە مێژوونووس و باسناس دەخوازێت زانیارییەکی تەواو و تێروتەسەلی هەبێت بەو دەق و تێکستە مێژووییانەی بەزمانە جۆراوجۆرەکان نووسراون. هەروەها زانینی ریزبەندی زنجیرەی رووداو و وەقائع و رۆژمێر کە بەکرنۆلۆژیا (Chronology) ناودەبرێ. بێگومان فراوانی ئاسۆی زانیاری و مەعریفەی مێژوونووس لەلایەنی زمانەوانییەوە، شوێنگەی پتر لەسەر نووسینەکان و تێروتەسەلی و وردی نووسینەکانی دادەنێ، و پرۆسەی واتاکردنیش لە بارەی ئەو شتەی کە نیازیەتی بینووسێ و تۆماری بکات لەلا ئاسان دەبێت.

### و- زانستەکانی تر:

وێڕای ئەو زانستە یاریدەدەرانەی باسمان کرد، هەندێکی تر چەند زانستێکی دی دەخەنە سەر ئەم زانستانە وەکو: جوگرافیا و ئابووری و دەروونناسی و کۆمەڵناسی و زانستی رامیاری....[1]

## 2- نموونە لەسەر شێوازەکانی ساختەکاری

### أ- قەڵبەزەی دراو و ساختەکردنی پولەکان:

ساختەکارە پیشەگەرەکان پەنادەبەنە قەڵپکردن پارەی کاغەز لە دەستە زۆرەکان. هەروەها ساختەکردنی پولە دەگمەنەکان و هی تریش. روون و نەشاردراوەیە، مەبەست و ئامانج لەم یارییپێکردن و ساختەکارییە بۆ لایەنی مادی رووت دەگەڕێتەوە. گەرچی لای هەندێ کەسی تر بەمەبەستی سیاسی بە ئامانجی پەشۆکاندنی لایەنێکی سیاسی پەیوەندیدار، یان دژە سیاسییەکانی، هەڵدەبەسترێ. فاکتەرێکی تر بۆ ساختەکردنی پول دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی نرخی

---

[1] گۆڤاری (الثورة) البغدادیة- دوو ژمارە: ژمارە (1338) ی، ڕێکەوتی: (1972/2/31) و ژمارە (1343)ی، ڕێکەوتی: (1973/1/7).

هەندێ کۆمەڵەی بەرزی ونبوو بە شێوەیەکی خەیاڵی بەجۆرێك ئەستەم و زەحمەتە بۆ بازرگان و ئارەزوومەندانی ئەم جۆرانە بەئاسانی دەست بخەن. لەلایەکی دی پسپۆڕان بەڕوانگەییەکی تیژەوە وەستان بۆ پەردە لەسەر لادان و هەڵماڵینی هەر جۆرە لاسایکردنەوە و ساختەکارییەك، بە شێوەیەك جیایی کردن لە نێوان ئەسڵ و لاساییکراوە هەنووکە بۆتە شتێکی ئاسان و سانا.

ساختەکردنی پولی پۆستە شێوەگەلێکی جیاواز و جودای وەرگرتووە لەوانە: دووبارە چاپکردنەوەی، یان لاساییکردنەوەی کوت و مت وەك شێوە ئەسڵەکەی بەبێ مۆڵەتی یاسایی. هەروەها هەڵگرتنەوەی پولەکان بێ ئەوەی لە بنەڕەتدا هەڵگیراوبێت. لە هەردوو باردا ((چاپ و هەڵگرتنەوە)) دەبێ ئەو کاغەزەی بەکارهاتووە، لە هەمان کاغەز بێت کە لە ئەسڵدا لەسەری چاپکراوە.

## ب- ساختەکردنی نەخشەکان:

جێی سەرسوڕمانە لەم بوارەدا هەندێ زانیاری لەمەڕ ساختەکردنی نەخشەیەکی کۆن باس بکەین، کە لە کۆتایی پەنجاکان دۆزرایەوە و لە ناوەڕاستی شەستەکاندا بلاوکرایەوە. نەخشەکە (ڕووبەرەکەی 11×16 ئینجە)و، بەحیبر وێنەکراوە لەسەر کاغەزێکی کۆن و، مێژووی دروستکردنیشی بۆ سەدەی پازدە دەگەڕێتەوە. لە ناوەندی نەخشەکەدا هەردوو دوورگەی ((کرینلاند)) و ((ئیسلەندا)) و لە ڕۆژهەلاتیشیدا دوورگەکانی بەریتانیا و کەنارەکانی ئەسکەندەنافیا دەردەکەوێت.

پسپۆڕان، لێکۆڵینەوەیان لە بارەیەوە ئەنجامدا و گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی ڤاکینگ Viking باپیرە گەورەی دانیشتوانی دانیمارك و سوید و نەرویجەو، دۆزەرەوەی هەقیقی ئەمەریکان. ئەوان بەر لە کۆڵمبس Columbus بە پێنج سەد ساڵ ئەمەریکایان دۆزیوەتەوە. ئەو نەخشەیە بەو شێوەیە دەرکەوت وەك ئەوەی ئەم هەڵسەنگاندنە کۆتا بەڵگەی بنبەست و یەکلاکەرەوە بێ، لەسەر ئەوەی ئەوان خاوەنی چاکە و باشەن لە دۆزینەوەی جیهانی نوێ (ئەمەریکا) دا. ناوی زەوی کروم (Vinland) یان بەسەر نەخشەکەدا دابڕی. ئەم نەخشەیەش لە



نێو گشت ناوەندە زانستییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوادا بووە جێگای بایەخ و گرنگی پێدان. ئەوەبوو زانکۆی ییل Yale Universityی- ئەمەریکی بەنزیکەی چارەکە ملیۆن دۆلارێك نەخشەکەی کڕی. هاوکات بەڵێنیشی دا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە ئەنجامبدات لە ڕێگای چەند پسپۆڕێکی ئینگلیزی و ئەمەریکی. ئیتر بە درێژایی 7تا8 ساڵ نەخشەکەیان پشکنی و خستیانە ژێر ئەزموون و تاقیکردنەوە تا بۆ زانکۆی نێوبراو و ئەوانی دیش روون بووە و دەرکەوت، کە نەخشەی نێوبراو، نەخشەیەکی ئەسڵ و راستە. دواتر لە ساڵی 1965 لە ڕۆژیادی دۆزینەوەی ئەمەریکا لەلایەن کۆڵمبسەوە بلاوکرایەوە.

پاشان بەهاتنی ساڵی 1974 لەکاتێکدا بە زانست و قاڵبوون بەڵگە بنەبەستەکەیان هەڵسەنگاند و گەیشتنە ئەو ئاکامەی نەخشەی زەوی کروم ساختەیە، ئەوا تاقیکردنەوە و ئەزموونە شیکارە زانستییەکانیش لەلایەکی ترەوە، کە لەلایەن تیپێك لە پسپۆڕان ئەنجامدرا سەلماندی ئەو حیبرەی نەخشەکەی پێ وێنەکراوە ڕەنگی زەردە و بەلای قاوەییەکی کاڵدا دەڕوات و مادەی دووەم ئۆکسیدی تیتانیۆم Titanium Dioxide تێدایە. ئەو مادەیەش زانایان بەر لە ساڵی 1920 نەیان توانیبوو دروستی بکەن.

کەوابێ ئەم نەخشەیە کۆن نییە و وێنەکردنیشی بۆ سەدەی پازدە ناگەڕێتەوە، بەڵکو لە بیستەکانی سەدەی بیستەم وێنەکراوە. بەم شێوەیە نەخشەی نێوبراو ئەسڵ نییە و ئەوەی کێشاویتی (ڤاکینگ)ەکان، نین و ساختەکارێکی لێزانە و زانیارییەکی باشی لە بارەی مێژووەوە هەیە[1].

---

(1) بگەڕێوە بۆ گۆڤاری (العربي) کوێتی، ژمارە 203، ساڵی 1975، ص111-112.

### سێیەم: دپلۆما Diploma

#### أ- گوزارشتە زمانەوانی و زاراوەییەکانی:

ڕوون و ئاشکرایە هەموو واژەیەك (لفظ) لە واژەکان دوو واتای زمانەوانی و زاراوەیی هەیە: واتا زمانەوانییەکان لە ڕووی ڕێکخستنی کاتەوە لە واتا زاراوەییەکان لە پێشترن و لەڕووی ماناشەوە بەرفراوانترن.

بەڵگەنامە لە زمانی عەرەبیدا واژەییەکی مانا سنووردارەو، وشەیەکی گشتییە. لە فەرهەنگ و ئینسایکلۆپیدیا عەرەبییەکاندا شتێك نابینین تینوشکێن بێ، نەك لە نێو ئەو فەرهەنگە کۆنانەدا، بەڵکو فەرهەنگە تازەکانیش هیچیان لە بارەوە نەوتووە، کە شایەنی ڕاڤەکردن و لێکدانەوە پێناس کردن و جێی شایستە و مەبەست بێت. ڕەنگە زمانزانە کۆنەکان لەوەدا بوورابن، چونکە زانستی بەڵگەنامەکان لای ئەوان ناسراو نەبووەو، لەوکاتەشدا پێی ئاشنا نەبوون لەبەر ئەوەی ئەم زانستە زانستێکی تازە پەیدابووە.

جا لەکاتێکدا بەڵگەنامە وشەیەکی گشتیبێ، ئەوا بە دۆکێمەنتێك یاسایی یاخود نایاسایی بێ دەوترێت. لە ئاقار ئەم گشتی بوونەدا هێندێ لە توێژەرانی هاوچەرخ، وا بەباش دەزانن گوزارشتی وردتر و گشتگیرتر بەکاربهێنن. ئەویش: (بەڵگەنامەی دپلۆماتیی)ە، بۆ خستنەتەك زانستی دپلۆماتێك Diplomatique بەزمانی فەرەنسی، یان دپلۆماتیك Diplomatic بەزمانی ئینگلیزی. لەوەوە لە زمانەکانی تری ئەورووپییەوە نزیك دەبێتەوە، جگە لە زانایانی ئەڵمانی کە بەچاکی دەزانن لە باتی ئەوە، وشەی ((ئەرکەندنلیر Urkendenlehre)) بەکاربەرن. لێرەوە گەر بە دوای ڕیشە و ڕەسەنایەتی ئەو وشەیەی ئەم واژانەی لێوەرگیراوە بچین، ئەوا لە زمانی لاتینیدا بە شێوەی ((دپلۆماتیکوس Diplomaticus)) دەبینین.

مەبەست و موراد لە بەکارهێنانی واژەی ((دپلۆما Diploma)) وەك زاراوەییەکی گشتی، دیاریکردن و دەستنیشانکردنی زەمەن و کاتی هەر بەڵگەنامەییەکی مێژووییە بەهەڵگۆزین لە بەڵگەنامەکان لە ڕێگای هاوتاکردن و بەراوردکردنی لەگەڵ



بەڵگەنامەکانی دی. بۆ ئەوەی بنکۆڵی هەر بەڵگەنامەیەك بکەین، دەبێ ڕێگا و ئامرازی جۆراوجۆر چاو بکەین بۆ گەیشتن بە ڕاستیی و ئەنجامە پۆزەتیڤەکان. لەو ڕێگا باو بەربڵاوەی مێژوونووسانی بەڵگەنامەکان بەرەوی پێدەدەن، ڕێگای دیاریکردن و دەستنیشانکردنی ئاستی نزیك و دوورە لە زەمەنی بەڵگەنامەکەوە. ئەوەش بە کۆڵینەوە لەو ڕووداو کارەسات و کەسایەتی و شوێنانەی لە بەڵگەنامەکەدا ناویان هاتووە. پاشان دیاریکردن و دانانی ئاستی دوور، واتە: ئەو ماوەیەیی پێش کاتی نووسینی بەڵگەنامەکە کەوتووە، کە ناشێت و ناکرێت بەر لەوە نووسرابێت، لێرەدا ئەوە بەزاراوەی (Terminus post Quem) دەستەواژە دەکرێ. لەسەر ئەم بنەڕەتەش ئاستی دووەم، واتە ئەو زەمەنەیە، کە نابێ بەڵگەنامەکە دوای ئەو کاتە نووسرابێت، ئەمەش بەزاراوەی (Terminus Ante Quem) گوزارشت دەکرێ. ئیدی لە نێوان ئەم دوو ئاستەدا مێژوویەکی نزیکبووەوەی بەڵگەنامەکەمان دەست دەکەوێت[1].

#### ب- لە ماناکانی دپلۆما و وەرگیراوەکانی:

لەم بۆنەیەدا پێویستە لەسەرمان بگەڕێینەوە بۆ واژەی ((دپلۆماتی)) و ((دپلۆماتیك)) تا ببینین ئەم واژانە لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە و هاتوون و، چۆنیش ماناکانی پەرەیسەندووە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟

گەر بۆ ئەو سەرچاوە و کتێبانەی لەم بابەت دەتوێژنەوە بگەڕێینەوە. لە پێشەنگیان ئینسایکلۆپیدیاکان و فەرهەنگە بیانییەکان، ئەوا بۆمان دیاردەکەوێت دپلۆما مانای زۆرە و مانا داتاشراوەکانی زۆرن، کە لەئاوا لێکۆڵینەوەیەکدا بوار نییە باسی هەمووی بکەین، بەڵکو وا رادەبینین بەکورتی بدوێین لەوەی پێوەندی هەیە و پەیوەستە بەبابەتی توێژینەوەکەمان کە جێی بایەخ و گرنگی پسپۆڕان و باسناسانە لەم مەیدانەدا.

واژەی ((دپلۆما)) لە وشەی گریکی ڕەسەن ((دپلۆ Diplo))ەوە، وەرگیراوە. بە فۆرمی جۆراوجۆر هاتووە وەکو: diploe و diploo یان diploos و

[1] المقدمة، ق1، ص7.

diploun، مانا زمانەوانییەکەی واتە دەپێچێتەوە، یان دوو ئەوەندە double دەبێ، یاخود پەڕەیەکی پێچراو (لولدراو)((صفحة مطوية)). لەوەوە ئەو زانستەی لێی دەتوێژێتەوە بە ((زانستی کاغەزە پێچراوەکان (لولدراو) علم الاوراق المطوية)) ناسراوە. گەرچی لێکۆڵینەوەی سەرلەبەری تێنووس و دۆسییەکانیش دەگرێتەخۆ، کە دامودەزگا و فەرمانگەکان جیاوازەکان لەلای خۆیان هەڵیدەگرن و دەیپارێزن. بەم ناوەش ناسراوە لەبەر ئەوەی لە زەمەنەکانی رابردوودا لەسەر پەڕەیەکی زەلی (قراطيس البردي)، یان پارچەیەك لە کاغەزی سپی (الرق) یاخود کاغەز پاش ئەوەی پیشەسازییەکەی لە جیهاندا بڵاوبووە، دەنووسرا. ئینجا پەڕەکە دەپێچرێتەوە بەجۆرێك لولکراو بێت و، هەندێ کاتیش بە شریتێکی پێستی یان قوماش دەبەسترێت و قایم دەکرێت. ئەم شریتەش بۆ پارێزگاریکردن لە لاقرتێکردن و شێواندنی، بەڵگەنامەکە مۆر دەکرێت [1]. هەروەها لە ماناکانی، نامەیەك دووجار دەپێچرێتەوە. رۆمانەکان لە سەرەتادا وەکو بەڵگەییەکی رێپێدان یان مۆڵەتی سەفەرکردن بۆ یاوەریکردنی پۆستی گشتی بەکاریان دەهێنا.

لە ((دپلۆما)) وە، وشەی ((دپلۆگراف diplograph)) هاتووە و مەبەستیش لێی ئەو رێگایەیە، کە نووسراوێك بە وێنەیەکی چەند جارە و لە هەمانکاتدا پێی دەنووسرێتەوە.

((دپلۆما)) بە فۆرم و شێوە و شێوازی جۆراوجۆر کۆ (جمع) دەکرێتەوە. وەکو: diplomas، diplomata کە کۆنترین بەکارهێنانی لە زمانی لاتینی و یەکەم جاریش لە ساڵی 1645 بوو، هەروەها لە زمانی یۆنانی ((گریکی)) شدا.

لە ماناکانی تری ((دپلۆما)) بەڵگەنامەییەکی مۆرکراو لەلایەن دەسەڵاتدارێکی بەهێز Cometent authority کە دەسەڵات و سەرپشك بەدەرچووانی فێرگەکان دەدا. هەرچی لە زانکۆ و پەیمانگاکان و کۆلێژەکانیشە ((دپلۆما)) مانای ئەو بڕوانامەیە دەگەیەنێت کە دەدرێت بە قوتابیانی دەرچوو لە زانکۆ یان کۆلێژ یاخود پەیمانگا وەك بڕوانامەیەك کە تەواوکردنی خوێندنی ئەو

[1] گۆڤاری ((الدارة)) ژمارە 4ی ساڵی 1975، ص151.



لەو دامەزراوەیە و دەسختننی ماف و جیاوك کە تێدا رایدەهێنێت و ئامادەی دەکات بۆ ئەوەی بەکارێکی دیاریکراو هەستێت، دەسەلمێنێ. وەکو مافی کارکردنی پیشەی پزیشکی، یان پارێزەری یان وانەوتنەوە.

بەڵام لەسەردەمی رێنیسانسدا مرۆڤگەراییەکان Humanists [1] بۆ رێزنان لەو کار و کردەوەو، ئەو دەستکەوتانەی لەمەیدانی خزمەتگوزاری گشتی دا، یان بۆ ئەوانەی بەکارێکی ئەدەبی، یاخود هونەری دیار هەڵدەستان، بەکاریان دەهێنا.

هەروەها ئەو جیاوکانەی (امتیازات) پاشا و کەسایەتییە دیار و بەناوبانگەکان دەیبەخشن یان کۆمەڵەیەك لە کۆمەڵەکان هەڵدەستێت بە بەخشینی (دپلۆما) بەیەکێك لە ئەندامەکانی بەهۆی هەڵسانی بەکارێك کە جێی شایستە و رێزگرتنە یان بەبۆنەی هەڵبژاردنی وەك ئەندام.

بە تێپەڕبوونی کات مانای دپلۆما بۆ پڕەنسیپی پاراستنی بەڵگەنامەکانی سەدەی ناوەڕاست و بایەخدان پێی بە شێوەیەکی گشتی یان بنکۆڵکردنی ئەم جۆرە لە بەڵگەنامەکان پەرەی سەند. ئەم کارەش لەو رۆژەی زمانی لاتینی بوو بە زمانی باو و بەربڵاوی نێو ناوەندە زانستییەکان، هاتەدی. ئیدی بەو لێکۆڵینەوانە دەوترا ((ریز دپلۆماتیکا Ressdiplomatica))، پاشان بۆ ((دپلۆماتیکا)) کورتکرایەوە واتە: کاروباری دپلۆماتیك. ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە کتێب و دانراوەکان (مؤلفات) بە زمانە نیشتیمانییەکان (خۆماڵی) دەنووسران.

لە ماناکانی تری ((دپلۆما)) ئەوەیە کە بە نامەییەکی پێچراو یان نامەی سپاردن Letter of Recommendation، یاخود کاغەزی فەرمی State Paper کە لەلایەن لایەنێکی حکوومییەوە دەردەچێت، یان بەڵگەنامەیەکی فەرمییە

[1] مرۆڤگەراییەکان Humanists: یان بزاڤی گیانی مرۆڤایەتی: هەندێ لە وەرگێڕەکان ناوی ((ئەدەبدۆستان)) بەباشتر دەزانن لە بەرئەوەی پتر هاوچەمکی رۆژئاواییەکەیەتی. مەبەست لە بزاڤی مرۆڤگەرایی: بزاڤی وێژەیی و ئەدەبیی سەردەمی رێنیسانسە لە ئیتاڵیادا. بەپلەی سەرەکی پاڵنەرەکەی گونجاندنی نێوان زانست و ئادابە شوێنەوارییەکان و زانستی لاهوتی مەسیحی بوو. بڕوانە:
Palmer (R.R) & Coltoon (J), a History of the Modern World, 4th Edition, Newyork. 1971. pp55, 60-64, 334-335, 483,488.

یا پەیمان Charter یاخود سەنەدو دۆکیمەنتە مێژوویی Official document یان ئەدەبییەکان Historical or Literary Muniments یاخود بەڵگەنامەیەکی مێژوویی Historical document دێت.

لە مانایەکی دی ((دپلۆما)) واتە: ((بەڵگەنامە شەرەف))، کە بۆ ڕێزلێنان یا وەرگرتنی پۆستێکی شەرەفی دەبەخشرێت، یان ئەوەتا بۆ بەدەستهێنانی جیاوك Previlege یان مۆڵەت دان دەدرێت.

بەڵام گوزارەکانی (دلالة) واژەی ((دپلۆما)) وەك فرمانێك لە فرمانەکان، ئەوا کۆنترین فۆرمی فرمانی diplomate بۆ ساڵی 1660 دەگەڕێتەوە ، ئەوەش بەو مانایە دێت، کە کەسێك پلەیەك لە پلەکان بگرێتە دەست، یاخود بە جیاوك (امتیازات) یاخود نازناوێك لەکاتی بەدەستهێنانی)) دپلۆما)) خەڵاتبکرێ. فۆرمێکی تری فرمانەکە ((دپلۆما ((diplomatize))یە، کە مانای بەخشینی ((دپلۆما)) بەکەسێك لە کەسەکان دێت و، کۆنترین دەقیشی بۆ ساڵی 1670 دەگەڕێتەوە.

### ج- دپلۆما لە بواری سیاسەتدا:

گوزارەی دپلۆماتیك بەهۆی سروشتییەوە وەك کاغەزێکی فەرمی بەکاردەهێنرا، کە بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، یان ئەوەی پەیوەستە بەو پەیوەندییانە دەگەڕێتەوە. یەکەم بەکارهێنانی ئەم واژەیەش بە ماوەیەکی کەم بەر لە شۆڕشی فەڕەنسی 1787 بوو، هێندەی نەبرد بەکارهێنانی بڵاو و زۆر و زەبەند بوو. تا ئەوەی بەسەر باڵیۆز و نێوەندە سیاسیی (دپبلۆماسییەکان) و دامودەزگا دبلۆماسییەکان لە کۆمیسیۆنی بیانی باوەڕپێکراو لەلای دەوڵەتان دابڕا.

دوای بەرپابوونی شۆڕشی فەڕەنسی لە ساڵی 1796 ئەم واژەیە بۆ یەکەمجار وەك گوزارەیەك لە وشەی سیاسەت diplomtie و سیاسەتمەداران diplomat، واتە: ئەو کەسە سیاسییەی، کە ئەرکی سیاسی دەخاتە ئەستۆی خۆی و، یان کاری سیاسی ئەنجام دەدات، یان ئەوەی پەیوەندی بەسیاسەتی نێودەوڵەتییەوە هەیە، بەکارهات. ئەمەش هەمیشە لەو کەسانە دەبێ، کە دەوڵەتان مافی نوێنەرایەتی و دانوستاندنی بەنێوخۆییەوە پێ دەبەخشێت.



ئینجا ئینگلیزەکانیش هەمان هەنگاوی فەرەنسییەکانیان لەم بوارەدا هەڵگرت و واژەکەش کەوتە نێو رووپەڕی زۆرێك لە وشەکانی زمانی ئینگلیزییەوە. بەم شێوەیە دەبینین وشەی ((دپلۆماتیست diplomatist)) و هەروەها دەستەواژەی ((دەستەی دبلۆماسی diplomatic Body))ش بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1791 بەکارهات. کۆنترین دەقی لە ساڵی 1803 پەیدابووە.

بەڵام واژەی ((دپلۆمات diplomat)) بەسیاسەتمەدارێك، یان ئەو کەسەی لە سیاسەتدا کاردەکات دادەبڕا و، یەکەم بەکارهێنانیشی لە ساڵی 1813 بوو. لەو کاتەشەوە بەکارهێنانی ئەم واژەیە لە کاروباری سیاسی گشتیدا ((دبلۆماسیی)) بڵاوبووەوە. بۆیە دەبینین، کە وشەی ((دبلۆماسی diplomacy)) واتای هونەری بەڕێوبردنی دانوستان و گفتوگۆ لە نێوان نوێنەرانی دەوڵەتەکان بەهەر شێوەیەکی زمان شیرینی و لێزانی و زیرەکی و ژیرانە tactful دەگەیەنێ. بەڵام بەباوەڕپێکراوی سیاسی دەستەواژەی diplomatic agent، بۆ پاراستەی دبلۆماسی (حصانة الدبلوماسية) دەستەواژەی diplomatic immunity یان، پێدەوت.

### د- دپلۆما و لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکان:

پێشتر باسمان کرد، کە وشەی ((دپلۆماتیك diplomatic)) لە ((دپلۆماتیکوس diplomaticus))ی، لاتینییەوە وەرگیراوە و، لەلاتینیشەوە بە فۆرمی ((diplomatique)) لە زمانی فەڕەنسی ڕێڕەوی خۆی وەرگرت. ئەمەش بە واتای هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە بەڵگەنامەکان)) document))، یان یاسا و پەیماننامە ((charters)) و دەستنووسەکان ((Manuscripts))ەوە هەیە دێت. هەروەها لە ماناکانی شێوازی دەستگرتنە بەپیت بەپیتی دەقەکانەوە ((textual)) بەتایبەتی لەوەی پەیوەندی بەدەقەکانی (پەرتووکی پیرۆز)ەوە، هەیە. هەروەك بینیمان چۆن واتاکەی پەرەیسەند بۆ بنەمای پارێزگاریکردن و بایەخدان بەبەڵگەنامەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و سۆراخکردنیان. ئەم وشەیەش لە ناوی یەکەم کتێب، کە لەبارەی ئەم بابەتەوە دانراوە، ئەویش کتێبەکەی(مابیون)ە، بەناوی ((لە کاروباری دپلۆماتیکا De Re Diplomatica)) لە ساڵی 1681 وەرگیراوە.

بەڵام دپلۆماتیك وەك هونەر diplomatic art بەو زانستە ناسراوە، کە تایبەتە بە لێتوێژینەوەی بەڵگەنامە و رەخنەگرتن لێی. بەکارهێنانی بەم مانایە لە دوای شۆڕشی فەرەنسی (واتە: لە ساڵی 1794) زۆر باو و بەربڵاو بوو. هەروەك پێش کەمێك بینیمان چۆن واژەی دپلۆماتیك بەهۆی سروشتی دپلۆماتیك وەك کاغەزێکی فەرمی لە پەیوەندییە سیاسی و نێودەوڵەتییەکاندا بەکارهات. بەڵام ئەم مانایەی رەتداو، واتاگەلێکی تری لە ئامێزنا لەنموونەی هونەری خوێندنەوەی نووسراوە کۆنەکان و هەڵوەشاندنەوەی هێماکانی بۆ دڵنیابوون لە رەسەنایەتی ئەو نووسراوانە authenticity. هەروەها زانینی مێژووی بەڵگەنامەکە و واژوو و مۆرەکانی، کە پێی مۆرکراوە.

لە میانەی ئەم مانایەشدا واژەی diplomatial بە واتای خستنەڕووی ئەو هەڵە و چەوتیانە، کە لە فەرهەنگە زمانەوانییەکاندا باسکراوە، بەکاردێت.

لە وەرگێراوەکانی پەیوەست بە بەڵگەنامەوە وشەی ((دپلۆماتیست diplomatist، یان diplomation))هەیە. مەبەست لێیان کەسی پسپۆڕ و تایبەتمەند بە بەڵگەنامەکانە یان ئەوەی کار لەو بوارە دەکات. کە ئەمڕۆ بە ((بەڵگەنامەکار (الموثق) ناسراوە، بەڵام سەبارەت بەم هونەرە ((هونەری دپلۆماتیك))، یان ئەوەی پێوەندی بەوەوە هەیە پێی دەڵێن diplomatical واتە: بەڵگەنامەیی[1].

لە دیاهیدا ئەم زانستە دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆرو، بەردەوام و، لێبڕاوانە لەسەر بنچینەیەکی پتەو چەسپاو جێگربوو. ئیتر بەپێی ئەو بایەخ و گرنگییە کە لە نووسینەوەی مێژوودا هەیەتی لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدە (1826) خرایە نێو پرۆگرامی زانکۆ و کۆلێژ و پەیمانگاکان هەتاوەکو وەك زانستێك لە زانستەکان، کە خودان میتۆد و رێساو بنەمایە بخوێندرێت.

---

(1) لەمەڕ واژەی دپلۆما و وەرگێراوەکانییەوە بۆ ئەم سەرچاوانە بگەڕێوە:

1- The Shorter Oxford, English Dictionary, 1965.

2- New Webester`s Dictionary of English Language (college, Edition- Chicago- Newyork- 1975).

3- Webester`s Dictionary ($2^{nd}$ edition- cleavl & Newyork, 1957).



## چوارەم: ڕێبازی گومان

لەوانەیە پرسیارکەرێك بپرسێت: ئەو فاکتەر و بارودۆخە چییە، کە بووەتە هۆی دروستبوونی زانستی لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکان ((دپلۆماتیك)) و گەشەکردن و بایەخدان پێی؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش دەکرێت بڵێین گەشەکردنی زانستی دپلۆماتیك هاوکاتە لەگەڵ گەشەسەندنی زانستی مێژوو. ئەوەش لەبەرئەوەی ئەم دوو زانستە پەیوەندییەکی تۆکمە پێکەوەیان دەبەستێتەوە بەجۆرێك نووسینی مێژوو تیۆرتەسەل و پڕاوپڕ نابێت مەگەر تەنها لە رێگای بەڵگەنامەوە نەبێت.

زانستی مێژوو لە سەدەی حەڤدە هەنگاوی خێرای هەڵگرت و پێشکەوتنێکی یەکبینە و رێکخراوی بەخۆوەبینی. مێژووش وەك یاسا پشت بە دۆزینەوەی بەڵگە و بەکارهێنانی دەبەستێ و، لەسەر مێژوونووس و قازیش پێویستە وەڵامی یەك پرسیاری لێکچوو بدەنەوە، ئەوەیش ئەوەیە: ئایا لە راستیدا ئەم رووداوە، روویداوە؟

لە بیرمان نەچێ، کەسانێك هەن گومانیان لەبەهای ئەو شتانەی مێژوونووسەکان لە بارەی رووداوەکان نووسیویانەو، لەوەی لێی دواون و هەیە، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە مێژوونووسان بەجۆرێك نووسیویانە کاریگەرن بە گیانی ئەو سەردەمەی تێدا ژیاون و، رووداو و بیروباوەڕەکانی کاریگەری لەسەر بەجهێشتوون بۆ ئەوە پاڵی پێوەناون.

هەموو زانیاری و مەعریفەیەکی مێژوویی، گەر بمانەوێت لە خورافییەت و بیرکردنەوە و ئارەزووی کەسی قوتاری بکەین، لەدواجاردا پێویستە پشت بەکۆمەڵە بەڵگە و دۆکیمەنتی نووسراو ببەستێ. وێرای ئەو کار و رووداوانەی، کە رابردوو بەخۆوەی بینیوە، لەسەر ئەم کۆمەڵە ئامراز و کەرەستانە وێنای رابردووییەکی فراوانمان بۆ دەکرێت و بەبێ ئەوەش مرۆڤ سەبارەت بەڕابردوو و پێشینانی خۆی لە نەزانیندا دەژی و، هیچ شتێکیش لە بارەیانەوە نازانێت، تەنها هەندێ چیرۆك و دابونەرێتی تیرەگەلی و پەندی پێشینانی میللی نەبێ. لەسەدەی حەڤدەهەم لە ئەوروپادا رێبازی گومان بۆ مێژوو و سەبارەت بەمێژوو دەینووسی.

هەندێکیان لەم بارەیەوە وتیان مێژوو وێنەیەك لە وێنەی مەعریفەی دروست نییە، چونکە مادەکەی بیرکاریانە نییە[1].

ئەم هەڵوێستە گومانکردنە لە بچوککردنەوەی مانای سەلماندن یان دڵنیا بوون لەوەی لە هەقیقەتدا هیچ بەڵگە و گەواهیەك نییە لەمەڕ زۆربەی ئەوەی لە رابردوودا هاتووە، وروژێنرا. بەڵام زانایانی مێژوو خۆیان بۆ کۆکردنەوەی ئەو بەڵگانەی لەچنگیاندا بوو، ئامادەکرد. لەپشت ئەوەشەوە ئاواتەخوازی دۆزینەوەی مێژوویەکی نوێن، کە لە کێشە و رووداوگەلێك کورت بێتەوە، دروست بێ کەپشتی پێ ببەسترێ و باوەڕی پێ بکرێ. بەتایبەتی لەوکاتەدا ئەوروپاش پڕیبوو لەو جۆرە کاغەزە کۆن و کاغەزەسپیانە. هەروەها دێر و کۆشکی پاشاکان و تێنووسەکان و تۆماری پاشایەتییەکان لێوان لێو بووبوون بەدۆکیمەنت و بەڵگەنامەی نووسراو، لەگەڵ ئەوەی زۆرێك لەوانە مێژوو و سەرچاوەکانیان نادیاربوو، زۆربەشی بە دەست نووسرابووە، بەجۆرێك مرۆڤ لەتوانایدا نەبوو بە ئاسانی بیخوێنێتەوە. ئیتر ئەوەبوو تیپێك لە زانایان و کۆشیارانی (مجتهدین) بەپەرۆش خۆیان بۆ گەڕان بەنێو ئەم کۆمەڵە دۆکیمەنت و بەڵگەنامانە تەرخانکرد و پشکنیان بۆ ئەنجام دا، بەمەش شتگەلێکی زۆریان خستەسەر هەوڵ و کۆششی زانایانی پێش خۆیان بۆ وەدیهێنان ودەستخستنی زانست و مەعریفەییەکی هاوچەرخانەی رەخنەگرانە. ئەوەبوو زانای بەندیکیتی قەشە (دون جان مابیون Dom Jean Mabiliom)[2] توانی لە سالّی

[1] بالمر، تاريخ العالم الحديث، ج2، ص87، 88.

[2] دون Dom بە ((دوم)) دەنووسرێ و ((دون)) گۆدەکرێت. مابیون لە سان بییرمونPierremont ((Sant)) لە سالّی (1632) لەدایك بووە و لەدێری ((سان جەرمان دی بەریە)) لە سالّی (1707) مردووە. دواتر لە شاری ((ریمسReims)) لە ئەنجوومەنێك قبولّکرا. پاشان لە ماوەی سالاّنی (1653) تا (1663) لە چەند دێرێکدا جێگۆڕکێی کردووەو، پاشتر هەر لە سالّی (1668)، دون لوكLuc لە ((ئەشیری Achery)) لە ((سان جەرمان دی بەریە)) داوای لێکرد یارمەتی بدات لە دەرکردنی بلاّوکراوەی (ئەکتا سنکتۆرم Acta Sanctorum) کە بەشی یەکەمی لێی بلاّوکرایەوە، بەلاّم بەشەکانی دی سەرباری ناوبانگی خۆی گەلێك ناوبانگی تری خستەر سەر ناوبانگەکەی. ئەم شاکارە بە نموونەی گەنگەشە و مشتومڕی مێژوویی دادەنرێت. وێڕای خراپی تەندروستی، بەلاّم ڕێی لێ نەگرت لەدرێژەدان بەکارەکەی، بەڵکو بەوپەڕی کۆشش و لێبڕاوی و جدیەتەوە بەردەوام بوو لەسەر کارەکەی. کتێبە بەناوبانگەکەشی ((de re diplomatica)) بە بنەڕەتی دانانی زانستی لێکۆڵینەوە=



1681دا یەکەم کتێب لە بارەی ئەم بابەتەوە بەناوی ((De Re Diplomatica)) واتە: لە کاروباری دپلۆماتیکدا )) لە دێری ((سان جەرمان دی بەریە St. Cermain de pres )) دەربکات، کە بەبنەما یەکەمینەکان و گرنگترین ژێدەر لە دروستبوونی زانستی دپلۆماتیك دادەنرێت.

ئەم بابەتە پێشتر توێژینەوە و گەنگەشە کرابوو، لەلایەن زانا ((دانیال ڤان پاپینپرۆك Danial Van Papin proeck )) کە وەك نووسەرێك لە بلاّوکراوەی دپلۆماتی بەناوبانگی ناسراو بە(شاکاری قەدیسەکان- ئەکتا سنکتۆرم) کاری دەکرد، کە کۆمەڵەی (بولاند) نێوبانگ بە (بولاندیست)[1] دەریان دەکرد. ووتارێکی گرنگی بەناونیشانی (ڕێخۆشکردنێکی کۆن لەمەڕ جیاوازییە دروست و ساختەکان بلاّوکردەوە Propylaeum antiquarium circa veri ac falsi discrimen in vetustic membranis).

=ڕەخنەییەکان دادەنرێ. ئەو ڕەخنانەی کە لە ئاکامی کارەکانی ڕووبەڕووی بووەوە، سەرکەتوو نەبوو لە لەکەدارکردنی ناوبانگی و نەشیتوانی هێزی ئەو بنەمایەیی دایناوە ژاکاو و شلۆق بکات، بەپێچەوانەوە بووە جێی متمانە بەجۆرێك لەهەر یەك لە ئەڵمانیا و هۆڵەندا و ئینگلتەرا و ئیتاڵیادا وەك راوێژکارێك، ڕاوێژی پێدەکرا. ئینجا پاش ئەوە لەماوەی نێوان سالاّنی (1672) تا (1685) بە چەند گەشتێکی زانستی هەڵسا هەر لە فلاندەرەوە بۆ بوگرینا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا. وە لەکاتی گەڕانەوەشی لە ئیتاڵیا بەهەڵمەتێکی بەرگری دژی ((رانسی Rance de)) لەبارەی داواکردنی مافی کاهینەکان دەربارەی موچەیان لەخوێندن وفێرکردندا هەڵسا، ئەوەش لە کتێبەکەی کە لە بارەی لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە دێرەکان و یادەوەرییەکانییەتی، وەك وەلاّمێك بۆ ((دی لاترۆپ de la Troppa)) لە سالاّنی (1691-. 1692) بلاّوی کردەوە.

لە سالّی (1701) پاشا وەك ئەندامی ((Academie des in scripptioon)) دیاریکرد. پاشتر لەگەڵ ((دون جەرمان)) پێکەوە بەشداریانکرد لە دانانی چەندین بلاّوکراوەدا، هەندێکی لێ بلاّوکرایەوە، و ئەوی تریشی پاش مردنی ((دون فەنسان تولیە Dom Vincent Thuillien)) لە سالّی (1724) بلاّوکردنەوەی گرتە ئەستۆی خۆی. لە بارەی ئەوەوە بگەڕێرەوە بۆ فەرهەنگی لارۆس بە زمانی فەڕەنسی: Larrouss duxxe Siecle. paris, 1931).

[1] بولاندیست: کۆمەڵەیەکی یەسوعین، دەدرێتە پاڵ زانای یەسوعی بەئەسڵ بەلژیکی ((یوحەنا بولاند John bolland)) یان bollands، کە لە سالّی (1596) تا (1665)ژیاوە. دامەزرێنەری پرۆژەی بلاّوکراوەی دپلۆماتی (ئەکتا سنکتۆرم)ە. واتە: (شاکاری قەدیسەکان یاخود شاکارە پیرۆزەکان). ئەم شاکارە بریتییە لە کۆمەڵەکراوێکی زانستی گەورە، کە زانیاری و بەڵگەنامەی مێژوویی لە بارەی ژینnامەی قەدیسەکان لە خۆدەگرێ.

ئەم نووسینە، هەراوهوریا و زەنایەکی مەزنی لە نێو گشت ناوەندەکان بەئاستە جیاوازییەکانییەوە نایەوە.

زانستی دپلۆماتیك لە ئەوروپادا لەم ماوەیە بەمەبەستی نەهێشتنی گومان، جیاوازیکردن لە نێوان دروست و ساختە لە بەڵگەنامەکاندا دروستبوو. واتە: پێویستی یاسایی پاڵنەری دانانی ڕێساکانی ئەو زانستە بوو، بۆیە دەبوو بۆ بەڵگەنامە ئەسڵەکان بگەڕێنەوە تا بیخەنە ژێر میتۆدی ڕەخنەوە. پاشان دوای ئەوە ئەم زانستە چووە نێو مەیدانی زانستی مێژوو. بوو بەیەك لە زانستە یاریدەدەرەکانی.

## مێژووی دپلۆماتیك

پێشتر باسمان کرد، کە زانای بەندیکیتی[(1)] قەشە (جان مابیون Jan Mabillon- 1632- 1707 ز) لە ساڵی (1681ز) کتێبێکی بە ناوی ((لە کاروباری دپلۆماتیك De re diplomatic)) دا لەدێری ((سان جەرمان دی بەریە)) بڵاوکردەوە، بەر لەوەش باسێکی لە فەرهەنگی))شاکاری قەدیسەکان Acta Santorum)) بڵاوکردبووە، کە بەدواداچوونی لەسەر وتارێك کردبوو، کە لەساڵی (1675ز) بەپێنووسی زانای بولاندیستی[(2)]((دانیال ڤان پاپنبرۆك Daniel van papinbroeck))ی، سەرنووسەری (ئەکتا سنکتورم) بڵاوکرابووە هەر وەك پێشتر باسمان کرد، ئەم وتارە گوزارشتی لە باسێکی دوور و درێژ دەکرد، کەپاپنبرۆك دەستپێکی دەرکردنی بەرگی دووەمی کە بۆ مانگی نیسان تەرخانکرا بوو ئەم فەرهەنگەی بووە، کە تێایدا ڕەسەنایەتی و ڕاستێتی زۆرینەی بەڵگەنامە میروفینجییەکانی[(3)]پۆچەڵکردەوە. هەروەها بەڵگەنامەکانی تریش(Charters)، کە ئەرشیفی بەڵگەنامەکانی دێر و کەنیسەکان تەژی بوو لەو بەڵگەنامانە وەك

---

(1) بەندیکیتی: دەستەیەکن، دەخرێتەپاڵ قەدیس (بەندیکت 543-480) (Bendict).

(2) لە بارەی بولاندێستەوە Bollandists، بگەڕێوە بۆ پەراوێزی لاپەڕەکانی پێشووتر.

(3) میروفینجیەکان Merovengian: لە بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانن لە فەرەنسا (486-753ز)، لە بەناوبانگترین فەرمانداکانیان (شارل مارتل)ە، کە لە شەڕی تور بەسەر موسڵمانەکاندا سەرکەوت.



ئەو بەڵگەنامە پارێزراوانەی دێری(دنیس St.Denis)ی ڕەهبانە بەندیکتییەکان لە نزیك پاریس.

مابیون لەم باسەیدا هەوڵیدا ڕاکانی (پاپنبرۆك) پوچەڵ و بەتاڵبکاتەوە، جا لە بەرئەوەی پاپنبرۆك زانیاری و ئاگایی وردی لەمەڕ ئەرشیفی بەڵگەنامەکان نەبوو، بۆیە بەنیسبەت مابیونەوە زۆر ئاسان بوو بەپشت بەستن بەبەڵگەنامەکان ڕووبەڕووی پاپنبرۆك بێتەوە. ئەم بەرپەچدانەوەیە تەنها بیانووبڕ نەبوو، بەڵکو لەلایەن خودی پاپنبرۆکەوە دەنگۆی باشی هەبوو و قبوڵکراو و دانپێدانرا.

بەکۆی را، چاکەی چەسپاندنی ڕێسا زانستییەکانی دپلۆماتیك لەسەر بنەمایەکی ڕوون و چەسپاو بۆ کتێبەکەی مابیون(لەکاروباری دپلۆماتیك)دا دەگەڕێتەوە. لە ئاکامی ئەمەدا ململانێی و کێشمەکێش لە نێوان هەردوو تایفەی بەندیکیتی و یەسوعییەکان پەیدابوو. دەرەنجامی ئەم ململانێەش بە قازانج شکایەوە بەجۆرێك بەردی بناغەی بنیادنانی هەوڵ و کۆشش و کارەکان بوو، کە درا بۆ دامەزراندنی زانستی بەڵگەنامەکان و لێتوێژینەوە و ڕەخنەگرتن لێی، لە پێشەنگی ئەم زانستانەش، زانستی (دپلۆماتیك).

کاری پێشەنگ و پێشدەستی مابیون ڕێیخۆشکرد بۆ زۆرێك لەزانایانی ئەورووپی لە بەدەستهێنانی جۆرایەتی و سەرکەوتنی زۆرتر لەم بوارەدا. ئەوەش بەدەرکردنی چەندین لێکۆڵینەوە و بڵاوکراوە و دانراو (مؤلفات) لە ژمارەیەك لە وڵاتانی ئەورووپی دەردەکەوێت، کە لەو بوارەدا شوێنپێی (مابیون)یان هەڵگرت، هەروەك دەبینین:

### ئینگلتەرا:

لە ئینگلتەرادا تۆماس مادۆکس Thomas Madox لە ساڵی (1702ز) کتێبێکی بەناونیشانی (کۆمەڵێك ڕێسای (فۆرمی) ئەنگلیکانی Formolare Anglicanum, 1702) دانا. دوای ئەویش جۆرج هیکس George Hickes لە ساڵی (1705ز) دانراوە بەناوبانگەکەی بە ناوی (گەنجینەی زمانە کۆنەکانی ڕۆژهەڵات Linguarum vetrum septentrionalium Theasarus) نووسی.

### فەرەنسا:

بەڵام لە فەرەنسادا، کە بەلانکی یەکەمی پەیدابوونی زانستی دپلۆماتیك دادەنرێت. پارێزگاری لە پێشەنگی خۆی کرد وبۆ چاودێریکردن و برەودان و پەرەسەندنی کاریکرد. ئەوەی لێرەدا شایەنی ئاماژەکردنە ئەوەیە کتێبەکەی (مابیون) لە هەڵە بەدوور نەبوو، بەڵکو تیری رەخنەگرتن رووبەڕووی بوەوە. ئەوەش چونکە مابیون زانیارییەکی ورد و رێکی نەبوو بەو بەڵگەنامانەی کە بۆ چاخەکانی پێشتر لە سەدەی سێزدەی زاینی دەگەڕایەوە. لەبەرئەمە دانراوەکانی (مؤلفات)، کە پاش مابیون نوسران و هاتنە بلاوکردنەوە وردتر و گشتگیرتر و راست هێنتربوون.

لە ساڵی (1678ز)، قەشەی فەرەنسی(ریشارد سیمون) دانراوێکی داهێنانەی لەچاپداو، تێدا رەخنەی لە تەورات گرتبوو[1]. سیمون شێوازی رەخنەی دەقەکانی تێدا جێبەجێی کرد، کە ئەوانی تر لەسەر دۆکیێمێنت و دەقە ئایینییەکان جێبەجێ یان دەکرد.

لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە (العهد القديم) هەر وەك لەمڕۆدا بلاو و ناسراو و باوە، پشت بەو دەستنووسانە دەبەستێت، کە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێنەوە. جێی باسە بۆچوون و راکانی سیمون لەلایەن کەنیسە و پاشا لویسی چواردەهەم جێگای بەرهەڵستی بوو.

دیارترین کار لەم بوارەدا دەرکردنی ئینسایکلۆپیدیای دپلۆماتی بەناوبانگ و گرنگ: (توێژینەوەیەکی نوێ لە دپلۆماتێك Nouveau Traite de Diplomatique) بوو، کە لە شەش بەرگ پێکهاتبوو، دەرچوونیشی ماوەی نێوان ساڵانی (1750- 1765ز) خەیاند. ئەم ئینسایکلۆپیدیایە لەکاتی خۆیدا بەگرنگترین تفاقی مەعریفی دادەنرا. شایەنی باسە دوو لەڕاهیبە بەندیکیتییەکان بەم کارە پڕپایەخ و شکۆمەندە هەڵسان، ئەوانیش، ئەمانەن:

---

[1] Richard Simon: Critical History of the Old Testament.



1- رینیە پرۆسپیر تاسان Rene Prosper Tassin. وناوەکەشی بە (دۆن تاسان Dom Tassin)[1] کورت دەکرێتەوە.

2- شارل فرانسوا تۆستان Charles Francois Toustain، ناوەکەشی بە(دۆن تۆستان Dom Toustain) کورت دەکرێتەوە.

ئینسایکلۆپیدیای (توێژینەوەیەکی نوێ لە دپلۆماتیك) بەشکۆدارترین ئینسایکلۆپیدیا دادەنرێ، کە چارەسەری شێوازەکانی پەیڕەوکراو لەڕەخنەی بەڵگەنامەکان دەکات. بابەتەکانیشی تەنها لەو بوارەدا بەندنەبوو، بەتایبەتی پاش ئەوەی لێکۆڵینەوەی تری پەیوەست بە نوسین و نووسراوە کۆنەکان پالیۆگرافیای (palaeography) لە خۆگرت. بە شێوەیەکی تایبەتی نووسراوە لاتینییە دێرینەکان و لقەکانی و شیکردنەوەی هێما و تەم ومژاوییەکانی. هەروەها لێکۆڵینەوەی مۆر و ئارم و لۆگۆکان ئەوەی بە سجیلۆگرافی

---

[1] دۆن تاسان (رینیە پرۆسپیر): بە (دوم) دەنووسرێت، و بە (دۆن) گۆ دەکرێت. ڕۆشنبیرێکی فەرەنسیە و لە دەستەی بەندیکیتیەکانە (Benedictine)، لە ناوچەی (لۆنلای لابی Lonely LAbbaye ) لە (ئۆرن Orne) لە ساڵی (1696) لە دایکبووە، و لە ساڵی (1777) لە پاریس مردووە. ڕینیە کاری لە کەنیسەی (جومیج Jumiege) کردووە. پاشان پەیوەندی بەزانا (دۆن توستان)ەوە کردووە و، لەگەڵ ئەم زانایەدا پەیوەندییەکی بەتین بەیەکییەوە بەستوونەتەوە. دواتر هەردووکیان پێکەوە هەستان بە بلاوکردنەوەی دانراوەکەی، دانەر (تیودۆر ستودیت Theodore Studite). پاشتر بواریان بۆ ڕەخسا بەسەفەرکردن بۆ ڕۆما، لەوێ ماوەیەك مانەوە، ئینجا گەڕانەوە و لە کەنیسەی (سنت ئوین Saint Ouen) لە ناوچەی (ڕۆن Roun) جێگربوون. لە ساڵی (1747) سەرپەرشتیاری گشتی (کۆمەڵگەی کەنیسی) هەردووکیانی بانگکرد و بلاوکردنەوەی ئینسایکلۆپیدیای (توێژینەوەیەکی نوێ لە دپلۆماتیك)ی پێسپاردن، ئەوە بوو بەو کارە بە شێوەیەکی باش هەڵسان، ئەمەش لە کاتی خۆی بەگەورەترین تفاقی مەعریفی دادەنرێت. کارەکەشیان ماوەی نێوان ساڵانی (1750-1765)ی خەیاند. لەمەشدا زانستی دپلۆماتیك قەرزاری هەوڵ و کۆششی ئەم دوو زانایەیە لەوەی بەدەستیان هێناوە و نوسیویانە لەتێبینی ولێدوان (تعليقات) لەسەر دەستنوسەکانی کتێبخانەی مەترانیەیی شاری ڕۆن. هەروەها تێبینی نوسین لەسەر کتێبی ڕاهیب (ریز Rais) کە لەساڵی (1747) لە لێکۆڵینەوە ووردبینکردنی بوونەوە. هەروەها پێکەوە لەساڵی (1770) کتێبی (مێژووی ئەدەبی) کۆمەڵگەی کەنیسی سنت مور Saint Maureیان، دانا. (بگەڕێوە بۆ ئینسایکلۆپیدیای لارۆس بە فەرەنسی Larrousse du xxe Siecle).

(sigillography) ناسراوە، کە ئێستا بەزانستێکی سەربەخۆ لە زانستە یاریدەدەرەکان لە لێکۆڵینەوەی زانستی دپلۆماتیك دادەنرێت. گەرچی ئەم کارە گەورەیان لە هەڵە رزگاری نەبوو، بەڵام ئەوە لە بەها و ئەرزش و گرنگی کارەکەیان کەمناکاتەوە بەهۆی ئەوەی ئەم ئینسایکلۆپیدیایە لەلایەك مەسەلەگەلێك و زانیاری پڕ بایەخی لەخۆگرتبوو، لەلایەکی دی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و بوارێکی بەپیتیش بوو، بۆ لێکۆڵەر و خوێنەرە دوایینەکان بەجۆرێك ئەوان باشترین و گەورەترین سود و بەرهەمیان لێچنیوەتەوە.

به بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی (1789ز) ئەرشیفی بەڵگەنامەکان ئەو بەڵگەنامانەی تێیدابوو، کە مێژووەکەی بۆ سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕایەوە بەها و گرنگی و بەهێزی خۆیان لەچەسپاندنی خاوەنداریتی (قەواڵەی خاوەنداریتی) لەدەستدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهای مێژوویی خۆیان لەدەست نەدا، بەڵکو وەك ئەدەبیاتێکی مێژوویی بەهادار و سوودمەند، و سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکان، کە توێژەر و لێکۆڵەر بە بەردەوامی پشتی پێ دەبەستێت پارێزگاری لێکراوهەڵگیرا. لەبەرئەم هۆیە دەبینین، کە (ئەکادیمیای فەرەنسی ئینسکرێپشن Academie des Inscription) گرنگی و بایەخ و چاودێریەکی پێویست و شایەنیان پێدا.

لە ساڵی (1821ز) کۆلێژی بەڵگەنامەکان Ecole des chartes لە پاریس دامەزرا، کە بوو بەناوەندێکی کارا لە خوێندنی زانستی دپلۆماتیك. ئەم کۆلێژە هەوڵ و کۆششێکی نایابی لەم مەیدانەدا، هێشتا ساڵی (1829ز) نەهاتبوو، کە بزوتنەوەی گرنگی و بایەخدان بە ئەرشیف بەرەو پێشەوە هەنگاوی فراوانی تا گەیشتە باڵاترین پلە، نا. پاڵی بەزانستی ئەرشیفەوەش نا بۆ پێشەوە بۆ هێنانەدی دەسکەوتگەلێکی گەورەتر لەم بوارەدا. لە شوێنەواری ئەوەش دەرکردنی فەرمانی پاشایەتی بوو لە(سەردەمی پاشا شارل) بەدووبارە رێکخستنەوەی ئەرشیف لەسەر بناغە و رێسای نوێ. کۆلێژی نێوبراویش رۆڵێکی گرنگی لەخوێندنی زانستە ئەرشیفییەکاندا بینی و هانی لێکۆڵینەوەی



جۆراوجۆری پەیوەست بەدپلۆماتیکیدا. ئەم بزووتنەوە زانستییە بلاوبووەوە سەراپای وڵاتی فەرەنسای تەنییەوە، رەنگدانەوەشی لەسەر وڵاتانی دراوسێ هەبوو وەکو ئەڵمانیا و نەمسا و ئیتاڵیا و ئەوانی تر. بەجۆرێك دەزگا و فەرمانگە فەرمی و زانستییەکان لەو وڵاتانە زۆر بەپەرۆش و جۆش و خرۆشەوە پێشوازییان لە لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکان کرد. لەوەوە بە پاڵپشتی حکومەتی ئەم دەوڵەتانە و کۆمەکردنیان، لێکۆڵینەوە پرۆگرامییەکان بۆ ئەرشیفی دپلۆماتی دروست بوو.

لە ئەڵمانیا و وڵاتانی زانگۆ بە زمانی ئەڵمانی هەمان شت بەدەستهات، هەروەها لە فەرەنساش بەدەرکردنی دانراو (مؤلفات) و لێکۆڵینەوە رەخنەییەکان لەمەڕ بەڵگەنامەکان پێشوازی لێکرا. لەوانە:

- **فەرەنسا:** کۆمەڵێك لەسەرچاوەی گرنگ لەم بوارەدا دەرچوو وەکو:

1- کتێبی (رێبەری کار بەدپلۆماتیك) کە لە ساڵی (1894ز) لەلایەن (ئەرسەر جیری)یەوە، دانرا.

Arthur Giri Manual. De Diplomatique (1894)

2- کتێبی (یاساکان و دپلۆماتی پەیوەست بەمێژووی فەرەنسا)

Charter ET diplomas relation al histoire de France

3- لە ساڵی (1688ز) زانای فەرەنسی (دوکانج Du Change) فەرهەنگێکی لە بارەی لاتینی لە سەدەکانی ناوەڕاست دانا، کە تائێستا بەکاردێت.

- **ئەڵمانیا:**

1- یەکەم کتێب لە بارەی دپلۆماتیك لە ئەڵمانیا، کە جێگای بایەخ و گرنگی بوو، لەلایەن زانای ئەڵمانی (باسیل Bassel) لە ساڵی(1732ز) بە ناوی (Chronicom Gotwicense) دانرا.

2- کتێبی دووەم: مۆنۆمێنتی مێژوویی ئەڵمانی (Monumenta Germanica Historica) بوو، کە لە ساڵی (1826ز) دەرچوو (1826).

3- پێش کۆتایی هاتنی سەدەی نۆزدەهەم ئەرکی پڕ بایەخ و مەزن لەم بوارەدا هاتەدی. لەمیانەیدا لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی بەهێز و ڕەوان و گشتگیر لەم مەیدانەدا هاتە بڵاوکردنەوە. ئەوەبوو لە ساڵی(1889ز) بەشی یەکەم لەکتێبێکی بەهادار بەناونیشانی (کتێبی دپلۆماتیکی ئەڵمانیی و ئیتاڵی (handbuch der unkundenlehre fur deutshland und Italien لەلایەن هنری برسلاو[1] Henry Bresslau دانرا. لەم دواییانەدا ئەم کتێبە تەواوکراوەو، بەچاپێکی بژاردکراو چاپکرایەوە.

**نەمسا:**

لە نەمسادا پەیمانگای توێژینەوەی مێژوویی لە نەمسا Institut fur Oesterreichisch Geschichts forschinuy ڕۆڵێکی بەرچاوی لەم بوارەدا گێڕا. ئەم پەیمانگایە لە ساڵی(1854-1856ز) دامەزرا و، یەکەم بەڕێوبەری ئەم پەیمانگەیەش زانای بەناوبانگ تیودور شیفالیە دی سیکل[2] بوو.

---

[1] هنری برسلاو Henry Bresslau: مێژوونووسێکی ئەڵمانییە، لە ((هانۆڤەر)) لە دایك بووە ولە ((هیلدبرگ)) مردووە، لە ساڵی (1890) لە زانکۆی ستراسبۆرگ لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی دەست بەکاربووە. وەکو زانایەکی پسپۆڕ لە زانستە یاریدەدەرەکان ناوبانگی دەرکردووە. ژمارەیەك دانراوی (المؤلفات) لەمەڕ مێژوو و ئەرشیفی ئەڵمانیا بڵاوکردۆتەوە. هەروەها ناویشی بەوە بڵاوکراوە دپلۆماتیکە لکێنراوە، کە تایبەت بوو بەلێکۆڵینەوە لە مێژووی ئیتاڵیا و ئەڵمانیا.

[2] تیۆدۆر شیفالیە دی سیکل (Theodore Chevalier de sickle 1908 – 1826): ئەم مێژوونووسە ئەڵمانیە لەشاری ((ئاخن Aken)) لەدایك بوە،ولە ((میران Meran)) مردووە. لە زانکۆی ڤیەنا وەك مامۆستا دەست بەکاربووە، و بەشداریکردووە لەنوسینی کتێبی مەزنی ناسراو بە (بەڵگەنامە مێژووییەکانی ئەڵمانیا Monumenta germanica Historica). پاشتر لە ساڵی (1890 -1892) وەك بەرپرسی ئیدارەی پەیمانگای نەمساوی بۆ مێژوو دانراوە. ژمارەیەك دانراوی (مؤلفات) بایەخداری لەمەڕ زانستی مێژوو و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی بەڵگەنامەکان (زانستی دپلۆماتیك) بەپشت بەستن بەبەڵگەنامەکان بڵاوکردۆتەوە (بگەڕێرەوە بۆ ئینسایکلۆپیدیای لارۆس بە زبانی فەڕەنسی).



**ئیتاڵیا:**

بەڵام لە ئیتاڵیادا، زانا(مافی Maffi) کتێبێکی دانا، کە لە ساڵی(1772ز) بەناونیشانی: (بەڵگەنامە مێژووییەکان Historia Diplomatica) دەرچوو. لە ساڵی (1741ز) (موراتوری Muratori) زنجیرەیەك لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەمەڕ دپلۆماتیك لە دانراوێکی بەبایەخدا بەناوی (شوێنەوارەکانی ئیتاڵیا Antiquitates Italioe) بڵاوکردەوە.

**ئیسپانیا:**

لە ئیسپانیادا زانای بەندیکیتی (پیریس Perez) لە ساڵی (1688ز) کاری لە بواری لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکان دەکرد.

**ئینگلتەرا:**

لە ئینگلتەرا دا، گەرچی کارکردن لەئەرشیفدا کەمێك درەنگ دەستی پێ کرد، بەڵام هەوڵ و کوششی ئەوانەی کار لە بەڵگەنامەکان دەکەن، چ بەڕێکخستن پێ یان گرنگی پێدانی، قەرەبووی ئەو فەرامۆشییەییان بۆ کردەوە، کە بەسەریدا ڕەت ببوو. پەیمانگە تایبەتی و گشتییەکان پێکەوە بەم کارە هەڵسان و، لەم بوارەدا ئیشیان کرد و هەوڵی تایبەتیان بۆ گرنگی دان بەسەرچاوە بەڵگەنامەییەکان بەسەربرد و تەرخانکرد. ئەوەبوو چەند دەق وێنەیەکیان لێ بڵاوکردەوە. لە سەرەتای ساڵی (1800ز) لیژنەی بەڵگەنامەکان Record Commission گرنگی دانی بەبەڵگەنامە گشتییەکانی گرتە ئەستۆی خۆی. ئیدی ئەم شێوازی کارە تا بەرپرسیاریەتی بەڵگەنامەکان خرایە ژێر چاودێری و ئەستۆی فەرمانگەی بەڵگەنامە گشتییەکان Puplic Record Office PRO) کە لە ساڵی(1838ز) دامەزرابوو بەردەوام کاری پێکرا. ئەمە و سەرباری بایەخدان پێیی لەلایەن فەرمانگە زانستی و دامەزراوە ڕۆشنبیریی و کۆمەڵە زانستییەکان، ئینجا کورسیان بەم بوارە لەکۆلێژ و زانکۆکان بۆ تەرخانکرد.

★ ★ ★

گەر بڕوانین و وردبینەوە و بەدواداچوون بکەین، لەو قۆناغە زانستییانەی دپلۆماتیک پێدا گوزەریکرد. دەبینین هەر لەسەردەمی (مابیون)ەوە، هەنگاوی مەزنی بڕیوە، گەرچی لە رووی شێواز و ڕێگا پەیڕەوکراوەکان لە لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامە هەروەکو پێشان مایەوە لە نموونەی لێکۆڵینەوەی شێوەی بەڵگەنامەکان و بەراورکردنیان بە ئەسڵەکانی، بەڵام لەڕووی بابەتەکانییەوە جۆراوجۆرتر و هەمەلایەنەتربوو بەشێوەیەکی بەهێز و چەسپاوتر. هەرچی ئامانجەکانی ئەم زانستەیە تەنها لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی چەسپاندنی رەسەنایەتی بەڵگەنامەکان بەندنەبوو، بەڵکو ئەوەی رەتکرد و بەرەو کاری تری پەیوەست بەو بابەتانە وەك دووپاتکردنەوە لەڕاستێتی مێژوو و شێوازەکانی کاری بەڵگەنامەکان و مەبەست لێیان و، لەو چەشنە مەسەلانەی پەیوەست بەو بوارە سەری کێشا. بەتێپەڕبوونی کات و زەمەن و بەهەڵگۆزینی هۆیە نوێ و جۆراوجۆرەکان، ئاسۆی زانستی دپلۆماتیکی بەرفراوانتربوو لە ئاکامی پەرەسەندنی مێژووی کارگێڕی. بە وشەیەکی روونتر بڵێین ئەو پەرەسەندنە بەدەستهاتووانەی، کە لەکارە کارگێڕییەکاندا هاتەکایەوە.

## پۆلێنکردنی بەڵگەنامەکان

دەکرێ بەڵگەنامەکان بە گوێرەی سەرچاوەکانی بۆ دوو بەشی سەرەکی پۆلێن بکەین[1]:

**یەکەم: کارە گشتییەکان.**

**دووەم: کارە تایبەتییەکان.**

(1) لەم دابەشکردنەدا پشتمان بەستووە بەوەی لە E.B (واتە: ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی) چاپی (1957)، ماددەی (دپلۆماتیك) دا هاتووە. بەڵام لە چاپی (1973)دا، دابەشکردنەکە بەم شێوەیە هاتووە: بەڵگەنامە پاشایەتییەکان، کە پاشاکان دەریدەکەن، یاخود بەنوێنەرایەتی ئەوان دەردەکرێت. بەڵگەنامە تایبەتەکانی دەرچوو لەلایەن کەسی ئاسایی یان دەزگاکان Corporations، جا ئەو دەزگایە ئایینی یان عەلمانی بێت. هەر پۆلێك لەم پۆلانە بۆ چەند بەشێك بەپێی شێوەی بەڵگەنامە و مەبەستەکانی و شێوازە پەیڕاوکراوەکان لە مۆرکردنی....تاد دابەشدەبن. بۆ زانیاری زیاتر ناتوانین دەست بەرداری هەردوو چاپەکە بین و هەر کەسێکیش خوازیاری زانیاری زیاترە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆیان..



### یەکەم: کارە گشتییەکان

پۆلێن دەبێ بۆ بەڵگەنامە شەرعییەکان Legislative و بەڵگەنامە کارگێڕیی و قەزایی و سیاسییەکان، ئەو بەڵگەنامەییەی کە لەلایەن دەسەڵاتێکی گشتییەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا Public Form دەردەچێت وەك یاساکان Law و دەستوورەکان Constitutions و مەراسیمەکان Ordinances و جیاوکەکان Previleges و بەخششەکان grants و تەنازولەکان(واتە: دەسەڵات بەخشن (Concessions) و پرۆپاگەندەکان proclimation و پاکانەکان decree و بەڵگەنامە شەرعییەکان و داخوازییەکان (داواکردن) Pleas و پەیماننامەکان (هاوپەیمانییەکان) treaties. بە وشەیەکی تر هەموو ئەو کردارانەی حکومەت لە دەوڵەتێکی شارستانیدا دەریدەکات. بەڵام لە زەمەنەکانی رابردوودا ئەم پرسانە لەژێر جۆرێك لە بەڵگەنامەکان تۆماردەکرا کە ناوی (نامەکان) Letters یان Litterae بەسەردائەبڕێ.

### دووەم: کارە تایبەتییەکان

پۆلێکی بەڵگەنامەکانە یاخود بڵاوکراوە یاساییە (Act ) تایبەتەکانە. لێرەدا تەنها مەبەست لێی ئەو کرادارانە نییە، کە تەنها تایبەتن بەتاك، بەڵکو کردارە هاوشێوەکانێتی کە لەلایەن لایەنێك یاخود بەرژەوەندییە تایبەتییەکان Privat interest دەردەچووە وەکو ئەنجومەنەکانی شارەوانی و دامەزراوە ئایینییەکان (کەنیسە و هاوشێوەکانی). بەڵگەنامەکانی ئەم پۆلە، موڵکە راستەقینە کەسییەکان و کردەوە بچووکەکان لەخۆدەگرێ. ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی پێ دەوترێت سەنەدەکان یان پەیماننامەکان Charters، ئەوەش بە بڕێکی زۆر، کە لە چەندەها هەزار تێدەپەڕێ، نەك هەر تەنها لەئەرشیفی بەڵگەنامە تایبەتییەکان هەیە، بەڵکو بەئەندازەیەکی فرەتر لە ئەرشیفی بەڵگەنامەکانی سەر بەشارەوانییەکان و دامەزراوە هاوشێوە بەربڵاوەکانی لە سەراپای وڵاتدا هەیە.

هەروەها دەکرێ لە خەزێنەی پاشماوەی خانەوادە دێرینەکان muniments و لە ئەرشیفی دادگاکان و ماڵە موڵکدارەکان کە هەمیشە لەگوند وناوچەکاندا

manorial، چەندین شێوە و تەرز (نمط) لەبەڵگەنامە ونووسراو و تۆمارە نووسراوە لولدارەکان Rolls و تێنووسەکان بڵاوە، ببینین. سەرەڕای هەموو ئەوە، چەند کۆمەڵێەکی مەزنیش لە تێنووس و بەڵگەنامە و سەنەد و دۆکێمەنتەکان، کە ئەرشیفەکانی دێر و کەنیسەکان تەژی و لێوان لێوبوو لێی. جا ئەو بەڵگەنامانە بێ، کە لەژێر جۆری کردارە تایبەتییەکان یاخود کردارە گشتییەکان تۆمارکرا بێ.

هەروەها هەر لێرەدا بڕیار و رینماییەکانیش هەن، ئەوانەی دادگا باڵاکانی ئەوروپا هەڵیانگرتووە کە زەمەنەکانیان بۆ سەدەکانی ناوین دەگەڕێتەوە، ئەمەش دەشێ لەو بەڵگەنامە گرنگانە هەژماربکرێ کە شایستەی پشکنین ولێکۆڵینەوەن.

ئەو هۆکار و شێوازانەی لە نووسینی بەڵگەنامەکان و مۆرکردن و پاراستنی لەئەرشیفی کەنیسەکانی ئەوروپا پەیڕەودەکرا، جۆراوجۆر و جیاواز بوو، ئەوەش وای لێی کردووە ئاگاداربوون و کۆڵینەوە لەتێروتەسەلی و دانی زانیاری وورد لە بارەیەوە لە دژواری بەشوێن بێ. ئەو زانیارییانەی کە لە بارەیانەوە لەبەردەستدایە لەئاکامی لێکۆڵینەوە وتوێژینەوە بووە لەم بەڵگەنامانەدا.

**ئەرشیفی ئینگلیزی** English Chancery:

با بگەڕێینەوە بۆ بەڵگەنامەکانی ئینگلیزی. خەزێنەی پاشایەتی لە ئینگلتەرا لە سەدەی سیانزەدا بۆ نموونە دەبینین، سێ نموونەی لە بەڵگەنامە دەرکرد. بەشێکی زۆری ئەو بەڵگەنامانە بە شێوەیەکی ئاشکرایە open واتە: لەو جۆرە بەڵگەنامانەیە، کە کراوەیەوە و روانین لێی رێپێدراوە. بەڵام شێوەکەی تری، بەشێوەی داخراو و مۆرکراو دەرکرد، ئەوەی کە بە نامە مۆرکراوکان (داخراو) Lettera Clausae، یان Clause Letters دەناسرێ. سێ نموونەکەش ئەمەی خوارەوەیە:

1- **پەیماننامەکان** Charter: لە بەخششەکانی تایبەت بە زەوییەکان و پێدانی ئازادی هەڵسوکەوتکردن پێی بە شێوەیەکی هەمیشەیی بەکاردەهات.

2- **نامەکانی پاکانە** Leters patent: جۆرێکە لە وتارنامە کە واباوبوو بە شێوەیەکی کراوە بنێردرێت. واتە: ئەوەی کە بە مۆر داناخرێت.



3- **نامە داخراوەکان** Letters Clausae: ئەم جۆرە لە نامەکان لە ناردنی نوچە و فەرمانە کارگێڕییەکان و هی دیکە بەکاردێت. لەم جۆرەدا هەمیشە دەبێ بەڵگەنامەکان مۆرکراو بێت، واتە: بە مۆر، مۆرکرا بێ و، بە داخراویش دەنێردرێ. هێندێك لەم نامانە لەسەر شێوەی ئەسڵیەکەی ماوە و پارێزراوە و بەشێکی دیشی بە شێوەی لەبەرگیراوەی (کۆپی) ئەسڵیەکەی هەڵگیراوە. گرنگی و بایەخی ئەم جۆرەی دوایی واتە: لەبەرگیراوە کت ومت ئەسڵیەکە، لەوەدایە کە هاوچەرخی بەڵگەنامە ئەسڵیەکەیە ولەهەمان لایەنی فەرمیشەوە دەرکراوە، کە ئەسڵیەکەی دەرکردووە. لەنێو ئەو بەڵگەنامانەشدا، بەڵگەنامەکانی پاکانە Patent و داخراو و لولدارە یاسایی و پەیماننامەکانی ئەرشیفی پاشایەتی ئینگلیزی، کە ئێستا لە (ئۆفیسی بەڵگەنامە گشتییەکان) لە لەندەن puplic Record Office پارێزراوە، هەن.

**ئەرشیفی پاپایەتی** Papal Chancery:

دەتوانین بڵێین ئەرشیفی بەڵگەنامەکانی پاپایەتی لە پێشەوەی ئەرشیفی بەڵگەنامە ناسراوەکان لە سەرانسەری جیهاندا وەستاوە. هۆی ئەوەش جگە لە کۆنی ئەرشیفەکەی، بۆ هەبوونی چەندین کۆمەڵە بەڵگەنامەی پێکەوەگرێدراو لەڕووی زەمەنەوە هەر لە رووخانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی تا کاتی ئێستا دەگەڕێتەوە. هەروەك نامەکان و فۆرم Fomilae و رێسا بۆماوەکان کە چۆنیەتی نووسینی بەڵگەنامەکانیش روون دەکاتەوە، دەگرێتەخۆ. بە تێپەڕبونی کات خودان بایەخ و بەهای گەورەو، نموونەیەکە کە چاوی لێدەکرێ لە شێوازەکانی دارشتن و هۆنینکاری و نووسینەوەدا.

رێکخستنی ئەرشیفی بەڵگەنامەکانی پاپایەتی- دەرباری پەیکی پەیامبەری- هەر لە دەستپێکەوە لەسەر هەمان بنەڕەت رۆیشت، کە لە کۆشکی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی بەربلاو و باوبوو. سەرەتای گەشەسەندن و پەرەسەندنیش تێیدا لە دەستپێکی ئەو رۆژەوەبوو، کە بەڵگەنامەکان لە بۆتەیەکی (سندوق) تایبەت کە پێ دەوترا سکرینیا – کۆکراوەکەی (( سکرنیوم)) Scrinia- Scrinium- هەڵدەگیران. ئیتر

سروشتی بوو ئەسقەف و پاپاکان و قەشەکان پەنا بۆ کۆکردنەوەی ئەو کاغەز و بەڵگەنامانەی پەرت و بڵاوبوون ببەن. کاریش بۆ چاککردنەوە و هەڵگرتنی لە ئەرشیفە تایبەتییەکان بکەن. هەروەکو بەر لەوان ئیمپراتۆرە رۆمانییەکان پێی هەڵسابوون، کە بەڵگەنامەکانیان لە سکرینیا دەپاراست. ئینجا دوای ئەوە لە ئەرشیفە تایبەتییەکان هەڵیان دەگرت. پاشانیش لە ئەرشیفەکانی دادگا، کە ناوەندی بەڵگەنامەکانی پاپایەتی و رازگر(سکرتاریەت)ی سەر بە ئەو پێی هەڵدەستان. لەبەرئەمە دەبینین پاپا یولیوسی یەکەم (Juliusl 337- 353 ز) دووبارە ئەرشیفی پاپایەتی رێکخستەوەو، پاپا داماسوس (Damasus 366-384 ز)ش بینایەکی تایبەتی بۆ سەیڤکردن و هەڵگرتنی بەڵگەنامەکان لە لاتیرنا Laterna دروست کرد. ئەم کۆمەڵانە و رێکخستنە پەیڕەواکراوانە لە ئەرشیفدا زۆر کاری ئاسان کردوو، فاکتەرێکی یاریدەدەریش بوو لە ساناکردنی سوودوەرگرتن لە دپلۆماتیک. لەڕاستیدا ئەو هەوڵ و تەقەڵلایانەی لەم بوارەدا درا بەردی بناغەبوو لە دامەزراندنی کۆشکێکی تۆکمە کە زانستی دپلۆماتیکی لەسەر بنیاتنرا.

گەر بەدووی لێکۆڵینەوەکانی پاپایەتی بەپێی ریزبەندی مێژووەکەیدا بچین، دەبینین بە چوار چاخدا تێپەڕبووەو، هەریەك لەو چاخانەش مۆرك و تایبەتمەندی خۆی لەڕووی شێوەی بەڵگەنامە و شێوازەکانی و کارسازییە رێکخستنە پەیڕەوکراوەکان (الاجراءات التنظیمیة المتبعة) لە نووسین و داڕشتن دا هەیە. چاخەکانیش ئەمانەن:

★ **چاخی یەکەم** (0000 – 1049ز):

ئەم چاخە لە کۆنترین سەردەمەوە دەست پێ دەکات تا چوونە سەرتەختی پاپایەتی، پاپا لیونی یەکەم Leo IX، لە ساڵی (1049ز). گرانە بتوانین بەڵگەنامە ئەسڵییەکانی پاپایەتی لە سەدەکانی هەشتەمی یەکەمدا هەڵنگوتین کە بەهیچ شێوەیەك تا ساڵی (788ز) بەڵگەنامەیەکی ئەسڵی نابینین. لەبەرئەمە تەنها پشت بەوێنەی لەبەرگیراوە ئەسڵەکەی دەبەسترێت کە خۆ دەنوێنێ لە



هێندێ بڵاوکراوەی یاسایی و تێنووسەکاندا. لێرەدا هەندێ بەڵگەنامەی ئەسڵی هەن، بەڵام ئەمانە یا ساختەن، یان کەم و کورتن و یان لەبەرگیراوەی دانەیەکی کەم و کورتە، یاخود گومان لەئەسڵییەتی دەکرێ. لەلایەکی دی هێندێکی دیمان هەیە، بەڵام وەرگیراوە لە تێنووسە کوت و مت ئەسڵەکەی، بەتایبەتی لە کۆمەڵە یاساکانی کەنیسە، ئەم کۆمەڵە یاسایانە گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە لەڕووی سوودوەرگرتن لێی بەو پێیەی بەشێکی تەواوکەری کۆمەڵە بەڵگەنامەکانە.

کۆنترین بەڵگەنامەی ئەسڵ لەم کۆمەڵەیەدا، پارچەنامەییەکی ئیمپراتۆر ئەدریانی یەکەمە (788ز)ە. ئەم پارچە نامەیە لەسەر کاغەزی زەل papyrus نووسراوە، کە تا سەرەتای سەدەی یانزە زۆر بەکاردەهات. ئەوەبوو دواتر کاغەزی سپی Parachment جێی گرتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بەڵگەیەك لە سەر بەکارهێنانی کاغەزی زەل Papyrus لە ئەرشیفەکانی پاپایەتی لە پاش ساڵی (1057ز) لەبەر دەستدا نییە. بەڵگەنامەی دووەمیش زەمەنەکەی بۆ ساڵی (1022ز) دەگەڕێتەوە. دیسان ئەم بەڵگەنامەیەش لەسەر زەل نووسراوە. هەرچی ئەو بەڵگەنامانەی نووسراون لەسەر کاغەزی پێستە Vellum کۆنترینیان بۆ ساڵی (1005ز) دەگەڕێتەوە. باسناس و توێژەران رووبەڕووی گرانی و دژوارییەکی زۆر دەبنەوە لە دیاریکردنی ئەم بەڵگەنامانە و دانانی پێڕست بۆیان لەبەر زۆری و جۆراو جۆرییان.

زۆربەی بەڵگەنامەکانی پاپایەتی لە نامە و سەنەدەکان پێکدێت، ئەوەی کە ناودەبرێ بە لێتەر Litterae و ئیپستۆلا Epistola و پاجینا Pagyna و سکریپتوم Scriptum و دیکریتوم decretum.

تاکە شێتێك کە جێی بایەخ و گرنگییەکی تایبەتە، دەرکردنی قانونەکانە، کە بە دکریتا Decretum یان کۆنستیتوت Constituta ناسراوە. ئەم بڵاوکراوە تایبەتە بە زانستگەی کەنیسەکان، کە خودی پاپا سەرۆکایەتی دەکات. بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ ئەم بەڵگەنامانە بەم شێوەیەیی خوارەوە پۆلێن بکەین:

1– **نامەكانی تایبەت بە چاخی نویٚ** Epistles: ئەوەی کە پێوەندی هەیە بە کارە ئاساییەکان بەجیاوازی جۆرەکانییەوە: دەستوورەکان Constitutions و بڕیارەکانی پەیوەست بـە بـاوەڕ و پەیماننامـەکان Faith و کاروبارەکـانی تۆڵەسەندن و تەمبێکردن Discipline و بڵاوکـراوە ڕێنماییـەکانی پاپایـەتی Encyclicals کە ئاڕاستەی سەرجەم ئەسقەفەکانی گشت کەنیسەکان دەکـرا یان بۆ چەند وڵاتێکی دیاریکراو دەنێردرا.

2– **پاكانەكان** Decress: بریتی بـوو لـەو نامانـەی کـە پاپاکـان بـەگوێرەی ئارەزوو هەوسی خۆیان دەریان کردووە.

3– **بڕیارەكانی پاپایەتی** Decretals: هـەروەها بڕیارەکـانی تایبـەت بـە بەڕێوبەرایەتی ئەکلیریکی و ڕێنماییەکانی کەنیسەش دەگرێتەخۆ.

4– **دۆكیٚمـەنت و پـسوڵەكان**، کـە بەزمانـە ڕەسـەنەکەی پریـسیتۆم Perceptum، و ئۆکتـارس Auctoritas، و پریڤیلیجیـۆم Privilegeum پێدەوترێت. بەهۆی ئەم سەنەد و دۆکێمەنتانە، لێ خۆشـبوون (الاعـضات) و ڕاسپاردەکان بەداواکارانی (واتە: پێشکەشکارانی داخوازینامە) دەبەخشرێ.

★★★

تا سەدەی دەی زاینیش، هیچ جیاوازییەکی ڕوون و ئاشکرا لە بەڵگەنامـەکانی پاپایەتیدا بەدی ناکرێت. بەڵگەنامەکانی تایبەت بـە بەخشـشەکان ئـەوەی کـە لـە هەموو شێوەکانی تر پیرۆزترە لـە بەخشـشە هەمیـشەییەکان بـەکاردەهات. لێـرەوە هێندێ جیاوازی لە شێوەی نامـەکان بـە دەرکـەوتنی گـەلێك نیـشانە و ڕوخساری تایبەت تێیدا وەك دەستەواژەی ((لە ئاشتی دابن Bene Valete)) کە پاپا واژووی پێی دەکرد، هەروەها دەبوو مێژووی سەر بەڵگەنامەکە بەتەواوی دیاربخرابوایە.

گشت بەڵگەنامەکانی پاپایەتیش بە مۆرێکی قورقوشمی بـاوەڕی پێـدەکراو و تێیدا مۆری پاپا ناسراو بـە Bulla، یـان مـۆری پاپایـەتی[1] بـەکاردەهات. بـۆ

[1] Bulla: واژەییەکی گریکییە، واتای مۆری ئاڵتونی دەگەیەنێت، کە فەرمانڕەواکانی گریـك و پاشـا کۆنەکانی ئەڵمانیا بەکاریان دەهێنا.



زاڵبوون لەسەر ئەو ناهەمواریییە، کە لە ئاکامی کەڵەکەبوونی ئەم نامە نێرانـە و دوانەکەوتنی وادە نامەکان، پاپا هەندێك لە دەستەڵاتەکانی خۆی لە بەکارهێنانی مـۆر بـەڕازگر (سـکرتاریەت) سـپارد کـە تـا سـەدەی (10)، ڕۆمانییـەکان لـە هەرێمەکان سەرپەرشتیان دەکـرد و، نـاوی (بـاوەڕپێکراوی پـەیکی پەیامبـەری) ((Notarii sedis apostolcae)) ی پێ دەوترا. هەندێ جاریش ئەم باوەڕپێکراوە (بەڵگەنامـە مۆرکـەر) سـکرینیاری Scriniarii ی پێـی دەگـوترا. ئـەو باوەڕپێکراوانـە پۆشـاکێکی تایبـەتیان لەسـەر دەکـرد و سەرۆکەکەشـیان بە(پریمیسیریوس Primicerius) واتە: سەرۆکی بەڵگەنامـەکاران بـەناوبانگ بـوو، ئەرکیشی سەرپەرشتیکردن بوو لەسەر کاری باوەڕپێکراوەکان و دانانی مێژوو بەروار. هەندێ کاتیش بەڵگەنامەکانی مۆردەکرد. بە تێپەڕبوونی زەمەن ئەمانە ڕۆمایان تـا سەدەی دەیەم کـردە بارەگـای سـەرەکی خۆیـان، ئـەوەبوو بـاوەڕپێکراوە پاپایـەکان جێگایان گرتنەوە، واتە: ئەوانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە پاپاوە هەیـە، بـەڵام ئـەو ئەرکانەی پریمیسیریوس تێیدا کارامە و دەستڕۆیشتووبوو، ئەمیندارى ئۆفیـسی پاپـا گرتییە ئەستۆی خۆی و، سەرباری نازنـاوی ئۆفیـسەکەی خـۆی ((نازنـاوی ڕاوێـژکار Cancellarius)) شی، هەڵگرت. (بڕوانە وێنەی مۆرە ئاینییەکان — 5).

## ★ چاخی دووەم (1049- 1216ز):

ئەم چاخە لە نێوان سەردەمی ((لیونی نۆیەم))ەوە، درێژدەبێتەوە تا هاتنە سـەرتەختی پاپایـەتی، پاپـا ئەنوسـینتی سـێیەم Innocent III لـە سـاڵی (1198-1216ز)دا[1].

[1] ئەنوسینتی سێیەم: لە ئینانی نزیك شاری ڕۆما لە ساڵی (1161ز) لەدایك بووە. پاش تـەواوکردنی خوێندنی ئایینی، و دوای گەڕانەوەی بۆ ڕۆما، توانی بە لێزانی و پسپۆڕی خۆی و بەدبلۆماسـیانە و زانستخوازی و توانستی بەفراوانی و پەیوەندییە بەربلاو و پتەوەکانی بەدەسەڵاتداران، پلەی پاپایەتی لە ساڵی 1198 وەربگرێت. ئەوەبوو گەلێك کاری مەزنی ئەنجامدا، کە بـووە هـۆی بەرزرکردنـەوەی پلەو پایەیی ئەنجوومەنی پاپایەتی بە شێوەیەك بووبە دادگایەکی شکۆدار، دادگایەك جێی ڕاوێژکردن و کارگێڕی و دادوەری بێ، بەجۆرێك لە سەردەمی خۆیدا شکۆدارترین دەزگای فەرمانڕەوایی بـوو لـە=

بەڵگەنامەکان لەم چاخەدا شێوەیەکی جێگیر و چەسپاو و روونیان وەرگرت، بەڵام هێندەی پێ نەچوو لە سەردەمی ((ئەربانی دووەم Urban II 1088-1099ز)) گۆڕانکاری بەخۆوە بینی، تێیدا بەڵگەنامە بنەڕەتییەکان لە شێوەی قاڵبێکی پلێت (کانزا) دروستکران. بۆیە جیاکاریی لە نێوان بەڵگەنامە هەمیشەیی و بەڵگەنامە کاتییەکاندا تەواو رۆشن بوو، بە شێوەیەکی جێگیر بەدی دەکرا. ئیتر دەکرێ بەڵگەنامەی هەمیشەییەکان لە رێگای مۆری مەزن Greater Bull یاخود ئەوەی بە بولە ماجۆر Bulla Majors ناسراوە، یاخود بەڵگەنامەی جیاوکەکان Privilegia واتە: مۆرکراو بە مۆری مەزن کە خودی پاپا بەکاری دەهێنا دەستنیشان بکرێ. لەوساتەوەی کاردیناڵەکان بڕوانامەکانیان بەو مورە (Bulla Majors) واژوو کرد، ((بولە ماجور Bulla Majors)) بوو بەنەرێتێك، کە پەیڕەودەکرا و، بەتێپەڕبوونی رۆژگاریش ناسراو و بەنێوبانگ بوو (وێنە-6).

بەڵام شێوەی دووەم ناسراوە بە نامەکان Litterae یان خاوەن مۆری بچووك Lasser Bulls یان Bulla Minores، کە بەڵگەنامە کاتییەکانی پێی مۆر دەکرا. لە سەردەمی (ڤیکتۆری دووەم Victor II 1055- 1057ز) مۆڵەدان بە پراکتیزەکردنی ئەم سپاردنە زۆر ورد و رێککارتر بوو. بەڵام پاش سەردەمی ئەنوسینتی دووەم (1130-1145ز) ئەم سێ واژووە، سێ شێوەی وەرگرت، کە بەپێ پۆستی کاردیناڵ و ئەسقەفەکان پلەبەند دەکرا. لە ناوەندی خوارەوە بەمۆری پاپایەتی مۆر دەکرا، بەڵام مۆری قەشە (Priest) لەچەپی پەڕەکەکە بوو، هەرچی ((شەماس Deacon))ە، هەمیشە لەڕاستییەوە بوو.

رۆژ بەدوای رۆژ بەکارهێنانی مۆری بچووك بەربڵاو بوو بەجۆرێك لە سەدەی سیانزەوە جێگا و شوێنی مۆری گەورەی گرتەوە، کە بەکارهێنانی تەنها لە

=ئەوروپادا. کارسازیی و زاراوەکانی یاریدەدەربوو لە پێکهێنانی هونەری دیپلۆماتیکدا، و هەر ئەمیش بوو بانگەوازی هەڵمەتی پێنجەمی خاچدروشمەکانی (1217-1221) کرد، کە دەست گرتنی بەسەر میسر کردبووە ئامانجی خۆی، ئەوەبوو دەستی بەسەر (دمیاط)دا، گرت. بەڵام دواتر ناچار بوو چۆڵی بکەن و لەوەش زیاتریان بەدەست نەهێنا (بگەڕێرەوە: الحروب الصليبية، تالیف: انطونی ویست، ترجمة: شکری محمد ندیم، ص29).



کاروبارە گرنگ و مەترسیدار و دژوارەکان بەندبووە. بەڵام ئەوەندی پێی نەچوو بە گواستنەوەی ناوەندی پاپایەتی لە ساڵی (1309ز) لە شاری رۆماوە بۆ ئەڤینۆن Avignon بەکارهێنانی هەڵوەشایەوە و رەتکرایەوە[1]. هەرچی لەکاتی ئێستادایە ئەوا بەکارهێنانی مۆری مەزن جارێکی دی بە شێوەیەکی پچڕپچڕ هەروەکو لەڕابردوودا هەبوو گەڕایەوە، بەکارهێنانیشی لەژێر ناوێکی نوێ تەنها لە کێشە یاساییە شکۆییەکان بەناوی(مۆری یاسایی یان دەستووریی Bulla Constitutoriales) بەکاردەهات بەمەبەستی واژووکردنی بڕیارەکانی کۆڕی کەرادیلەکان (کۆڕی کەنیسی).

لەو جیاوکانەی بەڵگەنامەکانی جیاوکی Privileges پێی وەسف دەکرا هەبوونی واژووەکانی پاپا یان کاردیناڵە، بەڵام شێوەی ئەم واژووانە بەم شێوەی خوارەوە دەبێ:

((من لە خوارەوە واژووم کردووە.........Ego S [ubscrip] S [i))

لەگەڵ دانانی دوو ئاماژە، یەکەمیان پێی دەترا ((ڕۆتا Rota)) و دووەمیش بە ((ئیمزای کورت (مۆنۆگرام)))[2] ناسراوە. ((ڕۆتا Rota)) گوزارشتە لەنەخشێکی لێکچوو بەچاپی مۆر، کە بەحیبر دەکێشرا. ((ئیمزای کورت (مۆنۆگرام) Monogram)) واباوبوو بەپیتەکانی دەستەواژەی ((لە خۆشی دابنBene valete)) هەڵدەکۆڵرێ و نەخش دەکرێ، کە لە راستیدا ئەمە لە سەردەکانی پێشوو نموونەی واژووی پاپا بوو.

[1] لە ئاکامی ڕوودانی جیاوازی و ناکۆکی، ناوەندی پاپایەتی لە ڕۆما گواسترایەوە بۆ ئەڤینون، کە دەکەوێتە ناوچەی ((بروفانس))ی هاوسنووری فەرەنسا. نزیکەی (70) ساڵ. واتە: (1309-1376ز) لەوێ مایەوە، ئەم ڕووداوەش لە مێژووی کەنیسەدا بە (دیلی بابلی) ناسراوە.

[2] مۆنۆگرام Monogram: نیشانە یان هێمایەکە بۆ کەسێکی دیار یان نیشانە یاخود ئاماژەیەکە پێکدێت لەپیتە یەکەمینەکانی ناوی و لە بەڵگەنامەکانی کەنیسەدا بەپوختەکراوی بەکاردێت.

★ **چاخی سێیەم (1198-1417ز):**

ئەم چاخە لە مێژووی بەڵگەنامەکانی پاپایەتیدا بەهاتنە سەرکورسی پاپایەتی لە ساڵی(1198ز) لەلایەن ئەنوسنتی سێیەم دەست پێدەکات تا دانانی پاپا مارتنی پێنجەم Martin V. دانانی ئەنوسینتی سێیەم بە گرنگترین و گەورەترین رووداو لە مێژووی پەرەسەندنی ئەرشیفی بەڵگەنامەکانی پاپایەتی دا دادەنرێت. لەم کاتەوە دارشتن و شێوەی دەستەواژەکان (واتە: ئەو فۆرمەی بەڵگەنامەکانی پێی دادەڕێژرا Formulae) زێتر روون و دیارە وپێناسەکانیشی وردتربوو، هەروەك چاودێریکردن لەسەر پەیڕەوکردنی رێساکانی وشێوازە بۆماوەییەکانی پترتر کۆنترۆڵکراو و جێگرتربوو، دەزگاکانی فەرمانبەرانی کارکردووش لەسەر ئەرشیفی پاپایەتی لەرووی ژمارە و پسپۆڕییەوە زیاتربوون. هەر لە ساڵی (1216)ەوە، سەرۆکی ئەرشیفی پاپایەتی نازناوی جێگری قونسڵی Vicecancellarius هەڵگرت.

سەرەتای دووبارە رێکخستنەوەی تێنووسەکان و ئەرشیفە پارێزراوەکان لە بەڵگەنامەکان و توندوتۆڵکردن و دیسپلین کردنی ریزبەندییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنی ئەنوسنتی سێیەم. لە کاتێکیشدا بەکارهێنانی نامە ئاساییەکان لە دادگاکانی پاپایەتی زێتربوو (کە بە مۆری بچووك مۆر دەکرا)، پێشکەوتن و پەرەسەندنی زۆرتر لەم بوارەدا لە ماوەی سەدەی سیانزە بەدەست هات، کە بەم شێوەیە دەکرێ ئەم نامانە بۆ دوو جۆر دابەش بکەین:

1- **نامەکانی چاکە** grace: کە بە واژە ئەسڵییەکانی بە لیتراگراتیوسا Litterae gratiosae و تیتولی Tituli ناودەبرێت.

2- **نامەکانی ماف و داد** justice: بەناوە ئەسڵییەکانی Litterae de justice یان ماندیمینتا Mandmenta دەناسرێ، ئەمەش تایبەتە بە هەموارکردنە یاساییەکان.

★ ★ ★



پۆلی یەکەم لەم نامانە تایبەتکراوە بۆ دانی بەخشش، یان چاکەکان favours. ئەوە لە کۆی گشتیدا ئەو بڕیارانەی سیفەتێکی هەمیشەییان هەیە وەك یاسادانان و ئەحکامەکانی دەنوێنێ.

هەرچی پۆلی دووەمە تایبەتە بەدەرکردنی فەرمانەکان بۆ هەڵسان بە کار و ئەرك و لیژنەکان Commissions و دانی دەسەڵات و دەسەڵات پێدانیان، لەبەرئەمە ئەم پۆلە لە بەڵگەنامە جێبەجێکارییەکان (کردەیی) دادەنرێت.

نامەکانی چاکە بە شێوازێك، کە بە ووردی و جوانی و رێکوپێکی جیادەکرایەوە دەنووسرا. مۆرەکەشی لەسەر چەند دەزوویەکی حەریری وەك بەڵگەنامە جیاوکان دەچەسپێنرا. بەڵام نامەکانی داد بە شێوەیەکی ئاسایی دەنووسراو، مۆرەکەشی لەسەر دەزووییەکی گوش دادەنرا وەك نامە داخراوەکان، کە پاپا خۆی سەرپەرشتی دەکرد وەك نامە تایبەتییەکان. لەکاتێکدا نامەکانی داد و چاکە بە شێوەیەکی ئاشکراو و کراوە دەنێردران. دانانی مۆر لەسەرنامە داخراوەکان بەمەبەستی پێدانی جۆرێك لەرەوایەت (شەرعییەت) بوو، سەرباری ئەوەش مۆر وەك ئامرازێك بۆ داخستنی نامە بەکاردەهات (بگەڕێوە وێنەی مۆری سەر دەزووەکان. ژمارە 7-8).

★ **چاخی چوارەم (1413- تا سەردەمی ئێستا):**

هەرچی چاخی چوارەمە لە ساڵی (1431)ەوە، دەستپێدەکات تا کاتی ئێستا. هەر یەك لەو دوو جۆرانەی باسمانکرد. واتە: نامەکانی چاکە titull و داد Manadment وەك بەڵگەنامەیەکی ئاسایی هەروەکو بەڵگەنامەکانی تر هەر بەکاردەهات. هەروەها چەند جۆرێك بەڵگەنامەی تر هەن، کە بە شێوەیەکی گشتی لە سەدەی سیانزەوە تا رۆژگاری ئوجینوسی چوارەم Eugenius IV هەر بەکاردەبرا، وەك: نامەکانی ((پوختە))ی تایبەت بە بەرزبوونەوە(ترقیة) و نامەکانی کورسی پەیامبەری، بەتایبەتی ئەو نامانەی پەیوەندییەکی پتەویان بەکاروباری خودی پاپا و کێشە کارگێڕییەکانی پەیوەست بەمولکە کاتییەکانی

کەنیسە و ئەوقاف و پێدانی بلیتی لێخۆشبوونەوە هەیە. لەم کاتەدا جۆرێك لە نامە (بەڵگەنامە) بەربڵاوبوو، کە فۆرم و شێوەکەی لە هەندێ نامەی نهێنی وەرگیراوە، کە بۆ سەرەتاکانی سەردەمی دانانی پاپا مارتنی پێنجەم لەسەر تەختی پاپایەتی، یان لە دەوروبەری ئەم مێژووە (سەدەی سیانزە) دەگەڕێتەوە.

نامەکان بە فۆنتی لار Italic لەسەر پەڕەی سپی رواڵ (الاملس) بەکارهاتوو لە دەستنووسەکان دەنووسرا، کە مرۆڤگەراییەکان[1] بەکاریان دەهێنا. نامەکانیشی بە شێوەیەکی کورت بەناوی پاپا و نازناوەکەی لکێنرابوو، لە سەرەوەی پەڕەکە بەدوو پیت PP و ریزبەندی ولایەتی پاپایەتییەکەی دادەنرا. وەکو: پاپا ئۆجینوسی سێیەم Eugenius. pp III، ئینجا نامەکە بەمۆرەکەی بەمۆم — نەك قورقوشم- دادەخرا. ئەو ئەنگوستیلەیەی لێرەدا بەکاردەهات، ئەنگوستیلەیەکی تایبەتە ناسراوە بە (ئەنگوستیلەی ماسیگر Fisherman's Ring کە دەدرێتە پاڵ قەدیس بوترس Peter، کە هەمیشە ئەفسانەکان وا وێنای دەکەن ماسی دەگرێ. ئەم ئەنگوستیلەیەش بەم دەستەواژەیە Sub anuto picatoris دەناسرێتەوە. دواتر لەسەر پشتی نامەکان پوختەی ناوەڕۆکەکەی دەنووسرا، بەڵام ناونیشانەکەی بە شێوازی نزا، یان بانگەواز دەنووسرێ بۆ نموونە: لە باتی دەستەواژەی درێژکراوی ((بۆ کوڕە خۆشەویستەکەم To our beloved .son)) دەستەواژەی ((کوڕی خۆشەویست Dilecte fili)) دەنووسرا. ئەم کورتکراوانە لە سەرەتادا لە کاروباری سیاسی و کارگێڕیدا بەکاردەهات و بە داخراوی دەنێردرا، بەڵام لەنیوەی سەدەی پانزەدا بەهۆی فراوانبوون و گشتگیرتربوونی بەکارهێنانی ئەم بارە جیاوازبوو. لە هەندێ باری دیاریکراویشدا وەك چاکە یان لە کاتی راگەیاندنی بڕیارە گرنگەکانی وەکو ئەو راگەیاندنەی کە لە ساڵی 1564 دەرچوو لەمەڕ ((پێرستی پەرتووکە قەدەغەکراوەکان index Librarum prohibitorum)) بە شێوەیەکی ئاشکراو رێپێدراو دەنێردران.

---

[1] بگەڕێرەوە بۆ پێناسی (مرۆڤگەراییەکان - هیومانیستەکان)





**وێنەی ژمارە (1)**

پەڕەییەکی قورئانی پیرۆزە بەخەتی کوفی، کە بۆ سەدەکانی (1- 3ك/ 7- 9ز) دەگەڕێتەوە.



pax huic domui· Et si quidem fuerit domus di
gna· ueniat pax ura super eam· Si autem n̄
fuerit digna· pax ura ad uos reuertetur·
Et quicumq; non receperit uos neq; audierit ser
mones uros· exeuntes foras de domo· uel de ciui
tate· excutite puluerem de pedib· uris· Am
dico uobis tolerabilius erit terrae sodomorum
& gomorreorum· In die iudicii quam illi ciuitati·
Ecce ego mitto uos sicut oues in medio luporum·
Estote ergo prudentes sicut serpentes· & sim
plices sicut columbae·
Cauete autem ab hominib·· tradent enim uos
in conciliis· & in synagogis suis flagellabunt uos·
Et ad praesides & ad reges ducemini propter
me· in testimonium illis & gentibus·
Cum autem tradent uos· nolite cogitare quo
modo aut quid loquamini· Dabitur enim uo
bis in illa hora quid loquamini· Non enim uos
estis qui loquimini· sed sps patris uri qui loqui
tur in uobis· Tradet autem frater fratrem in
mortem & pater filium· & insurgent filii in pa

**وێنەی ژمارە** (2)

بەڵگەنامەیەکی کارۆلنجییە کە بەپیتی کێرسف Cursive (پێکەوە لکێنراو یان چەماوەیی) نووسراوەو، بۆ کۆتایی سەدەی (9ز) دەگەڕێتەوە.





**وێنەی ژمارە** (3)

بەڵگەنامەیەکە لە کاغەزی سپی (رق) لە شاری (هافلبرگ Havelberg)ی، ئەڵمانی. کە مێژووی ساڵی (1170ز) لە بان دراوە و بەلاتینی وبەخەتی غوتی نووسراوە.



**وێنەی ژمارە** (4)

بەڵگەنامەی مەزنی ناسراو بە (ماگناکارتا Magna Carta) کە خانەدانەکانی ئینگلیزی بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی پاشای ئینگلتەرا جۆن (1199-1216ز) دەریانکرد، کە ناچاریانکرد لە حوزەیرانی (1215ز) واژووی لەسەر بکات.





A -5




B -5

**وێنەی ژمارە** (5)

(A-5)**:** چەند نموونەیەك لە مۆری ئایینی.

(B -5)**:** مۆری پاپا (بولە)، کە وێنەی دروشمی دژ بە مارتن لۆسەری لەسەرە.




A -6



B -6

**وێنەی ژمارە** (6)

(A -6): مۆری مەزنی تایبەت بە کۆمەڵەی گەلانی بەریتانی (کۆمنوێلس) و کۆبوونەوەی پەرلەمان لە رۆژی راگەیاندنی کۆماری لە بەریتانیا کە بۆ ماوەیەکی کورت ساڵی (1625ز) بەردەوام بوو.

(B -6): مۆری مەزنی دووەمی (ئیلیزابێسی یەکەم) شاژنی بەریتانیا (1584-1586ز)، روویەکی مۆرەکە، وێنەی شاژنە، کە لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتووە و روویکەی تریشی لەسەر زینی ئەسپەکەی.





**وێنەی ژمارە** (7)

بەڵگەنامەیەکی سەردەمی جەنگی خاچدروشمەکانە، کە رێکەوتنامەی وازهێنانی سوارچاکە ئەسپیتارییەکان (Hospitaliers) لە ئەرشیف و گەنجینە و بەڕێوەبەرایەتی (قەدیس کروس) لە قودس بۆ ریتشارد ئەسقەفی و نجستەر دەنوێنێ. کە بە مێژووی (10)ی ئەبریلی (1185ز) تۆمارکراوە و رێکەوتنامەکەش، بە بڕوانامەی پاشا (ریکاردۆس و هیراکلیوس)ی پەتریارکی قودسی پیرۆز، شکۆمەند کراوە.



**وێنەی ژمارە (8)**

چاپێکی مۆری کەسی، هی ریشاردی دووەم (1396ز).



**وێنەی ژمارە (9)**

مـــۆری پاشـــای ئینگلتـــەرا ئـــەدواردی دانپێدانراو (ادوارد المعترف) (1042-1066ز).

**وێنەی ژمارە (10)**



مۆری پاشا ((ولیەمی فاتیح))ە، (1066-1087ز). روویەکی وێنەی پاشا و لیەمی لەسەرە، کە لەسەر تەخت دانیشتووەو، رووەکەی تریشی بە وێنەی سوارچاکێکی تەواو بە گشت پێداویستییەکانییەوە لە چەك و کەرەستە نەخشێنراوە.





**وێنەی ژمارە (11)**

مۆری تایبەت بە زانکۆی پاریس (سالی 1292ز).



**وێنەی ژمارە (12)**

بەڵگەنامەیەکی بیناسازییە، مێژووی دروستکردنی گومەزی بەردین دیـاری دەکات، کـە لـە سـەردەمی عەبدولـەلیکی کـوڕی مـەروان دروسـتکراوە (69-72ك/688- 691ز) و لە سەردەمی مەئمونیش (198-218ك) ساختەکراوە. کـە تێیدا هاتووە: ((ئەم گومـەزە عـەبدوڵڵا عـەبدوڵڵا مەئمون ئەمیری ئیمانـداران لـە ساڵی 72ك، بنیاتی ناوە، خوا لێی قبووڵ بکات)).



**وێنەی ژمارە** (13)

دیناری خەلیفەی عەباسی (موقتەدا بئەمریلا)یە. کە لەشاری ئاشتی (بەغداد) لەساڵی (486ك)، لێدراوە.



**وێنەی ژمارە** (14)

بەڵگەنامەیەکی بیناسازی دروستکراوە لەخشت. ئەم بەڵگەنامەیە لە نووسراوەکانی فێرگەی مەرجانییەیە (زانکۆی مەرجانی ئەمڕۆ) لە بەغداد، کە مێژووی ماڵ و موڵك و سامانی قوتابخانەی ناوبراوی تێدا تۆمار کراوە(758ك/1356ز).



★ **خەزێنەی میروفنجییەکان** Merovengian Chancery:

لە نێو ئەو پێڕەوە یاساییانەی (التشريعات القانونية)، کە ئەرشیفی بەڵگەنامەکانی پاشاکانی میروفنجی[1] لە فەڕەنسادا دەریانکردووە، جگە لە 38 بەڵگەنامە لە بەڵگەنامە ئەسڵییەکانی هیچی تری لێ نەماوەتەوە. 13 دانە لەمانە بەکۆنترین دانەی هەڵگیراو لەم کۆمەڵەیە دادەنرێن، بەڵام ئەوانی دی واتە: 25 بەڵگەنامەکەی تر، مێژووەکەی بۆ ساڵی (677) دەگەڕێتەوە. کە لەسەر کاغەزی سپی Parachment نووسراوە. گشت ئەم بڵاوکراوە یاساییانە Acts بە شێوەیەکی ناڕێك وورد وەسفکراوە بەوەی کە ((دپلۆماتە diplomas))ە، بەڵام لە راستیدا لە پۆلی نامەکان هەژمار دەکرێ، کە بە واژووی خودی پاشاکان مۆرکراوە. ئەم واژووانە لە هەندێ کاتدا بۆ ئیمزای کورت (مۆنۆگرام) دەگۆڕان. لە هەندێ باریشدا کە پاشا توانستی خوێندنەوە و نووسینی نەبوو، واژووی یەك لەم فەرمانبەرانەی ئەرشیف دادەنرا. کە وابابوو لە پیاوانی ئایینی ئەکلیرۆس و پۆستە باڵاکان نەبێ، ئەوەی کە پێیان دەڵێن ((ریفراندوس (Referendarii یان Referendarius))) واتە: هەڵگری مۆرەکانی پاشا. مۆری پاشاش لەسەر روو و لە لای راستیی بەڵگەنامەکە (دپلۆما) دادەنرا. ئەم دپلۆماتانەش بەم شێوەی خوارەوە پۆلێن دەبێ:

1- دپلۆمات بۆ هەندێك جۆر لە بەڵگەنامەی یاسایی، کە بە (بەشەکان) capitulaaries[2] نێودەبرێت.

[1] میروفنجی: بنەماڵەیەکی پاشایەتییە، لەماوەی ساڵانی (486-752ز)، فەرمانڕەوایی فەرەنسایان کردووە. لە دیارترین پاشا و فەرماندەکانیان (شارل مارتل)ە، کە لە شەڕی تور دژی موسڵمانەکان جەنگا.

[2] لە واژەی لاتینی capitulare: بە یەك لە ئامڕازەکانی یاسایی تایبەت بەکاروباری کارگێڕی و ڕێکخستنەکان دەوترێت. کە پاشاکانی کارۆلنجی لە ئەوروپای ڕۆژئاوا دەریاندەکرد. هەروەها بۆیە وام ناوبردووە لەبەر ئەوەی لە چەند بەشێك و وتارگەلێك پێك هاتووە Articles capitula کۆنترین باسکردنی بۆ سەردەمی شارلمان لە ساڵی 779 دەگەڕێتەوە. بگەڕێوە مادەی: capitulary لە ئینسایکلۆپیدیای بەریتانیکا E.B ی ساڵی 1973.

2- پسولەکان (ڕیسێت) و داتا فەرمییەکان Recepts یان کۆمەکی و بەخششەکان grants، کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی بەتاك و کۆمەڵەکان دەدران. لە نێو بەڵگەنامەکاندا بەواژەکانی praeceptum یان praeceptio یان auctoritas هاتوون. هەروەها دووپاتکردنەوەکان (التاکیدات) لە نێو هەمان جۆردا تۆمار دەکرێت.

3- فەرمانەکانی دەسەڵات پێدان یان بەڵگەنامە کارسازییەکان (جێبەجێکردن) Excutive.

4- ئەو ئەحکامانەی لە دەرباری شاهانە دەردەچێت.

لەم بەڵگەنامانەدا مۆرەکە بە وێنەی سەری پاشا دەنەخشێنرا، بەجۆرێك تەواوی رووی مۆرەکەی دادەپۆشی.

★ **ئەرشیفی کارۆلنجییەکان** Carolingian Chancery:

ئەو بەڵگەنامانەی (دیپلۆمات) کە بۆ پاشا کارۆلنجییە[1] دێرینەکان لە ڕۆژئاوای ئەوروپا دەگەڕێتەوە، کەمێك جیاوازییان هەیە لەو بەڵگەنامانەی بۆ پێشینەکانیان دەگەڕێتەوە. بە شێوەیەك واژووەکانی پاشایەتی لەسەر شێوازی نیشانە یان ئارم بوو، بەدەست دەکێشرا. ئەوەبوو شارلمان لە دروستکردنی توغرادا هونەری بەکارهێنا، کە پێکدەهات لە پیتەکانی ناوی خۆی لەسەر شێوەی خاچ. ئەو بەڵگەنامانەی دەریشی کردبوو بەواژووی راوێژکار مۆردەکرا، لەگەڵ چەسپاندنی چاپی مۆرکەی لەسەری impression. ئەو ڕێگاییەکی نوێی تێدا داهێنا، ڕێگاکەش بریتی بوو لە دانانی نیشانەیەك کە هێمایە بۆ مێژوو یاخود

[1] کارۆلنجی: ناوی خانەوادەیەکە، کە دواتر فەرمانداری ڕۆژئاوای ئەوروپاییان کرد، ناوەکەشی لە ناوی پاشاکانیان کە زۆربەیان بەناوی (شارل Charles) لە زمانی فەرەنسی و (کارلوس Carlous) بەلاتینی و (کارل karl )بە ئەڵمانی هاتووە. لە سەرەتای سەدەی هەشتەوە تا کۆتایی نۆیەمی زاینی هەشت پاشا بەم ناوە فەرمانڕەواییان کردووە. دیارترین و مەزنترین پاشایان (شارلمان)ی هاوچەرخی خەلیفەی عەباسی (هارون ڕەشید)ە.



بەروار، نیشانەکە لەدوو وشە پێکدەهات: داتۆم Datum بۆ کات و، ئەکتۆم actum بۆ شوێن.

ئەو ڕێگایەی کە ئەم بەڵگەنامانەی پێ دەنووسرا لە بنەڕەتدا بەندبوو بەشێوازەکانی نووسینی دەستی ڕۆمانەکان، کە بە شێوەی پیتە لکێنراوەکان یان ئەوەی بە نووسینی کێرسڤ (چەماوەیی) cursive ناودەبرێ. ئەم جۆرە نووسینە لە سەردەمی میرۆفنجییەکان زۆر ئاڵۆزبوو، بەجۆرێك شیکردنەوەی هێماکانی زۆر دژوار و گران بوو. پاشان لە دوای ئەوان جێنشینەکانیان هاتن و کاریان لەسەر ئاسانکردن و چاککردنی کرد. وێڕای ئەوەی ئەم بزاڤی ئاسانکردنە دەستنووسە ئەدەبییەکانیشی گرتەوە، بەڵام هەر لەژێر کاریگەری قوڵی نووسینی لکێنراو (کێرسڤ)، کە نووسینی بەڵگەنامەکان(دیپلۆمات)ی، پێی دەنووسرا مایەوە.

لە ماوەی دوایینەکانی سەردەمی شارلمان، دەبینین شێوازە کۆنەکان لەو ئەحکامانەی لە دادگا تایبەتییەکانی دەربار دەردەچوو هەروەکو خۆیان پارێزران و کارییان پێدەکرا. دادگا تایبەتییەکان وەك فەرمانگەیەك بوون کە و لە پارێزگاریکردنی شێواز و نەرێتە کۆنەکان بە ئاستێك زێتر لەوەی کە لە دادگاکانی ئیمپراتۆیەت باو و بەربڵاوبوو زێدەڕۆیان دەکرد.

بەڵگەنامەکانی کارۆلنجی لە سەردەمی پاشا لویس دیبونیر Louis debonaire ناسراو بە ((لەخوا ترس Pious))، کە دواتر بوو بەئیمپراتۆر (814-840ز) شێوەی کۆتایی خۆی وەرگرت. ئینجا بەتێپەڕبوونی کات چەندین جۆر و شێوە لە ئیمزای کورت Monogram دەرکەوت. ئەم جارەیان لەسەر شێوزای خاچ، یان شێوەی پیتی دابەشکراو بەدوریدا هەروەك لەپێشتر بەسەریدا گوزەرمان کرد ڕێکنەخرابوو، بەڵکو ئەمجارەیان واژوو شێوەی پیتی(H)ی وەرگرت. ئەم کورتکراوە هێمایە بۆ پیتی یەکەم لە ناوی لودفیکوس Hlutovicus واتە: لویس لودفیك Ludwig. ئیدی هەر یەك لەو پاشایانەی ناوی (لویس)یان، هەبوو کە بەدوای یەکدا کورسی فەرمانڕەواییان گرتە دەست. ئەم نەخشەیان دەکردە دروشم، بەو شێوەیە ئەمە بوو بە نەرێتێکی پەیڕەوکراو.

بە شێکی زۆر لە کارمەندانی دەزگاکانی سەرپەرشتیار لەسەر کارگێڕی بەڵگەنامەکانی کارۆلنجی پێکهاتبوون لە پیاوانی کەهنوت بەسەرۆکایەتی یەك لەوانە کە بەراوێژکار Cancellarus نێودەبرێت. ئەسڵی ئەم نازناوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی دەگەڕێتەوە. واژووی ئەم راوێژکارە بەیەك لە پێداویستییە سەرەکییەکانی دەرکردنی پێڕەوەکانی پاشایەتی دادەنرێت، بەو پێیەی ئەمینداری گەنجینە و ئەرشیفی پاشایەتییە. هەرچی بەڵگەنامەکانیشە لەلایەن باوەڕپێکراوەکانەوە Notaries دەنووسران. ئەوانە دەستەیەك فەرمانبەر بوون ئەرکیان نووسینی نووسراوی هەموارکراو (ڕاستکردنەوە)بوو. هەروەها ملکەچی ڕێنمایی زۆر توند دەکران لەبەر پێویستی پارێزگاریکردن لەسەر شێوە و فۆرمە بۆماوەییەکان و ڕێسا و نەریتە پەیڕەوکراوەکان لە فەرمانگەکاندا.

بەڵام لەسەدەی نۆیەمدا وادەبینین بەڵگەنامەکان پتر لە پێشوو لەڕووی وردی و ڕێککارییەوە (ضبط) بایەخی پێدرا، کاتێکیش سەدەی دەیەم هات، ئەو بایەخ و گرنگی پێدانە دای لە لاوازی و جۆرێك لە داخوران و دواکەوتن رووبەڕووی بووە. ئەوەش شوێنی لەسەر زێترکردنی روخسارەکانی پەشۆکی و کەمی ڕێکخستن و گونجاوی تێیدا دانا. هەموو ئەمانە لە سەردەمی پاشا کاپیتینەکان[1] Capetian روویدا کە ئاژاوە و ئاشووب باڵی بەسەر ئەرشیف وگەنجینەکانی کارۆلنجیدا کێشابوو. ئەوەش وای کرد دانانی سنوور بۆ ئەوە ئاژاوە و ئاشوبە، هەروەها پێویستی چاککردنەوەی بارودۆخەکەی، زۆر پێویست بکات. ئەوەش لەسەردەمی پاشا لویسی شەشەمی کابینی هاتەدی، کە شێواز و فۆرم و ڕێسا کۆنەکانی لەڕووی وردبینی و بایەخ پێدان و ڕێککارییەوە بۆ سەردەمەکانی پێشتر گەڕاندەوە.

[1] بنەماڵەی کاپت یان بنەماڵەی کاپیتییە دەدرێتەپاڵ هۆگ کاپت H.Capet دۆقی ناوچەی فرانسیا. یەکەم پاشایە لەو بنەماڵەیە، کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا (987ز) فەرمانڕەوایی فەرەنسای کردووە، لە سەردەمی ئەویش جەنگی خاچدروشمەکان بەرپابوو.



**★ ئەرشیفی بەڵگەنامەکانی ئەڵمانی German Chancery:**

دەگونجێ ئەو زانیارییانەی لە بارەی ئەرشیفی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیدا هەیە، کورتبکەینەوە لەوەی بڵاوکراوە یاساییانەی، کە هەمان شێواز و سیستەمیان پەیڕەو دەکرد، کە بەڵگەنامە و دپلۆمای کارۆلنجی لەسەری دەڕۆیشت. هەمان هەنگاوی ئەوانیان هەڵگرت لەگەڵ هێندێ جیاوازی سادە. ئەوەش هەتا سەردەمی (فردریك بەربەروسا Frederick Barborossa 1152-1190ز)[1] ، لەسەر ئەم مۆدیل و شێوەیە بەردەوام بوو (وێنەی -3).

**★ ئەرشیفی پاشایەتی بەریتانی Royal English Chancery:**

هەر لە سەرەتای سەردەمی ئەنگلۆسەکسۆنییەکانەوە تا ساڵی (1066ز)، دەتوانین بەڵگەنامەکانی پاشایەتی بەریتانی بۆ دوو پۆلی سەرەکی دابەش بکەین:

1- دپلۆمەکان Diplomas.
2- داتا فەرمییەکان Writs.

لەو شتانەی لەمێژەڕا زانراوە ئەوەیە، کە پاشاکانی سەکسۆنی هەندێ رواڵەتی شێوەی بەڵگەنامەکانیان لە ئەفرنجە هاوسێیەکانیان وەرگرتووە. پاشان چەند شێوەیەکی کەمێك گۆڕاو هەموارکراویان دەرکردووە لەگەڵ پارێزگاریکردن لە روخسارە نەتەوەیی و جیاوکەکانی تایبەت بەخۆیان. ئەم پاشایانە دپلۆماتیان بۆ چەندین مەبەست بەکارهێناوە، لەوانە: بۆ گۆڕینەوەی بەخششەکانی تایبەت بە زەوی بۆ موڵك و سامانە هەمیشەییەکان. لەسەر ئەم بنەڕەت و بنچینەش دەکرێ بەوە وەسفی بکەین، کە جۆرێکە لە بڵاوکراوە باڵاکان Solemn Statement. پێدانی تایبەت بەزەویش بەناوی پاشاوە دەردەچوو لە نموونەی ئەوەش:

[1] ئەو پاشایەی ئەڵمانیایە، کە سەرکردایەتی سوپاییەکی مەزنی کرد بۆ شەڕکردن دژی سەلاحەددینی ئەیوبی، لە ئەنجامدا قودسی رزگارکرد. ئەم پاشایە بەئاواتی خۆی نەگەیشت. ئەوەبوو لەیەك لە ڕووبارەکاندا لە کاتی پێشەوەچوونی سوپاکەی بەرەو ڕۆژهەلات نغرۆبوو، هەروەها بە (فردریکی یەکەم) ناسراوە.

**من..........ئەبەخشم.............Ego..........Concedo**

بەڵگەنامەکان هەمیشە بە هەندێ دەستەواژەی نزا و پاڕانەوەی وەك ((بەناوی خوا....ئامین In Dei nomine Amen))، یان بەڕستەیەك کە هێمایە بۆ مەسیح Chrismon دەستپێدەکرا. لە زۆربەی جاریشدا ئەو ناونیشانانە لە دوو پیتی XP[1] پێکدەهات. ئینجا بەدوایدا ئەو دەستەواژە رەوان و پاراوانەی وەرگیراون لە وتە پیرۆزەکان دەهاتە کردن وەك خۆشەویستی، چاکەخوازی، مرۆڤدۆستی و، خوێندنەوەی هەندێ نزای ئایینی کە ملکەچی لە دروون دەبوژێنێتەوە. پاشان گێڕانەوەی تێروتەسەلی تایبەت بە بەخشش و مێژوو و بەروارەکەی لەگەڵ هاتنی وەسفی تەواوی زەوییە بەخشراوەکان (واتە: ئەوەی پێوەندی بەسنووری ئەو زەوییەوە هەیە). دواتر بەڵگەنامەکان بە واژووەکانی پاشا و پیاوانی ئەکلیروس و گەورە پیاوان و کەسایەتییە سیڤیلەکان کۆتایی پێدەهێنرا. هەروەها واباوبوو کە لۆگۆی خاچ لەبەرامبەر هەریەك لەو ناوانەی واژوویان کردووە دابنێن.

زمانی لاتینی، بە زۆری زمانی بەکارهاتوو بوو لە نووسینی هەندێ لە بەڵگەنامەکان و، هەندێ جاریش زمانی ئینگلیزی کۆن لە نووسیندا بەکاردەهات. جگە لەهەندێ بڕگە نەبێ کە پەیوەندی بەسنووری زەوییەوە هەبوو، ئەوەیان بەزمانی خۆماڵی (عامی) دەنووسرا.

گەر سۆراخی بەڵگەنامە ئەسڵییەکان لە نێو ئەو بەڵگەنامانەی لەسەر شێوازە ئەسڵییەکەی ماوەتەوە بکەین، دەبینین کۆنترینیان بۆ ساڵی (679ز) دەگەڕێتەوەو، هیچ دانەیەکیش لەو بەڵگەنامە ئەسڵیانە پێش ئەو ساڵە نەماوەتەوە واتە: لە ساڵی (670ز) کۆنتربێ. ئەم ساڵەش، ساڵی گەیشتنی سەرۆکی ئەسقەفەکان (تیودۆر) بۆ ناوچەی کەنتەربەری بوو. بەپشت بەستن بەم راستیانە، سەرباری فەراهەم بوونی هەندێ بەڵگەنامەی کۆنی کۆتاییەکانی سەردەمی رۆمانی خودان خەسڵەت و رواڵەتی پەیوەست بەکردارەکانی یاسادانانەوە، پاڵی بەزانای بەڵگەنامەیی وڵهام لیڤیسیون Wilhelm Levison



تا بگاتە ئەو دەرەنجامەی کە دپلۆمە پاشاییەکانی ئەنگلۆسەکسۆنی خاوەن ریشەی ئیتاڵین و کاریگەری ئیتاڵیان لەسەرە. هەروەك لە کتێبە چاپکراوەکەی لە ساڵی (1946) بەناونیشانی ((ئینگلتەرا و کیشوەرەکە لە سەدەی هەشتەمدا)) ئاماژەی بۆکراوە و هاتووە:

England and the Continent in 8th century, (1946).

هەتا ساڵی(1066ز) یەکبینە کار بەدپلۆمەکانی ئەنگلۆسەکسۆنی دەکرا. هەندێ لەوانە وێڕای ئەوەی پاش ولاتگیری ئینگلتەرا لەلایەن نورمەندییەکانەوە دەرچووە، کەچی گومان لەئەسڵییەت و رەسانەیەتی دەکرێ. تێبینی دەکرێ لەم نموونانەی دوایی، ئەو دپلۆمانە دەستەواژەی تایبەت بەدیاریکردن و دانانی سنوور Boundary Clause بەپیتی بچووکتر دەنووسرا لە قەبارەی ئەو پیتانەی دەقەکانی تری بەڵگەنامەکەی پێ دەنووسرا. ئەگەر شیاو بێ ئەو سەردەمە دەستنیشان بکەین، کە بۆی دەگەڕێتەوە ئەوا ئەو بەڵگەنامانە پێشتر ئامادەکراون (لە شێوەی رەشنووسێك)، پاشان دووبارە لەلایەن رازگری پاشایەتی (سکرتاریەت)ەوە، دەنووسرایەوە. لەمەوە بۆمان روون دەبێتەوە ئەم پرۆسانە رێڕەوی خۆیان وەرگرتوو بێ ئەوەی دەستی سوودمەندانی بەڵگەنامەی پێ گەیشتبێت.

دوای سەرهەڵدانی داتا فەرمییەکان writs گرنگی و بایەخ بەبەڵگەنامە مۆرکراوەکان رووی لەلاوازی و کەمی کرد. ئەم داتایانە سەکسۆنی بوون، کە بەتەواوی لەگەڵ دپلۆمەکان جیاوازبوون و، بە زمانی عامیش دەنووسران. هەروەها بەڵگەنامەکەش بە دەستەواژەیەك کە سیفەتی پاشا وشتی تری تێدا باسدەکرا دەکرایەوە و دەستپێدەکرا، وەك ئەم نموونەیە: ((پاشا ئەدوارد.........))، ئینجا بەدوای ئەوەدا گوتاری ئاراستەکراو بۆ ئەسقەفەکان، ئینجا ئەیرل و دەرەبەگەکان (خاون مولك و سامانەکان) لە ناوچەی هاتوو لە نێو بەڵگەنامەی بەخشیندا دەهات. بەدوای ئەوەشدا دەستەواژەکانی رێزلێنان و حورمەتگرتن و سەلاریی دێت. لەزۆربەی جاریشدا بە دەستەواژەگەلێك کە ناوەرۆکی بەڵگەنامەکەی تێد پوختەدەکرێتەوە کۆتایی پێدێت. لەگشت ئەم بارانەشدا ئەم داتایانە بەمۆری مەزنی پاشایەتی مۆر دەکرا.

ئەم جۆرە لە بەڵگەنامە، پێشینەیەکی کارگێڕیان هەیە و، مێژووەکەشی بۆ سەردەمی پاشا ئەلفرید دەگەڕێتەوە. خاڵی گوماناوی تێدا ئەوەیە ئایا ئەم بەڵگەنامانە پێش سەردەمی پاشا کانوت[1] لە دانی زەوی یاخود نەدانی بەکاردەهات؟ ئەو پاشایەیی وا ناودەهێنرێت، کەوا مۆری دووڕووی double sidedی، هێناوەتە ناو ئینگلتەرا.

کۆنترین بەڵگەنامە و مۆری ئەنگلۆسەکسۆنی، کە تا ئیمڕۆ پارێزراوە و هەڵگیراوە بۆ سەردەمی پاشا ئەدواردی بە ناوبانگ دەگەڕێتەوە. ئەم داتا فەرمییانە پێش ساڵی(1066) لەلای دۆقەکانی ناوچەی نۆرمەندی ناسراو نەبوو. لەوەوە چەندین فاکتەر لەلای ئەو کەسانە هەیە، کە بانگەشە بۆ دڵنیابوون لەنەبوونی مۆر یان رازگر (سکرتاریەت) لەلای دۆقەکان دەکەن. بۆیە هانایان بردۆتە بەر شێوزای بەخشینی زەوی و موڵك و سامان، بەدەرکردنی دیپلۆمەکان بۆ ئەم مەبەستە. واژووە کەسییەکانیشیان بە زۆری لەسەر فۆرمی خاچێك بووە، کە تێیدا رەوایەتی بەو بەڵگەنامانە دەبەخشی(وێنەی 9).

پاش رزگارکردنی ئینگلتەرا (ولیەمی فاتیح) مۆرێکی گەورەی بۆ خۆی دروستکرد. روویەکی مۆرەکەی بە وێنەی پاشا کە لەسەر کورسی پاشایەتی دانیشتووە بەسیفەتی پاشای ئینگلتەرا نەخشاند و، رووەکەی دیکەش لەسەر شێوە سوارێك، کە سواری زینی ئەسپەکەی ببوو بەو سیفەتەی دۆقی ناوچەی نۆرمەندە نەخشاند(بگەڕێوە بۆ وێنەی ژمارە 10). لە ماوەی ساڵانی یەکەمی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا پاشا ولیەم درێژەیدا بەدەرکردنی داتاکانی پاشایی بە زمانی ئەنگلۆسەکسۆنی، کە ئاڕاستەکراوبوو بۆ هاوڵاتییە ئینگلیزەکانی خۆی،

[1] کانوت: یەك لە پاشاکانی دانیمارکە، لە ساڵی 1066ز بوو بە پاشای ئینگلتەرا، فەرمانڕەوایەتییەکەی بەحیکمەت و دانایی و بەزەیی وەسفدەکرێ. دانیون ماوەی چارەکە سەدەیەك فەرمانڕەوایی ئینگلتەرا کرد، هێندەی نەبرد پاش ((ماڵباتی ئینگلیزی)) جارێکی تر لەڕێگای ئەدواردی دانپێدانراودا (ادوارد المعترف) لە ساڵی 1043ز دا گەڕایەوە بۆ سەر کورسی فەرمانڕەوایی لە ئینگلتەرادا. بڕوانە: تاریخ العصور الوسطى و الحديثة، ص230.



وەك چاوەڵێکردنێك لەوەی پاشا ئەدوارد کردی. لە ساڵی (1070) نووسینی دەقی بەڵگەنامەکان بەزمانی لاتینی دەستی پێکرد. لەو مێژووەڕا بەرەبەرە بەڵگەنامە نووسراوەکان بە زمانی رەشۆکی بەرەو نەمان چوون تا ئەو رادەیەیی بەتێپەڕبوونی ساڵ دانسقە و دەگمەن بوو. ولیەم وجێ نشینەکانی لە ئەنگلۆنۆرمانەکان، ناو بەناو هەندێ چاکسازیان خستە سەر شێوەی ئەو داتا(فەرمانەکان) پاشایانە writs، هەروەکو رواڵەتی نوێ و تازەیان تێدا داهێنا. بەمەش بەهای کارگێڕییەکەی زیادکرد و رەسانەیەتی بەڵگەنامەکەش گرەنتی گەورەتری پێبڕا. لە مێژووی نێوان ساڵانی (1070-1072ز) گەشەسەندنی بەڵگەنامەکان لە باری باشتر لەپێش خۆی بەردەوام بوو. ئەوەش بەسەربارکردنی هەندێ دەستەواژەی نوێ، یان ناوی شایەت (گەواهیدەر)، یاخود چەند شایەتێك لە کۆتاییەکەیدا بەتایبەتی لە دواکاتەکانی فەرمانڕەوایی ولیەم هەندێ لەو دەستەواژانە بەناوهێنانی شوێنی دەرچوونی بەڵگەنامەکە کۆتایی پێ دەهات، وێڕای ئەوەش ئەم رواڵەتە نوێیانە هەتا سەردەمی پاشا هنری یەکەم (1100-1135ز) کەمتر شێوەی جێگیر و رێکخراوی تێدا دەبینین. مێژوو بەرواری دەرکردنیشی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسدەکرا هەروەك ئەوەی ئاماژە بکا بۆ ئاهەنگێك، کە بەهۆی بۆنەیەك لە بۆنەکان دەبەسترا وەکو جەژنی لە دایکبوونی قەدیس میخائیل Michael mass، یان ئاماژەیەك بۆ گیان بەبەرداکردنی مەسیح Incarnation[1] و هی دیکە.

بەڵام لە بابەتی بەخشینەکاندا grants کە بە نۆرمانەکان و سوودمەندان دی لەسەرتاسەری کیشوەر (کیشوەری ئەوروپا) و لە ئینگلتەرا دا دەدرا. ئەوا ئەو دپلۆماتانەی سروشتی نۆرمانیان هەبوو هەتا دوای سەردەمی ولیەمی فاتیح هەر بەکاردەهێنرا. بەڵام لەم ماوەیەدا بە مۆری پاشایەتی مۆر دەکرا.

[1] لە نموونە کۆنەکانی نێو بەڵگەنامەکاندا، پشتیان بە رۆژمێری رۆمانی بەستووە وەك ساڵی پانزەهەم Indication کە یەکەیەکی کاتییە لە پانزە ساڵ پێکدێت. ئەمەش لە ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا بەربلاو بەکاردەهات

کاتێك پاشا هنری دووەم چووە سەرتەختی پاشایەتی، دەتوانین بەوپەڕی متمانە و دڵنیابوونەوە بڵێین، کە ئەم دپلۆمانە لە کارخران و زەمەن بەسەریاندا گوزەری کرد، لە بری ئەوە بەڵگەنامەکانی ئەنگلۆسەکسۆنی جێگایانی گرتەوە. بەڵام لە کاتی هاتنەسەرتەختی (جۆن) بۆ سەر تەختی ئینگلتەرا لە ساڵی(1199ز)، دەبینین بەرەو چاکتر گۆڕین و پەرەسەندن لە شێوەی داتا پاشاییەکان Writs تا ڕێژەیەك جێگیر بەدی کرا، چوارچێوە و فۆرمێکی تەواو پڕاوپڕی خۆی بۆ خولقا. دەگونجێ سەرومڕی ئەم پەرەسەندانە لە سێ جۆری سەرەکی کۆبکەینەوە، بە شێوەیەك بتوانین زۆر بەئاسانی جیاکاری لە نێوان بەڵگەنامەیەك و بەڵگەنامەیەکی دی دا بکەین، جۆرەکانیش ئەمانەن:

1- لەو جۆرانەی کە لە هەموویان زێتر شکۆتر و پیرۆزترە، ئەو یاسایانەبوو کە بە Carta ناسرابوون. کە بریتییە لەبڕوانامەی Chaters تایبەت بەدانی زەوی و ئازادییەکان بە شێوەیەکی هەمیشەیی. هەمیشەش ئەم جۆرە بەناوبردنی نازناوی پاشا دەستپێدەکات، ئینجا بەدوایدا گوتاری ئاڕاستەکراو بۆ سەرۆکی ئەسقەفەکان archbishops و دواتر بۆ ئەسقەفەکانیش دێت.....تاد. هەروەك ئەم پولە دوو دەستەواژەی بۆ مۆرەکان تێدا تۆمار دەکرێ، یەکەمیان تایبەتکراوە بۆ ناوی شایەت و گەواهیدەرەکان لە ئەکلیروس و عەلمانییەکان (واتە: ڕوحانی و جسمانییەکان)، دووەمیشی تایبەتە بەمێژوو بەرواری بەڵگەنامە و ناوەڕۆکەکەی:

**((بەدەستی خۆمان پێمان دا........ ڕاوێژکار...............))**

پاشان مێژووەکەی بەتێروتەسەلی ((ڕۆژ ومانگ و ساڵ))ی پاشایەتی، ساڵی هاتنە سەرتەختی پاشا و پراکتیکەکردنی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی تۆمار دەکرێت. ڕێسای پەیڕەوکراویش مۆرکردن و پەسەندکردنی دپلۆمەکەیە بە مۆری مەزن و بەمۆمی سەوز لەسەر دەزوویەکی حەریری.

2- بە دوای ئەمەدا لەڕووی گرنگییەوە، پۆلی دووەم دێت. ئەوەی زاراوەی نامەکراوەکان (نامەکانی باوەڕپێکردن) Litterae patentes پێی دەوترێت،



کە لە پێڕەوەکان و ئەو یاسایانەی بەهایەکی کاتیان هەیە بەکاردێت، وەکو دەستەبەرییەکان و بەخشش بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و، ئەرك دان بە لیژنەکانی پاشایەتی. زۆربەی کاتیش ئەم نامانە بە دەستەواژەگەلێك کە گوزارشت لە نازناوەکانی پاشا دەکات دەستپێدەکات، پاشان گوتاری ئاڕاستەکراو ((بۆ هەموو ئەوانەی ئەم کارەیان بەولاوە گرنگە و نامەکە بەدەستیان دەگات)) دێت.

بەڵام کۆتایی پێهێنانی ئەم نامانە بەم دوو دەستەواژەیە دەبێ: یەکەم تێدا دەنووسرێت کە ئەم نامەیە بە شێوەیەکی کراوە (ئاشکرا) نێردراوەو، دووەمیش: ئەمەی خوارەوەی لێی نووسراوە:

**((من خودی خۆم شایەتی دەدەم لەسەر.......................))**

ئینجا شوێنی دەرکردنی نامەکە و مێژووەکەی ڕۆژ و مانگ و ساڵی پاشایەتی تێدا دەنووسرێ و باسدەکرێ. دوای هەموو ئەمانە، نامەکە بە مۆری مەزن و بەمۆمی سپی تۆماردەکرێت و لەسەر دەزوویەکی ئاسایی چەسپ دەکرێت.

3- بەڵام جۆری سێیەم، نامە داخراوەکانە Litterae Clause، ئەو جۆرە جیاوازی لەگەڵ دوو جۆرەکەی تر هەیە، کە پێشتر باسمان کرد. تێیدا مۆر وەك ئامرازێکی داخستنی نامە (بەڵگەنامە) لەنامە داخراوەکاندا بەکاردێت. ئەم جۆرە لە ناردنی زانیارییەکان و ڕاگەیاندنی فەرمانەکان بۆ فەرمانبەرێکی دیاریکراو، یان بۆ دەستەیەکی زانراو و دیاریکراوی خەڵك بە شێوەی گوتاری ئاڕاستەکراو بۆیان بەکارهێنراوە، بەڵام دەستەواژەی تایبەت بە مێژوو و بەروار بەم شێوەیەیی خوارەوە دەقنووس کراوە و نووسراوە:

**((بەنەفسی خۆم شایەتی دەدەم لەسەر ......... بەمێژووی .......))**

ئینجا نامەکە بە مۆرەکەی، بەمۆمێکی سپی و بەمۆری مەزن لەسەر شریتێکی دەزوویی دادەخرێت.

★ ★ ★

بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست ئەم سێ جۆرە لە بەڵگەنامەکان بەبێ هیچ گۆڕانکارییەك هەر بەجێگیری مایەوە و پارێزگاری لە شێوەکەی خۆی کرد. بەڵام لە سەردەمی پاشا هنری سێیەم مێژوو و بەروار و ڕێککاریکردن لە بڕوانامەکاندا بە شێوەیەکی ورد مەحکەمکرا، کە دەقەکە بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرایەوە:

**((بەدەستی خۆمان پێمان دا.............................)).**

لە سەدەی سیانزەوە زمانی فەرەنسی لە نووسینی جۆرەکانی نامە داخراو و کراوەکان جێی زمانی لاتینی گرتەوە. ئەو نموونانەی بەڵگەنامەکان کە پاشاکانی ئینگلیز لە وڵاتگیری ئینگلتەراوە تا کاتی ئێستا بەکاریان هێناوە لەڕووی تەرز(نمط)و ڕێباز و، ئەو ڕووداوە سیاسیانەی کە وەخۆی گرتووە جیاوازە، وەك نموونەیەك بۆ ئەوە پاشا هنری سێیەم دوای گرێدانی پەیماننامەی پاریس لەگەڵ پاشای فەڕەنسا (لویسی نۆیەم) لە ساڵی 1259 [1]دا. وازی لە بەکارهێنانی نازناوی ((دۆق نۆرمەندی)) و ((کۆنت ئانجو Anjon)) هێنا.

کاتێك پاشا ئەدواردی سێیەم هات وەك ئەوانی پێش خۆی نازناوی پاشای فەڕەنسای بەوپێیەی بارودۆخ و ڕەوتی سیاسی باو لەو کاتەدا بۆی دەلواند و لابرد[2].

هەرچی نازناوی راوێژکارییە Cancellor بەوپێیەی بەرپرسە لەڕازگری پاشایەتی (سکرتاریەت)، تا سەردەمی ولیەمی فاتح کە مۆری مەزنی بەدەستەوە بوو، وەك خۆی مایەوە و بەکارهات. هەر بۆ خۆشی سەرپەرشتی سەرجەم کردەوە هەنووکەییەکانی دەکرد کە هەندێ لەفەرمانبەر و نووسەرە ئاساییەکان، ئەرکی بەجێهێنان و جێبەجێکردنی کارەکانیان گرتبووە ئەستۆی خۆیان، کە بەتێپەڕبوونی زەمەن بەرەبەرە ژمارەی ئەم فەرمانبەرانە زیادی کرد.

---

(1) هینری سێیەم، نازناوەکەی بۆ (dux aquitaniae) واتە: فەرمانڕەوای ناوچەی ئەکویتانیا کورتکردبووە. ئینجا پاشا ((جۆن)) هات، و نازناوی (Dominus Hibeniae) واتە: سەرۆکی ئیرلەندای زیادکرد.

(2) پاشا ئەدواردی سێیەم: کە داوای تەختی فەڕەنسای دەکرد، نازناوی ((پاشای ئینگلتەرا و فەڕەنسای Rex Angliae et franciae)) لەخۆنابوو. پاشاکانی دوای ئەویش لەسەر هەمان تەرز ڕۆیشتن تا ئەم نازناوە هەڵوەشێنرایەوە.



## پێنجەم: ئایا عەرەب و موسڵمانەکان زانستی دپلۆماتیکیان ناسیووە؟

دوای ئەوەی خوێنەر ئەم لێکۆڵینەوەی خوێندنەوە مافی خۆیەتی بپرسێت ئایا عەرەب و موسڵمانەکان زانستی دپلۆماتکیان ناسیوە؟ ئایا هیچ بەشدارییەکیان کردووە لەم بوارەدا و دەستکەوتیان لەم زانستەدا بەدەست هێناوە؟ ئایا ئەوان دەست پێشخەر یاخود کەمتەرخەم بوون لە گەیشتنەوە بەئەوروپییەکان لەم بوارەدا؟

هەروەها هەر لە سەرەتاوە کە(ناوی زانستی لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکان) مان لێنا، جۆرێك لەدژوارییمان لە دۆزینەوە و دیاریکردنی وشەیەکی گونجاو، کە گوزارشت و دەربڕی تەواو پڕاوپڕ و چۆن یەك بێ بەو واتایەیی کە واژەی دپلۆماتیك لە زمانەکانی ئەوروپیدا دەیگەیەنێ بینی. هەروەك وەچانێکی زۆرمان کرد لەوەی هەندێ لە توێژەرانی ئەوروپی وادەبینن، کە زانستی دپلۆماتیك لەلای عەرەب و موسڵمانەکان لەژێر ناوی (مەرجناسی) لە وتراوە ئەدەبی و فقهی و مێژوویی و پەرتووکەکانی داڕشتن و هۆنینکاریاندا ناسراوە و بەربڵاوە.کە چاوەڕێی هەوڵ و تەقەلّای دڵسۆزانەیە بۆ روانگە لێگرتنی و کۆکردنەوە و دەرهێنانی لە ناواخنی کتێبەکان و پاشان لێکۆڵینەوە و سۆراخکردنێکی رەخنەگرانە بەپێ روانگەی زانستی نوێ لەژێر رۆشنایی لێکۆڵینەوە ڕێبازییەکان و ڕێسا بابەتییەکانی ئەم زانستە بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی گەلانی دی.

لەبەرئەوەی بنەماکانی ئەم زانستە لە زۆربەی کتێب و سەرچاوەکاندا بەشێوەی پەرت و بڵاو هاتووە. ئەوا هێنانەوەی هەندێ نموونە لە کێشانی هێڵە گشتییەکانی ئەم زانستە سوودی دەبێ.

لەم روانگەیەوە، دەتوانین بڵێین، کۆنترین پرۆسەی ((دپلۆماتی)) نووسینەوەی قورئانی پیرۆزە لەگەڵ پشت بەستن بەو روونووسە (نسخە) ی، کە بەسەر ئەمسارەکاندا دابەشکرا. هەروەها کۆکردنەوە و نووسینی فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ).

## - نووسینەوەی قورئانی پیرۆز:

دەکرێ پرۆسەی نووسینەوەی قورئانی پیرۆز بە گەورەترین پرۆسەی دیپلۆماتی دابنرێ. لەوەوەش پرۆسەی مەزنی نووسینەوە لەلای موسڵمانان دەستپێدەکات. روون و زانراوە لەلای لێکۆڵەرانی لێکۆڵینەوە قورئانییەکان، کە قورئان لە ماوەی بیست و سێ ساڵ بە شێوەی بەش بەش دابەزیووە، هەندێکی لە مەککە دابەزیوە کە نزیکەی سێ یەکی قورئانە و ئەوی دیکەی لە مەدینە دابەزیووە.

سروش (وەحی) ژمارەیەکی کەم لە نووسەری خۆی هەبوو، ئەوانەی هەڵدەستان بە نووسینەوەی ئەو ئایاتانەی کە لە قورئانی پیرۆز دادەبەزی لەسەر (روقاع و ئەزلاع)[1] و گەڵای دارخورما و بەرد و کاغەزی سپی (پێستە).

لە دوای کۆچی دوای پێغەمبەر(د.خ) قورئان لەیەك پەڕاودا کۆنەکرابووە، بەڵکو چەند پەڕاوێکی بەربڵاوو هەبوو، کە نووسەرانی وەحی نووسیبوویان و، لە سنگی یارانی پێغەمبەر ئەزبەکەر کرابوو و پارێزراوبوو. لە سەردەمی ئەبوبکردا (خ. ر) بەڕاسپاردەی عومەری کوڕی خەتاب (خ.ر) فەرمانی بەکۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز دا، بەڵام نەك لەیەك پەڕاودا، بەڵکو گشت پەڕاوە جۆراوجۆرەکانی کۆکردەوە، کە ئایەت و سوورەتەکانی قورئانی تێدابوو. هەروەها ئەوەی لە سنگی یاراندابوو، نووسیەوەو، بەئەبوبەکری (خ. ر) سپارد. ئەم کۆکردنەوەیە زەیدی کوڕی سابت لە ئەستۆی گرت و سەرپەرشتی کرد[2].

دواتر لە ئەبوبەکرەوە چووە دەستی حەفسەی کچی عومەر، تا ئەو کاتەی عوسمانی کوڕی عەففان (خ.ر) خەلافەتی گرتە دەست، ئیتر عوسمان، ئەو پەڕاوەی کە لەلای حەفسە بوو لێیوەرگرت و دای بەکۆمەڵێك لە یارانی پێغەمبەر لەوانە: زەیدی کوڕی سابت و عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر و سەعدی کوڕی عاص (واتە: بۆ کۆمەڵێك لەبەڵگەنامەکارانی متمانەپێکراو ئەوەی کە لە مرۆڤدا بە

(1) جۆرێکە لەکاغەز، کە لەو سەردەمەدا نووسینی لەسەرکراوە.(و. کوردی)

(2) دکتور احمد امین، فجر الاسلام، ج1،ط2، القاهرة، 1933، ص229.



بەڵگەنامەکارانی هاوچەرخ ناسراون) سپارد بۆ کۆکردنەوەی قورئان لە یەك پەڕاوداو، چەند دانەیەکیشی لێگرتەوە و نووسییەوە و بەسەر ئەمسارەکاندا دابەشی کرد. ئەو پەڕاوانەی پێچەوانەی پەڕاوە کۆکراوەکەبوو سووتاندی[1].

## - نووسینەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ):

فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا (د.خ)، پاش قورئانی پیرۆز سەرچاوەی دووەمی بیروباوەڕی ئیسلامییە. نووسینەوەشی لەڕووی گرنگی و بایەخەوە لە جێگا و ئاستی ئەودابووە، لەبەرئەوەی لایەنی پراکتیکی بیروباوەڕ و شەریعەتی ئیسلامی دەنوێنێ. لەوەوە هەندێ لەیارانی پێغەمبەر لەو تێگەیشتنەوە سەربەخۆیانە دەستیانکرد بەنووسینەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)، لەسەرووی ئەو یارانەی کە فەرموودەکانیان نووسیوە، عەبدوڵڵای کوڕی عەمرو کوڕی عاس بوو کە دەڵێ: ((هەر شتێکم لە پێغەمبەر گوێ لێی بوایە دەمنوسیەوە و دەمویست ئەزبەری بکەم، لەوەشەوە مەبەستم بۆ ئەزبەرکردنی، یاخود تۆمارکردنی بووە ئەوەش وەك رێخۆشکردنێك بۆ گێڕانەوە (روایة) جا وەك نووسەرێك یان ئەزبەرکەرێك بێ))[2].

لە کاتێکدا فەرموودەکانی پێغەمبەر تەواوکەری ئەو ئەحکام و فەرمایشتانە بێت، کە بەڕاشکاوانە لە قورئاندا نەهاتوون. کاتێ لایەنی پراکتیکی ئایین بێ، ئیدی بایەخدان پێی و، نووسینەوەی جێی گرنگییەکی مەزنە.

ئینجا پاش ئەوە کەسانێك سەریان هەڵدا، کە کاریان لەسەر گومانکردن و پیلانگێڕی لەسەر ئیسلام دەکرد. مەبەستی زۆربەی ئەو کەسانە لە دواوەی دانانی فەرموودەکان، پیلان گێڕان لەسەر ئیسلام بوو، هەندێکیشیان بەباشی

(1) المصدر نفسه، ص229.

(2) د.مصطفى الشكمة، مناهج التاليف عند العلماء العرب (القسم الاداب)، دار المعلم، للملايين- بيروت، 1973، ص36.

موسڵمان نەبوو بوون، یاخود چاك تێنەگیشتبوون. ئەوە عومەری کوڕی خەتابی (خ.ر) هاندا بۆ کارکردن لەسەر کۆکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)، هاوکات هەندێ لەیارانی پێغەمبەریش پشتڕاستی ئەوکارەیان کرد. هێندەی نەبرد پرۆژەی کۆکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر بوو بە واقعێکی زیندوو. ئەوەبوو موحەمەدی کوڕی موسلیمی کوڕی عەبدوڵڵای زەهری (لە ساڵی 124ھ، مردووە) یەکەم هەوڵیدا بۆ نووسینەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر. دواتر بەدوای ئەودا هەوڵ و کۆششەکان بەدرێژایی سێ سەدەی یەکەمی کۆچی بەردەوام بوو، پرۆسەکەش سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا وگەورەترین زانایانی فەرموودە و دیارترین فەرموودەناسانی کۆڕا کرد لەسەری. ئەو زانایانەی دژواری و نارەحەتی کۆچکردنیان قبولکرد و بەرگەیان گرت لە پێناو دڵنیابوون لە راستی و دروستی فەرموودەکان.

گرنگی دان بە کۆکردنەوەی فەرموودە لە ئاستی پۆلینکردن و گێڕانەوە نەوەستا، بەڵکو بەرەو دانانی پێوەر (معیار) و پلە بۆ فەرموودە و فەرموودە گێڕەوەکان . ئەوە گێڕەرەوەییەکی بە متمانەیە و، ئەوی تر بێ متمانەیە و، ئەوەیان مودەلەسە(مدلس) و، دانراوە (وضاع). ئیتر فەرموودەناسان لەوپەڕی توانست و مەعریفەی خۆیانداپوون سەبارەت بەتوانای گێڕەرەوەکان و فەرموودەگێڕەرەوەکان و ئاستی راستگۆی گێڕانەوەکانیان، بەجۆرێك بەسەر چەند ئاست و چینێك دابەشیان کردبوون و هەندێکیان لە هەندێکی تریان بەچاکتر دەزانی.

هەروەها ئەوەی کە لە کاتی وەرگرتنی فەرموودەکان و ئەداکردنیداو، لەمیتۆدی پاڵفتکردنی فەرموودە دروستەکان لەناساغەکان، دەستەواژەی ((چەسپاندنی گێڕانەوەی)) پێدەگوترێ، کە زاراوەی (رەخنەی گێڕەرەوەکانی) بەسەردا دەبرێ. ئەوەش بە خستنەڕووی فەرموودەکان لە هەمبەر دەقەکانی ئاین و رێساکانی. ئینجا دوای هەوڵ و تەقەڵڵایەکی لێبڕاوانە کە دەیان ساڵی خەیاند، فەرموودەناسان لەوپەڕی بیرتیژی و زرنگی و فراوانی مەعریفە و قولی دەرك و تێگەیشتنی خۆیاندا، پاش لێتوێژینەوەیەکی هۆشیارانە، فەرموودەکانیان لەڕووی



هێز و لاوازییەوە بۆ چەندین جۆر دابەش کرد، کە هەریەك لەوجۆرانە خودان خەسڵەت و وەسف و نموونەی خۆیەتی، جۆرەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

ساغ (الصحیح)- شیرین و جوان (الحسن)- لاواز (الضعیف)- پاڵدراو (المسند)- گەیەنراو (المتصل)- بەرزکراو (المرفوع)- وەستێنراو (الموقوف)- بڕراو (المقطوع)- نێردراو (المرسل)- پچڕاو (المنقطع)- ئاڵۆزاو (المعضل)- دەلەسە (المدلس)- دەردەدار (المعلل)- تێك شلەقاو (المضطرب)- تێبراو (المدرج)- دانراو (الموضوع)- هەڵگەڕاو (المقلوب)- بەناوبانگ (المشهور)- نامۆ (الغریب)- نامۆ و شکۆدار (الغریب العزیز)- بەزنجیرەهاتوو (المسلسل)- (الناسخ والمنسوخ)- گۆڕاو (المصحف)- جیاواز (المختلف)- (المؤتلف والمفترق)- و(المفترق) و جۆرگەلێکی دیکەش.

ئەوەی سەرەوە بەوشێوازە سانایی و ساکارییەی، کە لەلای خۆمان وێنای دەکەین بەدەست نەهاتووە، بەڵکۆ لەئەنجامی پرۆسەی کۆکردنەوە و بنکۆڵکردن و رەخنەگرتندا، کە گاریگەری و شوێنەوارەکەی لەسەر کۆکردنەوەی مێژوو و چیرۆك و گێڕانەوەکان رەنگدەداتەوە، پەیدابووە. ئەوەش وادەکات کە رێساکانی زانستی دپلۆماتیکی بەسەردا ببرێت.

لەم دواییانەدا یەك لە مامۆستا بەڕێزەکان وتارێکی بەنرخی لەیەك لەگۆڤارە عەرەبییەکان بلاوکردەوە[1] تێیدا تیشکی خستبووە سەر ئەنجامگەلێکی بەدەستهاتوو لەلایەن گروپێك لە زانایانی ئەوروپی پسپۆر لەلێکۆڵینەوە ئیسلامییەکاندا، کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەم بابەتە کردووە، سەرنجیان دابووە سەر ئەو راستییەیی کە(زانستی دپلۆماتیك) لەلای عەرەب و موسڵمانەکان لەژێر ناوی (مەرجناسی) ناسراوە. لەوانەشە وشەی بڕوانامە (Charter) یاخود Charte لەواژەی (مەرج- الشرط)ی، عەرەبی وەرگیرابێ و، سەرچاوەی گرتبێ.

---

(1) مامۆستا (موحەمەد خزر موحەمەد خزر)، باسەکەی لە گۆڤاری (الدارة) بەناونیشانی (زانستی مەرجناسی لەلای موسڵمانان و پەیوەندی بەزانستی بەڵگەنامەکانی عەرەبی)، ژمارە:4ی ساڵی یەکەم، 1395-1975ز، ص150-161.

لە دیارترین ئەو زانایانەی کەلەم بابەتە کۆڵیوونەتەوە: کلود کاهن، بیورکمان، قەرە باچیك، گروهمان، بیل، بیکەر، دیتریش و ئابوت[1].

**لێرەوە پێویستە دووبارە چاوبخشێنینەوە – لە دیدگایەکی دپلۆماتییەوە– بە مێژووی ئیسلامیماندا، بەتایبەتی مێژووی وەزارەت و دیوان و ئەرکەکانیان لە هەردوو سەردەمی ئومەوی و عەباسیدا.**

- **وەزارەت:**

قانونناسانی ئیسلامی و ئابووریناسانی سیاسی، وەزارەتیان لە هەردوو سەردەمی عەباسیدا بۆ دوو جۆر دابەشکردووە:

1- وەزارەتی دەسەڵات پێدان (رێپێدان).
2- وەزارەتی جێبەجێکردن.

**1- وەزارەتی دەسەڵات پێدان (رێپێدان):**

خەلیفەکان، بەوەزیرەکانیان لە جۆری یەکەم، گشت دەسەڵاتێکیان پێدەدان و سەرپشکیان دەکردن، کە بەگوێرەی بۆچوون وراکانی خۆیان کارەکانیان بەئەنجام بگەیەنن. بەمەرجی ئەوەی، کە خەلیفە ئاگاداری و زانیاری لەسەر کارەکانیان هەبێت.

**2- وەزارەتی جێبەجێکردن:**

وەزیرەکانی خاوەن ئەم دەسەڵاتە بەرفراوان نەبوون[2].

---

[1] ناوەکانیان لەچەپەوە:
Cahen (c.l), Bjorkman, Karabacek, Grohmann, Bell, Becker, Dietriech and Abbot

[2] بگەڕێوە بۆ: سید امیر علی، مختصر تاریخ العرب، وەرگێڕاوە بۆ سەر عەرەبی لەلایەن: عفیف البعلبکی، چاپی دووەم-بیروت، 1962، ص358-359.



- **دیوانەکان:**

هەروەها لە لێکۆڵینەوەمان لە دیوانەکان و ئەرکەکانیان وەکو دیوانی بالاّ (العزیز)، کە حکومەتی خەلیفە دەنوێنێ و، دیوانی خەراج (دارایی)و، دیوانی زەوی و زارەکانی سوڵتانی (الضیاع السلطانیة) (ئۆفیسی تایبەتی پاشایەتی)و، دیوانی سەرباز (الجند)و، دیوانی تێچووەکان (زمام النفقات) و دیوانی واژووکاری (التوقیع) و دیوانی نامەکان (الرسائل)(دیوانی داڕشتن و هۆنینکاری). گەر بڕوانینە هەر یەك لە دیوانەکانی واژووکاری و نامەکان وەك نموونە، دەبینین، ئەم دوو دامەزراوە و دەزگایە بەپلەو ئاستێکی گەورە لەڕووی گرنگی و بایەخەوە دێن.

*** دیوانی نامەکان:**

سەرۆکی ئەم دیوانە، دەکرێ بەگرنگترین رازگرەکانی دەوڵەت (سکرتاریەت) دابنرێ. کە بەنووسینی رێو رەسمەکان و بەڵگەنامەکانی کردنە والی (التولیة)و، گرێبەستەکان و نامە فەرمی وسیاسییەکان، مۆرکردنی بە مۆمی سوور بەئەنگوستیلەی خەلیفە هەڵدەستا. ئەوەش دوای رەزامەندی ئەو، یان وەزیر لەسەری. هەروەها سەرۆکی دیوانی نامەکان پێداچوونەوەی نامە فەرمییەکانی دەکرد و هەڵەچن و راستی دەکردەوە و بەئەنگوستیلەکەی مۆری دەکرد، یاخود لە کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکان ئامادە دەبوو. بە شێوەیەك تێیدا خەلیفە گوێبیستی داواکانی خەڵك و کاروبار و سکالاّکانیان دەبوو. بڕیارە پاشاییەکانی لەسەر تکاکردنەکان و داواکان دەنووسی. لە زۆربەی کاتیشدا دانەیەکی لەو بڕیارانە بەخاوەن سکالاّ دەدا و ئەسڵەکەشی هەڵدەگرت ولە دۆسییەکانی دەوڵەتدا دەیپاراست.

*** دیوانی واژووکاری:**

بەڵام دیوانی واژووکاری، کە بەدیوانی مۆرکاری سەردەمی دەوڵەتی ئومەوی دەچێ. تێیدا وەڵامی لەسەر نامە هاتووەکان بۆ خەلیفە دەنووسی و تۆماری

دەكرد و، بەمۆری پاشایی پەراوێزنووسی و مۆری دەكرد. بەدروشمی خەلیفە، یاخود بەئایەتێكی قورئانی پیرۆز دەڕازێنرایەوە[1].

### * دیوانی مۆركاری (خاتم):

بۆ ئاسانكردنی ئەركی پەیوەندیكردن لە نێوان خەلیفە و سەركاری ویلایەتەكان لەسەرتاپای ئیمپراتۆرە بەرفراوانەكەی لەلایەك و، قەلاچۆكردن ونەهێشتنی كردەكانی ساختەكاری لەلایەكی دی، خەلیفەی ئومەوی مەعاویەی كوڕی ئەبی سوفیان، دیوانی مۆركاری دامەزراند. هەموو فەرمانێك كە لەلایەن خەلیفەوە دەردەچوو دانە ئەسڵییەكەی لە تۆماری تایبەت تۆمار دەكرد و، دوایی مۆر دەكرا و بۆ لایەنی پەیوەندیدار دەنێردرا[2].

ئینجا با كەمێك هەڵوەستە لە هەمبەر بەڵگەنامەكانی ئیسلامی لە سەدەكانی ناوەڕاست بكەین. ئەوەی جێی دەمەقاڵێ و مشتومڕ نییە ئەوەیە، كە بەڵگەنامە بە گرنگترین سەرچاوە سەرەكییەكانی تێگەیشتنی مێژوو و راڤەكردنی دادەنرێت. جێی داخە بەڵگەنامە سەرەكی و ئەسڵییەكانی مێژووی ئیسلامیمان فەوتاون و بەهەدەرچوون و نەپارێزراون. گەر لەلامان پارێزراو بوایە دەمانتوانی بیخەینە ژێر ركێفی رەخنەوە. لە كەس شاراوە نییە، كە گرنگترین فاكتەری لە ناوچوونی، سەرباری كارەسات و جەنگەكان هەروەك نووسەر باسی دەكات: ((بایەخ نەدان بووە بە هەڵگرتنی ئەو بەڵگەنامە ئەسڵیانە و رێك نەخستنیان لەلایەنی دەوڵەتە ئیسلامییەكان لەماوەی ئەو سەردەمانەدا كە پێدا گوزەری كردووە. بەپێچەوانەی ئەو بار و رەوشەی كە لەلای دەوڵەتە ئەوروپییەكان فەراهەمبوو، لێرە واتە: بەڵگەنامە نووسراوەكان لە ئەوروپا ئامرازێكی سەرەكی و بنچینەیی بوو لە چەسپاندنی گشت مافە شەرعییەكان[3]. لەخۆش بەختیشە،

(1) المصدر نفسه، ص360.

(2) المصدر نفسه، ص181-182.

(3) الدارة، ص152.



كە هەندێ لە خانەكانی بەڵگەنامەی ئەوروپی لە بوندوقییە و جەنەوە و بیزا و ڤاتیكان و بەرشەلۆنە و پاریس، هێندێ لەو بەڵگەنامە ئیسلامیانەی ماوەی دوای كۆتایی هاتنی هەڵمەتەكانی خاچدروشمەكان لەمەڕ پەیوەندی نێوان دەوڵەتە ئیسلامییەكان و دەوڵەتە مەسیحییەكان لەلای خۆیان هەڵیانگرتووە و پاراستوویانە))[1].

كلود كاهن ئوستادی فەڕەنسی ئەو سەرچاوە ئیسلامیانەی لەبەڵگەنامەكان دەكۆڵنەوە بۆ دوو بەش، دابەش كردووە:

لەو سەرچاوە ئیسلامیانەی جێی بایەخە و شایستەی گرنگی دانە، بەرگی یەكەمی كتێبی (كۆمەڵە بەڵگەنامەكانی فاتیمە)ی، خوالێخۆشبوو (دكتۆر جەماله دین شیال)ە، كە كۆمەڵەی میسری بۆ توێژینەوەی مێژوویی لە ساڵی (1958) دەریكردووە.

1- بەشێكی پەیوەستە بەو بەڵگەنامە گشتیانەی Puplic Acts، كە لەلایەن دیوانی داڕشتن و هۆنینكاری (الانشاء) و دیوانەكانی تر كە لەسەردەمە جوداكانی ئیسلامیدا دروستبوون دەردەچوو وەك جێنشین (ولاية العهد)، دانانی وەزیرەكان، دادوەر، چاودێری دارایی (محتسبين)، بەڵگەنامەكانی دەربەگی (الاقطاعي). هەروەها نامە ئاڵوگۆڕەكراوەكانی نێوان هێزە ئیسلامییەكان و دەوڵەتەكانی ترو، پەیماننامە گرێدراوەكانی نێوان دوو لایەن. كتێبەكانی مێژوو، هەندێك لە كتێبەكانی داڕشتن و هۆنینكاری(الانشاء)، وێنەیەكی ئەو بەڵگەنامەنەیان بۆ پاراستوین، وێڕای ئەوەی ئەوانەی ئەم وێنانەیان لەسەرچاوە سەرەكییەكان بۆ گواستووینەتەوە، بەشێكیان لێی لابردووە، كە بەگرنگیان نەزانیوە و بە بێ بایەخ لەقەڵەمیان داوە وەك شێوازی دەست پێكردن و كۆتایی پێهێنان و مێژوو و بەروار و نیشانەكانی سەلماندن، بەڵام لەڕێگای بەراوردكردنی ئەم وێنانە بەو دانراوانەی مەبەست لێی فێربوونی هونەری داڕشتن و هۆنینكارییە، یان كتێبە هونەرییەكانی ترە، دەتوانین لەسۆنگەیانەوە تیشك بخەینە سەر زۆرێك لەڕێساكانی نووسینی بەڵگەنامە گشتییەكان.

(1) المصدر نفسه، ص154.

2- بەڵام بەشی دووەم لە سەرچاوەکان، کۆمەڵە دانراوێکە لە بارەی زانستی ((مەرجناسی))و، ئەوەی پەیوەندی هەیە پێوەی لە زانستەکانی وانەبێژی و تێنووسەکان (تۆمارەکان). خانەی کتێبە گشتی و تایبەتییەکان لەسەراپای ناوچە جیاجیاکانی جیهانی ئیسلامیدا ژمارەیەکی لەبن نەهاتوویان لەم دانراوانە (مؤلفات) بۆ پاراستووین. کۆنترین دانە لەوانەی لەبەردەستماندایە کتێبی ((جامع کبیر في علم الشروط))ی ئەبی جەعفەر تەحاوی (لە ساڵی 321 هـ مردووە)ە.

دیسان لە وتارەکەدا هاتووە: ((ئەم زانستە لە قوتابخانەی حەنەفی لە عێراق لە نیوەی سەدەی دووەمی کۆچی سەریهەڵداوەو، ئەبو جەعفەری تەحاویش یەکەم کەس نەبووە کە لەو بارەیەوە دانراوی هەبێت، بەڵکو بەر لەو ژمارەیەك لە مەرجناس هەبوون وەك ئەبی زەیدی شروطی و هیلالی کوڕی یەحیای ئەلڕای (لە ساڵی 245ه، مردووە) و بەکاری کوڕی قوتەیبە وهی دیکە[1].

هەروەها شێخی مەرجناس و بڕوانامەناس (ئەبوبەکر موحەمەد کوڕی عەبدوڵڵا سەیرەفی)، کتێبێکی لەمەڕ ئەدەبی دادوەری و مەرجناسی و بڕوانامەوە داناوە[1].

حاجی خەلیفە پێناسی زانستی مەرجناسی بەم شێوەیە دەکات: ((زانستێکە دەکۆڵێتەوە لەچۆنیەتی چەسپاندنی فرمانە (الاحکام) نەگۆڕەکان لە کتێب و تێنووسەکاندا لە لای دادوەر، بە شێوەیەك نارەزایی لەبارەیانەوە دروست بێ لەکاتی نەمانی شایەتحاڵەکانی. بابەتەکانیشی پێکدێت لەو ئەحکامانە لەڕووی نووسین و هەندێ ڕێبیری (مبادئ) وەرگیراو لە فقه و، هەندێکی تری لە زانستی داڕشتن و هۆنینکاری (الانشاو) و، ئەوی دی لەخوخدەکان و رسوم و کارە ئیستحسانییەکان. ئەوەی دوای (کارە ئیستحسانییەکان) لقێکە لە لقەکانی فقه

---

[1] الدارة، ص154.

[1] کشف الظنون عن اسامی الکتب و الفنون، للحاجی خلیفة، طهران، 1967، ص1046.



لەڕووی ڕێکخستنی واتاکانی هاوتەریب بەیاسا شەرعییەکان. کە کردوویانەتە لقێك لە لقەکانی ئەدەب بەوپێیەی بەشێکە لەجوانکردنی واژەکان)).

هەروەها زانستێکی تر (زانستی وانەبێژی و تێنووسەکان- علم محاضر والسجلات) پەیوەندی بە مەرجناسییەوە هەیە. ئەو زانستە (وانەبێژی و تێنووسەکان) زانستێکە تێیدا فۆرمی پێویست بۆ نووسینی حوکم دەخوێندرێت، ئەوەی لەلایەن دادوەرەوە دەردەکرێت لە سکاڵا و سەلماندنی لە تێنووسەکان دا، کە لەلای خۆی لە دیوانەکەی هەڵیدەگرێ و دەیپارێزێ.

نووسەری وتارەکە، چەندین نموونەی لە بەڵگەنامەی جیاواز کە مەرجناسان هێناویانەتەوە، هاووردووە. تێدا گرنگی و بایەخی لێکۆڵینەوەی ئەم زانستە لەکنەکردنی زانستی بەڵگەنامەکانی ئیسلامیدا دەخاتەڕوو[2].

---

[2] الدارە، ص155.

## ژێدەرەکان

### یەکەم: ژێدەرە عەرەبییەکان:

### ا- کتێب:

1- طه باقر، مقدمة في تاريخ الحضارات، (القسم الاول)، بغداد، 1955.

2- الحلقة الدراسية للخدمات المكتبية و الببليوغرافيا و التوثيق و المخطوطات العربية و الوثائق القومية (مطبعة جامعة دمشق، 1972)، وفيها بحث للدكتور عبداللطيف ابراهيم علي.

3- محمد احمد حسين، الوثائق التاريخية، مطبعة جامعة القاهرة،1954.

4- روبرت.ار.بالمر، تاريخ العلم الحديث، الجزء الثاني، ترجمة: د.حسن على الذنون و مراجعة: الدكتور جعفر خصباك، بغداد، 1964، (نشر المكتبة المثنى).

5- الدكتور سي.اي.ام.جود Dr. C.E.M. Joad في كتابه: المدخل الى الفلسفة الحديثة (بالانكليزية)، تعريب: الاستاذ كريم متي، مطبعة الرابطة، بغداد، 1950.

6- تاريخ اوروبا فى العصور الوسطى و الحديثة، بيروت، 1916.

7- سيد امير على، مختصر تاريخ العرب (بالانكليزية)، نقله الى العربية، عفيف البعلبكي، الطبعة الثانية، بيروت،1962.

8- الشكعة (الدكتور مصطفى)، مناهج التاليف عند العلماء العرب، قسم الاداب، دار العلم للملاين، بيروت، 1973.

9- الدكتور احمد امين، فجر الاسلام، الجزء الاول، الطبعة الثانية، القاهرة، 1933.

10- حاجي خليفة، كشف الظنون في اسامي الكتب و الفنون، الجزء الثاني، طهران، 1947.

11- ويست (انتونى)، الحروب الصليبية (بالانكليزية)، تعريب: شكري محمود نديم، بغداد، 1967.

12- الكتور جمال الدين الشيال، مجموعة الوثائق الفاطمية، المجلد الاول، القاهرة، 1958.



### ب- گۆڤار و رۆژنامەکان:

1- الخليج العربي، مجلة تصدرها جامعة البصرة، العدد:7، 1977.

2- الدارة، مجلة ربع سنوية تصدر عن دارة الملك عبدالعزيز في الرياض (المملكة العربية السعودية)، العدد:4، 1975.

3- اللسان العربي، مجلة يصدرها مكتب تنسيق التعريب التابع لجامعة الدول العربية، الرباط، (المملكة المغربية)، المجلد:3، 1968.

4- العربي، مجلة شهرية تصدر في الكويت، الكويت، العدد:203، 1975.

5- جريدة الثورة، بغداد، العدد:1338 في 1972/12/31، العدد:1343، في 1973/1/7.

### دووەم: ژێدەرە بیانییەکان:

1- Encyclopaedia Britanica. Edition 1957 & 1973.

2- Palmer (R.R.) & Colton (J.): A History of the Modern World, 4th Edition, New York (1971).

3- The Shorter Oxford English Dictionary (1965).

4- New Webester Dictionary of English Language (College Edition- Chicoga, New York, (1975).

5- Webester`s Dictionary, 2nd Edition, Cleavland & New York, (1957).

6- American Archivist, Vol. III, (1940).

7- Larrouss du xxe Siecle, Paris, (1931).

### سێیەم: وێنەکان:

وێنە بڵاوکراوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەم کتێب و سەرچاوانەی خوارەوە کۆپیکراوە:

1-Warner (Dr. George F.); assisted by: Illis (Henry J.): Royal and Other Charter in the British Museum, Vols.1, IV, London, (1903).

2- Easton (Dr. Stewart C.); Heritage of the Past from the Earliest Times to 1500, New York, (1963).

3- Robinson (James Harvey): Medeval and Modern Times. Boston, (1926).